کۆمەڵە چیرۆک

# وێستگەی نەمری



نوسینی: ئازاد پێنجوێنی

٢٠١٨

# وێستگەی نەمری

نوسینی

ئازاد پێنجوێنی

چاپی یەکەم

٢٠١٨

- ناوی کتێب: وێستگەی نەمری
- بابەت: چیرۆك
- نووسینی: ئازاد پێنجوێنی
- دیزاینی بەرگ : هونەرمەند سامانعوسمان .
- تایپ: کۆمپیوتەری بانوو
- هەڵەچــن : نووسەر
- چاپخانە: لە چاپخانەی زانا لە چاپ دراوە .
- ساڵی چاپ: ٢٠١٨– سلێمانی.
- تیراژ : ١٥٠٠ دانە
- چاپی : یەکەم
- نرخ : ١٥٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (1782) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

## لە بری پێشەکی :

بەنــدە چــیرۆك نــووس نیــە . . لەوانەیــە ســەر لــە چــیرۆك نوســیش دەرنەکەم . . ئاخر بۆیە وادەڵێم . . کە ئێوە نەڵێن ئەریٚ ئەم بەلاّیـە چـی نووسیوە . . وە نەکێشن بە ئەژنۆتاناو بڵێن . . ئەمەیە چیرۆك بەڕاستی عالە .. ئاخر من ئەم چیرۆکانەم بـە جۆرێك نوسـیوە هـیچ کـەس توشـی شۆك ناکات ، بەلاّم بیٚ شـك . . ڕێگایـەکی ئامانجدارمان پیشـان دەدات کە هەمووومان بگەیەنێتە دوا ویستگەی بیرکردنەوە.

دیــارە هــەر مرۆڤێــك هەڵــە نــەکات گەمژەیــە . . خۆشــبەختانە ئــەم چیرۆکانەی منـیش بـەدەر نیـە لـە هەڵـە . . کـە هـەم بـۆ مـن و بـۆ ئێـوەی خوێنەریش شتێکی باش دەبێت چونکە وامان لێدەکات زیاتر بـەدوای ڕاسـتیەکاندا بگـەڕێین. . هیـوادارم دوای خوێندنـەوەیان . . زوڵمـم لـیٚ نەکەن . . چونکە زۆر بـاش دەزانم . . گـەر هیچتان بۆ نەدۆزرێتـەوە . . منی پێداکوتن ئەوا پەنا دەبەنە بەر ئەوەی . .

ئەوە بەرگەکەی بۆ وا ناشرینە . . ئەوە ئەو فۆنتـە بـۆ وایـە . . ئـەو ووشەیە بۆ پەڕیوە . . ئـەم  چیرۆکەیان بـۆ وا کورتـە . دەخـوازم خۆتـان سەرقاڵ نەکەن بە شتی لاوەکی . . بەڵکو بەدوای شتە شاراوەکاندا وێڵ بن . . کە لە خودی هێلانەی ئەم نوسینانەدا بەدی دەکرێت.

ئـــاخر مـــن هـــەر دەنوســـم . . دڵنیـــابن کەســـیش چـــیرۆکەکانم نەخوێنێتەوە . . گرنگ ئەوەیە خۆم دەیان خوێنمەوە.

من بۆ نەکوشتنی کات هەر کات بەتاڵ بوبم . . بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە . . هاتوم هەر لە خۆمەوە چیرۆکێکم نوسیوە . . کە ڕەنگدانەوەی تەواوی واقعی ئەم سەردەمە بەرجەستە دەکات. کە ڕۆژانە هەموومان دەیبینین. . دواجاریش بە خۆم دەڵێم ئای لەوە بەڕاستی سەیرە . . چیرۆکیش دەنوسم . . تا ئەوەی ئەگەمە ئەو ڕاستیەی کە بڵێم . . هەر چۆن بێ بنوسم باشترە . . وەك لەوەی . . بەدەم چا خواردنەوەو جگەرەکێشانەوە . . بکەومە لێدانی ئەم و ئەوو.. یا زەم و زەم کاری . . یاخود کات بە فیڕۆ بدەم.

دەڵێن بۆ مەیسەر بوونی کاری پیاوخراپەکان . . ئەوەندە بەسە کە پیاو چاکەکان بێ دەنگی هەڵبژێرن.

ئاخر لەنێو چیرۆکەکانی مندا . . ئەوەندە کارەکتەری خراپ هەیە کە سەری مرۆڤی بەویژدان ئەئاوسێنێ.

بۆ نمونە . . بێ ویژدان . . بەرژەوەندی خواز . . بێ عەقڵ و نەفام . . درۆزن . . پولەکی . . ساختەچی . . هەلپەرست.

هەموو ئەمانە . . وایان کردووە . . بە ئاستەم مرۆڤە باشەکانتان بۆ ئەدۆزرێتەوە . . کەوایە وەرن با لە ڕیزی مرۆڤە باشەکاندا بین و . . . بەسەر مرۆڤە خراپەکاندا سەرکەوین.

چونکە دڵنیام بچینە ڕیزی ئەو خراپەکارانە . . ئەوا لە کۆتایی هەر چیرۆکێکی ژیاندا ڕێگایەك ون دەکەین و پەیامێك لەدەست ئەدەین .

. وەرن با نەبینە ئەو پیاوەی کە تاکە ئاواتی بەرژەوەندی خۆیەتی و خوازیاری دنیا کاول بوونە . . دەبا نەبینە ئەو مرۆڤەی بۆ دوو دەنك گوڵەبەڕۆژەی سوێرکراو . . مرۆڤێکی یاخی کرد . کە تا ئەم ساتەش سۆراخی نیە.

وەرن . . با بەدوای پەیامی ڕاستەقینەدا بگەڕێین . . نەك داماڵینی جوانی ژیان لە یەکتری . .

من ئەگەر یەکێك لەو چیرۆکانەم لە رۆژنامەیەکدا بڵاوبکەمەوەو لە ژێریدا بنوسم . . پایزی ١٨٩٢ سانت بترس بۆرگ بە قەڵەمی نوسەری مەزن . . لیوتۆڵوستۆی . . یەکسەر بێ خوێندنەوەی چیرۆکەکە ئەڵێن بەڕاستی ئەمەیە شاکار . . کەچی کە دواجار بۆتان دەردەکەوێت کە ئەمە چیرۆکی منە هەر لەخۆەوە دەکەونە سەروگوێلاکی و هەزار بڕو بیانوی بۆ دەهێننەوە بەس لەبەر ئەوەی لە نوسین ڕامگرن . . وامەڵێن . . وەرن بە دڵ بیخوێننەوە . سەرنج بدەن . . دروست کەر بن . . نەك ڕوخێنەر . . ئاخر بۆ ئەوەی ژیان جوانتر بکەین . . نابێ بۆ خۆمان بژین . . بەڵکو دەبێ بۆ کۆمەڵگا بژین. من دڵنیام هەر یەك لە ئێمە بێ کەموکوڕی نین ئەگەر تا ئەم ساتەش ئێمەش کەسانێك بین لەو جۆرە مرۆڤانەی کە ئامـاژەم پێدان و بەو شێوەیە بیرمان کردبێتەوەو هەڵسوکەوتمان کردبێت با تا ئێرەو بەس بێ. وەرن با لێرە بەدواوە هەوڵ بۆ جوانکردنی ژیان و چاککردنی خودی خۆمان بەین.

هەر لە خودی ئەم چیرۆکانەدا . . ویستگەیەکی ئارام و نەمری هەیە . . کە کەسانی خاوەن هەڵوێست و فیداکارو بەئەمەك و بەویژدان . . تیایدا بۆ ئەبەدی دەمێننەوەو تیێ ڕادەمێنن.

وەرن با هەموان ڕابمێنین . . بەرەو ئەو ویستگەیە هەنگاو بنێین . . تا پیێ ی دەگەین . . دڵنیابن زۆر دوریش نیە . . لە بەردەماندایە . . ئەگەر وا بکەین . . لە واتای ژیان تیێ دەگەین و هەموان نەمر دەبین. ئاخر با نەبینە هۆکاری ئەوەی بەردەوام ملی یەکتر بشکێنین. وە با نەبینە ئەو مرۆڤەی کە هیواو ئاواتی مل هەڵکێشانی باڵندەو پشیلە بوو . . هیواو ئاواتی ئێوەش . . ئەوە نەبیێ . . ملی چیرۆکەکانم هەڵبکێشن . . وە دەخوازم نەبینە ئەو مرۆڤەی کە ناخی بۆگەنی کردبوو . . پێویستی زۆری بە پاکبوونەوە هەبوو.

کەچی کە باران دەباری . . دەچووە پەناو پەسێرەکان بۆ ئەوەی تەڕ نەبیێ.

با ببینە مرۆڤانێك کە هیواو ئاواتیان تیێ ڕامانە لە جوانیەکانی ژیان . . بەختەوەری . . سەرکەوتویی . . تا دەگەینە مەنزڵی هیواکان و هەنگاومان بەرەو وێستگەی نەمری بکەینە دواین ئامانج.

سەرکەوتوبن

ئازاد پێنجوێنی

بەهاری ٢٠١٨

## کەرنەڤاڵی پیاوە بچوکەکان

سەر لە ئێوارەی ٢٤ی مانگی حەوتی ساڵی ١٩٦٥ کاژێر حەوت. ژنێکی ڕەسەن و پڕشکۆ لەوادەی خۆیدا بوو کە منداڵێکی جیاواز بێنێتە دنیاوە.

ئێوارەیەك . . باران نمە نمە دەباری و کوچەو کۆڵانەکانی بە تەواوی تەڕ کردبوو . . هەموو جێگایەك . . تەڕو پاراو . . چ بارانێك . . سکاڵای زامی ناخی مرۆڤی دەسڕیەوە . . ئەوەندە بێگەردو هێمنانە . . تکەکانی ئەیدا لەسەر زەویەکە .

ئاوی بارانەکە . . لەنێو جۆگەلەی کۆڵانەکاندا کۆدەبونەوەو بە قافڵە خۆیان دەکێشا بە دیواری خانوە گڵینەکاندا . . کاتێکیش بە خێرایی بەری دەکەوت . . دەتوت ترپەی لێدانی دڵە . . وا بە حەسرەتەوە دەنگی دێت.

ئەم ژنەش ڕێك وەك قافڵەی ئەو ئاوە . . لێدانی دڵی بەو جۆرە بوو. ئاخۆ . . ئەم منداڵە . . کەلەدایك بوو چ ئاوازێکی ژیان دەخولڤێنێت.

ژنێك . . کە بەردەوام بە تێڕامانە نامۆکانی . . ژوانی دادەنا لەگەڵ تکەی باراندا . . بۆ ئەوەی بە پاکی و بێ گەردی ڕۆحی بسپێرێت بە بەختەوەری .

بەڵێ . هاوسەری ئەم ژنە نازدارە . . پیاوێك بوو بە مامۆستا عومەر بانگ دەکرا . . گەڕەکێکی کش و مات .

ئەو کۆڵانەی ئەمانی تێدابوون . . ئەو ئێوارەیە بێ دەنگیەکی نامۆ باڵی بەسەردا کێشابوو . . جگە لە ئاوازی ژەنینی کەمانچە نەبێت کە لە دوورەوە بە ئاستەم بەر گوێ دەکەوت.

مامۆستا عومەریش هەر وەك ژنەکەی لە چاوەڕوانیدا بوو . . پێ دەچوو هەردووکیان لە چاوەڕوانی هاتنی مامانەکەدا بن . . بە ژوورەکەدا دەهاتن و دەچوون .

عومەر جار جارەش زەردەخەنەیەکی دەکرد بۆ ژنەکەی بە مەبەستی خۆڕاگری ئەو .

چرا فتیلەکەی هەڵگرت و هێنایە سەر تاقی پەنجەرە دارینەکەی کۆڵان . . تیشکی چراکە بڵاودەبوەوە . . ئەیدا لە دیوارە تەڕبوەکەی ئەوبەریان . . لەگەڵ تکەی بارانەکەدا بوبونە تابلۆی سروشت . هەر دەدوت تابلۆ سروشتیەکانی نەورەسی یە.

کاك عومەر بەو دیمەنە زۆر سەرسام بوو . سەری زیاتر هێنایە ناو پەنجەرەکەوە بە بارانی دەوت . . هەر کاتێك خۆشەویستیت دەبارێت بەسەرتاپای لەشمدا نزا دەکەم و تێ دەفکرم . . بەڵکو چاوەڕوانیم بۆ سۆز کەیت و رۆحم وێنابکەیت بە تەڕبونت .

عومەر چەند جارێك ئەم ووشانەی دەوت . . تکەی بارانەکەش جار جارە ئەیدا لە شوشەی پەنجەرەکەو ڕیتمێکی خۆشحاڵی بونی لەنێو سەدای دەنگی عومەردا بەرجەستە کردبوو.

هەموو ئەمانەش هەستێكی جیاوازی لا دروست كرد.

تەواو هەستی بە ئاوازی كەمان دەكرد . . گوێ ی نوساند بە شوشەی پەنجەرەكەوە . . بە كاوەخۆ بە ژنەكەی وت . .

نازدارەكەم . . زۆر دڵم خۆشە . . تۆش وایت . . سەیرە چاو دەگێڕم بەم سەرو ئەوسەری كۆڵانەكەدا هیچ كەس نابینم . . ئەی ئەم ژنینی كەمانچە چی یە . . وەرە گوێگرە . . بزانە چ ئاوازێكە . . ناخ دەهەژێنێت.

ژنەكەی هاتە بەر پەنجەرەكەو بە تەنیشت هاوسەرەكەیەوە وەستا. . چاوی بڕیە كۆڵان.

لە جامی پەنجەرەكەوە چەند درزێك هەبون . . جار نا جارێك تكەیەك لە ئاوی بارانەكە بەر ڕوخساری هەردوكیان دەكەوت . لە ئاسمانیشەوە ئەستێرەی كۆچەری دەركەوتبوو . . خۆی دەگەشاندەوەو سەرتاپا ئاوێتە بوبوە نێو پەنجەرەكەو . . ئەوەندەی تر سیمای هەردوكیان بێ گەردی ئەینواند.

ژنەكەی هەناسەیەكی ئارامی هەڵكێشاوو . بە عومەری وت . .

سەرسامیمان لە چاوەكانمانەوە دیارە .

ئەو ڕەنگەی لەبەری ئەو بارانەوەیە . دڵنیامان دەكاتەوە كە بەم زوانە كەسێكی جیاواز دێتە بوون.

دەنگی ئاوازی کەمانچە تەواوی کۆڵانەکەی پڕکرد. ئاوی بارانەکەو سەر زەویەکە قافڵەیان بەستبوو لە شوێنێکدا کۆبوبونەوە . . هەر تکەیەکی کە بەری دەکەوت دەبوە کەمانچەیەك.

هەردوکیان تیٚ ڕامانیان گەیشتبووە دوا ئامانج .

ژنەکەی بە هێواشی کێشای بە شانی عومەرداو . . پیٚ ی وت

خۆشەویست . . ناوی بنێین چی ؟ . .

مامۆستا عومەریش . . بە زەردەخەنەیەکەوە وتی . .

ئەی بیرت چوو بەڵێنمان دا . . یەکەم کوڕمان ناو بنێین کارزان و دووەمیش فەرمان .

ژنەکەی . . بە روخسارێکی پڕ لە بەرائەتەوە . . وتی . . ئۆو . . ڕاست دەکەیت . . کەوایە بە هاوڕێیەتی باران و دەنگی ناوازەی ئەو ژەنینی کەمانچە نامۆیە . . کارە گیان دێتە دنیاوە.

لەپڕ گوێبیستی گۆرانی بوون . . لەوسەری کۆڵانەکەوە . .

گۆرانیەکان سەدایان بەرزتربوو . . ئاوازی کەمانەکان بوبونە دوا ویستگەی ئارامی ئەو کۆڵانە . . تەواوی ئەو پەنجەرەیە کە هەردوکیانی تیادا وەستابوون بیٚ جوڵە . . تابلۆ ئاساکەی ڕامیرانت ئەی نواند.

ژنەکەی . . بە عومەری وت . . سەیرە ئازیزەکەم هەست بە ئازار ناکەم . . ئەو هەموو شادی و کامەرانیە چی یە . . ئەم ناوەی تەنیوە .

. کـەمێك لەبـەردەم پەنجەرەکـە دورکەوتـەوەو . . وتـی . . مـن دەچـمە شوێنی خۆم . . دەبێت ئامادەکاری بۆ کارە گیان بکـەین . . تکایـە . . تەواوی مۆمەکان دابگیرسێنە .

ئـاوازو نەغمـەی گۆرانیەکـە تـا دەهـات نـزیکتر دەهاتـە پێشـوازی گوێیە تەڕبوەکانی ئەم ژن و پیاوە پڕ لە چاوەڕوانیە.

دیسـانەوە ژنەکـە هاتـەوە بـەر پەنجەرەکـە بـە حەسـرەتەوە گـوێی نوساند بە گوێی عومـەرداو هـەردوکیان ئاوازی . . خوایـە وەتـەن ئاوا کەی . . چەند دڵ گیرو شیرینەیان بەر گوێ کەوت .

سـات نـا سـاتێ بـێ دەنگـی بـاڵی دەکێشـا بەسـەر تـەواوی ئـەو تابلۆیانەی کە لە نێو پەنجەرەکەوە دەیان بینی و ئەوان غـەرق بووبون لە ئومێدو کامەرانی و سەرنجیان بۆ ئەو کەرنەڤاڵەی کۆڵان بوو.

دووبارە بە دەنگێکی زوڵاڵ و غەمگین . . دەهاتە بەر گوێیـان . . کە دەیـانووت . . ئـاوی کاوسـەرە . . خـاکی گەوهـەرە . . پـڕ لـە گـوڵ و نەسرینە .

هـەردووکیان . . چـاویان لەسـەر کۆڵانەکـە بـوو . . تامـەزرۆی ئـەوە بوون بزانن کێ ئەم ئارامیەی بۆ هێناونەتە بوون.

بارانەکـەش بـەدەم ئـاوازی ئـەو کۆرسـەوە هـەر تنـۆکێکی هێـواش ئەیدا لەسەر زەویەکەو ئیقاعێکی ژیانیان بەرجەستە دەکرد.

دەنگی ئاوی نێو جۆگەلەکە گۆڕا بۆ سەمفۆنیای بەختەوەری .

تەنانەت ئەو شنە بایەشی ئەیدا لە درەختەکان لە جوڵە کەوتن و لە چاوەڕوانی ئەو کەرنەڤاڵی لەدایك بوونەدا بوون .

دەنگەکان نزیك تر بونەوە . . هێمن . . هێمن .

گۆرانی ئەریٚ لەیلیٚ . . ئەریٚ لەیلیٚ . . یان دەوت .

ئاوازێکیان ساز کردبوو . لە ئالەتی کەمانچەو ئۆکۆردیۆن . . ناخی دەهەژاند . . سۆزو مهری . . دەگەیاندە ترۆپك.

ئەوەندە کاریگەر بوو .

هەناسەی پاکی هەردوکیان . . ئەیدا لە پەنجەرە تەڕبوەوەکە.

تەواوی تەمەکەی نەدەهێشت و زۆر بە جوانی و ویقارەوە کۆڵانەکەیان بەدی دەکرد.

تا ئەوەی کۆرسەکە نزیك بوونەوەو لە نزیکی پەنجەرە دارینەکەوە وەستان . . بەدەم گۆرانی.

وا وەتەن خەملیوە . . وەك گوڵ . . نەوبەهاری میللەتە . . یان دەوتەوەو یەکی چڵێك گوڵی ئەرخەوانی بەسەر یەخەیانەوە بوو.

هەردووکیان بە دیتنی ئەم دیمەنە زۆر شادمان بوون.

سەریشیان سوڕمابوو . . لەم کەرنەڤاڵەی کە بە هاوڕێیەتی باران سازدرابوو . . بۆ ئەمان.

عومەر تاکێك لە پەنجەرەکەی کردەوە بۆ ئەوەی باشتر بیان بینێت .

چاوی دەگێڕا . . دوو کەسی دلۆڤان و پڕ داهێنانی بینی .

که کەمانچەیان دەژەند . . ئاوازێکیان له رۆحی خۆیان بنیات نابوو . . تەواوی دڵه حەسرەت بوەکانی سەراسیمه دەکرد.

عومــەر زەردەیــەك گرتــی و . . پــیٚ ی وتــن . . ســڵاو . . ئــەی نەمرەکان هەرگیز بیر لـەوه نەکەنـەوه . . کـه لـه یادتـان بکـەین و بیرمـان بچنەوه. چونکه دڵمان ناهێڵێت و هەنسکمان بۆ فیداکاری ئێوه دەبێتـه رۆندك . . ببورن . . خۆتان نەناساند.

یەکــەمیان . . بــه ڕویــەکی گەشــەوه . . پارچــەیەك لــه ئــاوازی بەختەوەری ژەند به کەمانەکەی . . زۆر به هێمنی و به ئەدەبەوه پێـی وتن . .

مـن . . دلێـر ابـراهیم م . . . ناڵـەو ئـاگرێکی گـەوره لـه دەرونمـان بـەربوه . . بـۆ ژیـان . . تـەنها بەیـەك شـت سـاڕێژ دەبـیٚ . . ئـەویش . . فێرکردنی تواناکانمانه بۆ چاو گەشەکانی . . ئایندەی خەمەکان.

ژنەکەی کاك عومەر . . ئەوەندەی تر به بیستن و بینـینی ئـەم پیـاوه خۆش حاڵ بوو . . بۆیه هەناسەیەکی هەڵکێشاوو پیٚ ی وت . . هەندیٚ جـار . . هـەمومان . . ئەوەنـده بەرگـەی خـەم و ئازارەکـان دەگـرین . کـه چیاش بەرگەی ناگریٚ.

بەڵام دڵنیـام به بادانی خـەمی ئێـوه هەتوانەکـەی ئـەو ئاوازەیـه کـه ئێوه دەیخوڵقێنن.

عومەر بە دووەمیانی وت . . ئەی تۆ فیداکاری هەنگاوە پڕ شکۆ و سەختەکان . . تۆ کێیت ؟

ئەمیش پارچەیەك لە ئاوازی نەمری ساز کردوو پێشکەش بە هەردوکیانی کردوو . . وتی . .

ناوم . . ئاراس ابراهیمە . . من و دلێری برام یەك خەونمان هەیە . .

عومەر لە پڕێکدا سەری گێژی خوارد . . هەناسەی بۆ نەدەدرا. تاکی پەنجەرەکەی تری کردەوەو بە تەواوی سەری بردە ناو پەنجەرەکەوە.

لە پشتی ئەو گروپەوە بە دوری چەند مەترێك دوو منداڵی بینی. کە یەکێکیان کەمانچەیەکی بەدەستەوەبوو . . ئەوی تریان ئۆکۆردۆنێك . . وە هەردوکیشیان دەستی یەکتریان گرتبوو.

پێ دەکەنین و بە ڕویەکی خۆشەوە دەستیان بەرز کردەوە بۆ مامۆستا عومەر . . سڵاویان لێ دەکرد . . تکەی بارانەکەش بەر ئاڵەتەکانیان و سەرو سیمایان دەکەوت کە ببونە وێناکردنی رۆحی . . زامداری لێدانی دڵیان و رۆحی پاکیان.

عومەریش . . بە بینینی ئەوان هاتەوەسەر خۆی و بە نەرمیەکەوە سڵاوی لێ کردن و ووتی . . دەی . . با ناڵەو رەنگ و ئاوازی ئێوەش بێتە بەر گوێمان.

هەردوكیان دەستیان كرد بە ژەنین . . ئاوازی ژیانیان بەجەرستە كرد . . ئاوازێك . . بۆ نەمری . . بەڵام پڕ لە ئەشكین و بێ هودەیی . لە چاوانیانەوە هەست پێ دەكرا كە شتێكی نامۆ ڕوو دەدات . . ئەوان بەردەوام بوون.

تەواوی ئەو كۆرسەو ئەو دوو پیاوە . . جیاوازە . . مامۆستا عومەرو ژنەكەشی لەگەڵدا بێ . . دەگریان .

بارانەكە . . بە ڕێژنە دادەباری . . تكەكانی هەر دەتوت بۆ شوێنێكی نادیار دەڕۆن. درەختەكان كەوتنە سەماوو . گەڵاو لق و پۆپەكانی ماخۆلانیان تێ كەوتبوو.

ئەو منداڵەی كەمانچەی پێ بوو . بە دەم ژەنینەوە بە هاوارە دەیوت . . تكایە بگرین . . فرمێسك سودی هەیە . . خەم هەڵدەگرێ و . . چاوەكان ماندوێتیان دەردەچێ.

بێ دەنگی دیسانەوە دروست بوو . . دەنگی ئاوازی مۆسیقا نەما.

بارانەكە خۆشی كردەوە . . زۆر ئارام . . ئەو كۆلانە . . هەر دەت وت گۆڕستانە .

تا ئەوەی . . مامۆستا عومەر . . بێ دەنگی شكاندو بە هەردوو منداڵەكەی وت . . تكایە ناوتان بڵێن .

هەردوكیان وتیان . . چاك دەزانین . . تەمەن دەڕوات و لەگەڵ ئێمە پێچەوانە دەبێتەوە . . ئاخر ئەوە ستەم نیە لێمان دەكرێت . . كە

بەخت یاوەرمان نابێت بۆ بەردەوامی ژیان. تا ئەوەی . . لە دوا ویستگەی ئارامی تەمەنی خۆمان سات بە سات بژمێرین . . بەڵێ . . ئێمە ناومان . . کارزان و فەرمانە. . هاتوینە ئەم دونیایە تا بە ئاواز و داهێنانەکانمان گوڵانی نێو هەموو باخچەکانی ژیان بدەین لە یەخەی مرۆڤە نەمرەکان.

مامۆستا عومەرو ژنەکەی سەیرێکی یەکتریان کردوو ساتێك ڕامان .

عومەر . . وتی سەیرە . . ئازیزەکەم . . ئەوانە کێ بن . . ئەی هاوار دڵم خورپەی دێت . . لەلایەك دڵم خۆشەو . . لە لایەکی ترەوە هەست بە خەمباری دەکەم.

ژنەکەی بە هەنسکی گریانەوە . . وتی . . بڕوا بکە . . منیش هەمان شتم لێ بەسەرهاتووە . وا خەریکە ڕادەی ئارامیم لەدەست ئەدەم.

تا ئەوەی لە سینەمدا خۆشی و شادی و شیوەن هەستی پێ دەکرێ. ڕوی کردەوە منداڵەکان و بۆیان پێ دەکەنی و . . جار جارەش دەگریا بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات.

لە ژێر لێوەوە . . وتی . .ئای . . دڵ و هەناوم . . ئەوە ئێوەن . . دەی وەرن . . با لە ئامێزتان بگرم و گۆشتان بکەم. . دایە پڕمەی گریان و ناو پەنجەرەکەی بەجێ هێشت.

مامۆستا عومەریش تاسابوو . . کە گوێ ی لە ناوی کارزان و فەرمان بوو. . بەردەوام سەیری ئەو دوو منداڵەی دەکرد. . تا ئەوەی فرمێسك لە چاوی هات و تەواوی سەرتاقی پەنجەرەکەی تەڕ کرد . . بە خێرایی بەردەم پەنجەرەکەی بەجێهێشت.

ئەو دوو پیاوە داهێنەرەش . . سەیرێکی یەکتریان کردوو لە چاوانیانەوە ئایندەی ئەو دوو منداڵە بەرجەستە بوبوو. تا ئەوەی دلێر ئیبراهیم بە خۆی و کەمانچەکەیەوە چووە نزیك ئەو دوو منداڵەوەو پێ ی وتن . .

گەڕانەوەی شادیەکانی چاوتان بۆ ئایندە غەمباری کۆمەڵگا ساڕێژ دەکات . . جودایی و ناڵەو هەنسکی ئاوازی ئالەتەکان . سروشت دێنێتە سەما . . کەوایە هاتوین تا لە تەك ئێمەدا بێین و زیاتر فێر بن لە ئاوازی ژیان . . دەی بەختەوەرەکان . . وەرن بەدواماندا . . ساتە ڕەنگاڵەییەکان لە چاوەڕوانی ئێوەدان .

هەردوو منداڵەکە دوای ئەو دوو پیاوە دەگمەنە کەوتن . . باران دوبارە دەستی کردەوە بە بارین.. بەڵام ئەم جارەیان جیاواز تر . . هەر تکەیەکی سەمفۆنیایەکی پیرۆز کردنیان بۆ نەمری ئەوان پیرۆزتر دەکرد. وە بەدەم ئاوازی کەمانەوە بە سەدا هەموان گوێبیستی ئەوە بوون . . لە کوێ بێنم جەحێلی بڵند بفڕێ . . لەوێندەرێ لەوێندەرێ . . پیرۆزبێ هەتا دەمرێ.

شنە بایەکی ئارام هەڵی کرد. لە باگراوندی پەنجەرەکەوە ڕوناکی مۆمەکان چراخانێکی بەخشیبوو بە تەواوی ئەو ژوورە. . هەر دەتووت جێ نزرگەی شای و لۆغانە .

سەمفۆنیایەکیان لە ژیان و مەرگ ساز کرد . . هێدی هێدی لەگەڵ هەر تکەیەکی بارانەکەدا هەنگاویان دەنا . . تا بە تەواوی لە پەنجەرەکە دوورکەوتنەوەو تەواوی ئەو کۆڵانە پڕبوون لە ئاوازی نەمری.

مامۆستا عومەریش بڕستی لێ بڕا . . هەر بۆیە بە هەڵەداوان هاتە ناو کۆڵانەکەو دوایان کەوت . . بەڵام چاوی پێ نەکەوتنەوە.

زۆر غەمبار بوو . . کەوتە سەر ئەژنۆو . . دەستی کرد بە گریان . گریانێك کە بە هیچ شادیەك ئارام نەدەکرایەوە.

سەری بەرزکردەوە . . ڕوخساری . . تەڕ . . تەڕ . . دەتوت . . ئاونگی سەر گەڵاکانە . . بە غەمباریەوە وتی . .

چلۆن . . دوریتان بەیان بکەم بۆ گێتی .

هەناوم . .لەت لەت بووەو . گەروشم کپ و نوساوە.

بۆ دەهێڵن . . نامۆیی . . بم توێنێتەوەو نامۆترم کا بە ژیان.

ئێوە لە کوێن . . تکایە . . ئاخر دنیای من دەبێتە دارە مەیت. گەر نەیەنەوە. بۆ ئەم کەرنەڤاڵی بەر بارانە. . فرمێسك لە چاوانی دەرکەوت.

گویَ ی هەڵخست . . دیسانەوە گویَ ی لە دەنگی ئاوازی کەمانچە بوو . کە ئاوێتە بوبوو لەگەڵ گریانی منداڵێکی تازە لەدایك بوودا.

هێدی هێدی بە کۆڵانەکەدا هەنگاوی دەنا . .

چەند ئاوازێکی گۆرانی مێشکیان پڕ کرد . . کە لە هەر لایەکەوە گوێبیستی . .

چەند شیرینە لام . . داروبەردی وەتەنم . . جار جارەش ئاوازەکە دەگۆڕا بۆ . . ئەریَ لەیلیَ . . ئەریَ لەیلیَ . . ئاه . . ئاه . . عومەریش لە دوایین کۆپلەدا. ئاهێکی هەڵدەکێشاو فرمێسکێکی لە چاوەکانی دەسڕی.

لە دەرگای پشتەوەی ماڵەکەیان بە هەڵەداوان چووە ژوورەوە بانگی ژنەکەی دەکرد . . ئازیزەکەم . . نازداری من بۆ دەنگت نیە تۆ لە کویَ ی . . چاوەڕوانی ئەو منداڵە . . بڕستی لیَ بڕیوم. . تکایە تۆ لە کوێی نازدارەکەم . . ئاخر پێم ناڵێی ئەم ماڵە بۆوا چۆڵە . . ئای خودایە رێك ئەڵێی خەراباتە .

بە هێواشی هاتە نێو پەنجەرەکەوەو خۆش حاڵی بە ڕویدا دەرکەوت . . چی ببینیَ . .

منداڵێکی لەدایك بوو . . بە بەرزیەوە . . لەسەر دەستی دایکی لە چاوانیەوە . . داهێنان . . ژیان . . هەوڵدان بەدی دەکرا.

لـەجیاتی تکـەی بارانەکـە . . کەمانچـە بەسـەر سـەریدا دەبـاری. ئاوازێکی خۆش نودی . هەموو کۆڵانەکەی پڕکردبوو.

تاکی پەنجەرەکەی کردەوەو بە ژنەکەی وت . . سلاو خـاتونی مـن . . دواجار کارە گیان لەدایك بوو.

ژنەکەی . . بە دەستەکانی یاری بە منداڵەکە دەکردو هـەڵی ئـەدا بۆ بـەرزی و . . گـۆرانی . . کۆرپـە شـیرینەکەم . . کـارەی مـن . . ڕۆح و جەستەو هەناوی من . . بڕوانە بۆ بارانی بەختەوەری دەوت .

ئـەو منداڵــەش . . بــە زەردەخەنــەوە . . ســەیری کەمانچــەکانی دەکـردوو بـە دەسـتەکانی ئەیکێشـا بـە کەمانەکانـدا. . هـەر ئیقـاعێکی دەبوونە ئاوازێکی نەمری بۆ مرۆڤایەتی.

عومەریش . . چەندین مۆمی تری داگیرساند .

هەردوو تاکی پەنجەرە دارینەکەی کردەوە . . .

ئەو ناوە . . پانتاییەکی مەزنی لە ڕوناکیدا داگیر کرد . .

هـەردوکیان سـەیرێکی یـەکتریان کـردوو ڕوویـان کـردە منداڵەکـەو بەیەك ڕیتم وتیان . . خۆشمان دەوێیت . . کارە گیان .

دایانە قاقای پێکەنین . . کە دەنگیان دەگەیشتە تەواوی شار .

بەڵێ . . کارزان لەدایك بوو . . ژیانێك بەرجەستە بوو . .

ئـاوازێکی تـازە خـولقێنرا . . هــەموو شـتێك بـە ڕێـڕەوی ئـارامی گوزەری دەکرد. .

تــا ئــەوەی . . ســالّێکی بەسەرداچــوو . . لــە هــەمان کەشــی باراناویداو تیٚ ڕامان . . لەنێو ئەو پەنجەرەرەوە . . بۆ ژیان .

کوڕێکی تریان پیٚ بەخشرا . . کە کاکە فەرمان بوو . .

ئـەم دوو منداڵـە جیـاوازە . . تەنانـەت لـەنێو کوچـەو کۆلانـەکان و شاریشــدا جیــاواز لــە هــەر مرۆڤێکــی ســەردەم بــوون . . ئــەوان بــەو بچـوکیەیانەوە لــە خەوەکەشـیاندا . . وشـیار بـوون . . ئـەوان هــەموو عەسرێك . . بە دیار شالورەکانەوە . . ئاوازی تازەیان دەخولّقاند.

تــا ئــەوەی . . شــاکاری بــەیتی ڕێزانکێیــان . . کــردە خــەلاّتی هەمیشەی لێهاتوویان و دایان لە گەردنی نەمری . . بۆ ئاوازەکانیان .

هەموو شتێك بە دۆخێکی باشدا ....تێدەپەڕی .

کــارزان و فــەرمان و هاوڕێکــانی . . . بــە یــاوەری . . دوو پیــاوە ناوازەکە . کاکە دلێر ئیبراهیم و کاکە ئاراسی برای . . خەریکی ئاوازی ژیـان بـوون . . کاریـان دەکـرد بـۆ داهێنـان و تـیٚ ڕامـان لـە سروشـت . . گەڕان بەدوای راستیەکانداو لەدایك بوونی ئاوازێکی نویٚ .

تا ئەوەی رۆژێك لە رۆژە شومەکانی سالّی ١٩٧٦ لە ئێوارەیـەکی نامۆ و شومدا . . تەواوی ئەو کۆلانـەی ئـەمانی تێدابوون تـاریکی بـالّی بەسەردا کێشا .

باهۆزێکی توندو بێ زارکەر هەڵی کرد . . گەڵاو گوڵی بە درەختەکانەوە نەهێشت . . تەنانەت سەر زەوییەکە بوبووە بیابان و لە هەرلایەکەوە دڕك و داڵ سەری دەرهێنابوو.

ئاسمان ڕەش داگیرسابوو . . لەجیاتی بارینی باران و هاتنە خوارەوەی کەمانچەکان ..غەزەب دەباری.

ڕوداوێك دروست بوو تەنانەت ئاسمانیشی توڕەو بێزار کرد. تەواوی مۆمەکانی کوژانەوە . . شوشەی چرا فتیلەی بەردەم پەنجەرە دارینەکە پارچە پارچە بوو . روناکیەکەی خامۆش کرد.

چاو چاوی نەدەبینی . . کۆڵانەکە حەشاماتێك بوو هەر مەپرسن. تەنها دەنگی ئەو خەڵکە دەهات بە بەرزی کە هاواریان دەکرد هەموو کەمانچەکانی شار تێك شکان . . ئاوازەکان سڕانەوە. . لەگەڵ هەموو ئەمانەدا چەند بایەقوشێکیش بەسەر دار تەلەکانەوە بە دەنگێکی بێزار کەر دەیان خوێند . . جارچی شار بە توندی دەیکێشا بە تەپڵەکەیداو . . بە شاردا دەگەڕاو هاواری دەکرد . . دوو منداڵە جیاوازەکەمان لەدەستدا . . کارزان و فەرمان و هاوڕێکانیمان لەدەست چوو . . تکایە پرسە مەگێڕن . . چونکە ئەوان نەمرن . . تکایە خەم داتان نەگرێت . . چونکە ئەوان بەیتی ڕێزانێکی یان بۆ بەجێ هێشتوون . . بەڵێ . . کارزان و فەرمان و هاوڕێکانی . . نەمردون . . لە ئاسمانیشدا ئاوازمان بۆ ساز دەکەن و دڵنەوایی خەونەکانمان دەبن . . تکایە هەموان سەر

نـەوی بکـەن بـۆ ئالەتـەکانیان . . بـۆ رۆحـی پاکیـان . . بـۆ هـەوڵ و کۆشش و داهێنانی نەبڕاوەیان.

بە پاکی و بێ گەردی هەنگاویان هەڵگرن و ڕۆژانە سەردانی ئەم قوتابخانە بچوکەیان بکەن . . ژوانێکی ئەبەدی دروست بکەن لە تەکیاندا . . تا ئەوانیش بە ئاوازی ژوانەوە ڕێنمایمان بکەن بۆ داهێنان.

لە چاوتروکانێکدا ئەو کۆڵانە چۆڵ و هۆڵ بوو . . جگە لە قیڕە قیڕی بایەقوش هیچی کە نەدەبیسترا.

مامۆستا عومەر و ژنەکەی . . بە هەنسکی گریانەوە . . هاتنە بەر پەنجەرەکە . . بەڵام ئەم جارەیان بێ چراو بێ داگیرسانی مۆمەکان سەیری کۆڵانەکەیان دەکرد . . جگە لە چەند ئالەتێکی تێکشکێنراو . . چاویان بە هیچی دی نەدەکەوت. تەنانەت چاویان بە تنۆکێك باران نەدەکەوت. کە وێنای تەڕبوونی خەمەکانیان بکات.

بەدەم هەنسك و ئازارەوە . . هەریەکەیان دەستی دایە تاکێکی پەنجەرەکەو بە تەواوی دایان خست . . تەواوی ئەو کۆڵانەو ئەو خانوە بوە تاریکستان.

ئەوە چەندین ساڵە . . بۆ تاکە جارێکیش ئەو پەنجەرە دارینەیە نەکراوەتەوە تا لەو دیوەوە ژیان بەدی بکرێت . . بەڵام هەمیشە ڕێبواران کە بەو کۆڵانەدا ڕەت دەبن ئەوە ناشارنەوە کە جار جارە لەنێو

ئەو پەنجەرە دارینەیەی سەر کۆڵان گوێبیستی ئاوازێکی تازەی کەمان و ئۆکۆردۆن دەبن. . کە لەو خانوەدا . . دەنگی دێت .

ئەوەندەی نەبرد ناخی ئەم ژن و پیاوە . . بوە زیندانێکی هەمیشەیی . بۆ خودی خۆیان . . ئەوان دواین ساتی خەونی هەمیشەییان . . بوە دێوەزمەیەك و . . . تا دواین تیَ ڕامانیان . . بۆ ژیان . . لە کۆڵیان نەبویەوە.

دایکی بیَ دەرەتان و خەم هەڵگرتوو . . هەموو ئێوارانێك . . سەمای مەرگی لەگەڵ ئالەتەکاندا دەکرد .

بەدەم ئاوازی . . غەمگینی نائارامی . . لایلایەی بە گویَ ی کوکوختیە . . نوستوەکاندا دەچرپاند.

ئەو کەنفت بوو . . هەناسەی لەبەر بڕا . . چاوەکانی کزبون. . جەرگی لەت لەت بوو .

ڕەنگ و ڕووی پیێوە نەما . . وەك بەفری . . بەرهەتاوو . . هەموو ئاواتەکانی بون. بە تەم . . لەگەڵ هەر ئاوازێکی نامۆ کە گوێبیستی دەبوو . . تاڵێك لەپرچی . . بە خێرایی سپی دەبوو.

بە ئاستەم ڕیَ ی دەکرد . . هەموو ئێوارانێکی تەنهایی .

بەتەنیایی لەبەر هەیوانە ساردوسڕەکەیاندا . . لە چاوەڕوانی بەراتدابوو .

بۆ ئەوەی منداڵان هاوشێوەی کارە گیان و فەرمان . بێن لە دەرگا بدەن و ئەمیش لە بری چکلێت . . . ئاوازەکانی کوڕەکانیان پێ بداو باسی چیرۆکی مەرگی ناوادەی ئەوانیان بۆ بکات .

هەرواشی کرد . . تا ئەوەی . . ئێوارەیەکی ناوەخت . . تەواو بڕستی لێ بڕابوو . . کەوتەسەر ئەژنۆ . . بە قوڵپی گریانەوە . . دەستی کرد بە دواین گۆرانی تەمەنی . . بێ تەمەنەکان. . کە بە حەسرەتەوە دەیوت .

هەی ڕۆ . . هەی ڕۆ . . هەی ڕۆیە . .
کارزان و فەرمانم ڕۆیە . .
هەی ڕۆ . . هەی ڕۆ . . هەی ڕۆیە . .
ئازادو ڕێبوارم ڕۆیە . .

چ گۆرانیەك . . چ لایلەیەیەك . . ئازارەکانی قوڵایی ناخی مرۆڤی . دەهەژاند . . بێ دارانی شەوی . دەگەیاندە . . خەونە ڕەنگاڵەیەکانیان .

دواجاریش . بە بەینی دار پرتەقاڵەکەدا وەك دێوانە دەچوو دەیوتەوە .
هەر ڕۆژێ دێ . . کزە باکان . . . هێدی . . هێدی .
خونچەی تازە بکاتەوەو . . . بیخەملێنێ .
تاکو مژدەی . . .سەرفرازی و نەمری ئەمان .
بە هەموو گەل بگەیەنێ . . بگەیەنێ .

تامەزرۆی ئەوەبوو . . دوبارەی بکاتەوە . . بەڵام کەوتە سەر ئەژنۆو.
بە ئاستەم توانی خۆی بە دار پڕتەقاڵەکەوە بگرێت .
کزە بایەك هەڵی کرد . . یاری بە پرچەکانی دەکرد . .
ئـــەمیش هێـــواش . . هێـــواش . . ســـەری هـــەڵبڕی . . ســـەیری . .
ئەستێرەکانی .
ئاسمانی دەکرد . . لەنێو چەندانە ئەستێرەیەکدا . . وێنەی
کارزان و فەرمان و هاوڕێکانی بەدی کرد .
زەردەخەنەیـەك بەڕویـدا دەرکـەوت . . زەردەخەنەیـەکی جیـاواز لـە هـەر
زەردەخەنەیەکی مرۆڤایەتی
دەستی درێژ کرد بۆ ئاسمان . . ویستی هەڵسێتەسەر پیێ .
نەیتوانی و کەوتە سەر زەویەکە . . بۆ ئەبەد چاوەکانی لێك ناوو .
سەفەرێکی پڕ لە ئاوازی . . نەمری کرد بۆلای هەردوو جوانەمەرگەکەی
. . ئەو خـانوە بـە تـەواوی بـووە وێرانسـتان . . تـەنها و تـەنها عومـەری
تـەنیا مابوەوە کـە تاکـە هـاوڕیێ ی پاساریەکان و ئالەتـە تێکشکاوەکان
بوون.
عومەریش . . بەو هەموو ئازارەوە گەورەترین ئاوات و خەونی کە تاکە.
دڵدانـــەوەی بـــوون. بـــۆ مـــەرگی پەپولـــەکانی . . ئـــەم ژنـــە پرشـــکۆ و
نازدارەبوو .
وا ئەویش سەفەری کرد بۆ ویستگەی نەمری.

ئەم پیاوە . . ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەپوکایەوە . . دەستەکانی دەلەرزی دڵی پارچە پارچە بوو . . کەوتبوە زیندانی خەمەکانەوە. زیندانێك کە ئازادبوونی ئەستەم بوو.

ڕۆژانی تەنیایی و چۆڵەوانی شاری . . بەڕێ دەکرد . . لەتەك خەمە کەڵەکەبوەکانیدا.

هەنگاو . . هەنگاو . . بە هاوڕێیەتی . . چۆلەکە پاساریەکان .

بە تولە ڕێگای گۆڕستانەکەدا . .

وەك شێت دەهاتوو دەچوو . . قاقا پیێ دەکەنی .

چۆلەکە پاساریەکان . . دەیان جریواندو بەسەر سەریەوە سەمای مەرگی ناوەختەیان دەکرد.

عومەریش بە ڕاکردنەوە بە نێو گۆڕەکاندا قەڵەم بازێکی ئەداو . . دەیوت .

لە کویێ بێنم جەحێلی بڵند بفڕیێ

بە غیرەت بیێ . . . چاو نەترس . . مەتاڵ بدریێ .

لە کویێ هەیە . . لە کویێ هەیە . . وەکو کارزان و فەرمانی من بیێ .

بە هاوڕێیەتی ئازاد و ڕێبوار . . ئاوازی نەمری . . بۆ گێتی بەجیێ بێڵیێ . . لەگەڵ وتنی ئەم گۆرانیەدا . . بە خێرایی دەچووە سەربەرزایی گۆڕستانەکەو بە خەڵکی شاری دەوت . . تکایە . . تکایە . . هەموان . بەیەك ڕیتم . . ئەم گۆرانیە بڵێنەوە . . ئاخر ئەمەیە بەیتی ڕێزانێکی

. . ئەمەیـە . نـەمری گـۆرانی وتـن . . ئەمەیـە . . ئـاوازی ئەبەدیـەت . . ئەمەیـە دوا ویسـتگەی نـەمری . . کـارزان و فـەرمان و هاوڕێکـانی . . ئەوانن . . کە بونەتە سمبول . . بۆ ئایندەی ئاواتمان و لەدایك بونەوەو نوێبونەوەی ژیانی نەمریمان . .

پاسـاریەکانیش موناجـاتی سـتەمکاریان بەسـەر مرۆڤـە کاڵفامەکانـدا دەوتەوە .

ڕۆژی شـوم و . . سـاتی خوێنـاوی و زەمـەنی نادیـار دەبـووە دوایـین کۆپلەی هەر ئاوازێکیان کە بۆچی لە باگراوندی ژیانەوە نـا حـەقی بۆتـە سەرچاوەی ئـەو مرۆڤانـەی کـە واتـای مرۆڤایـەتی لـە بونیانـدا وجـودی نیە.

عومەریش بە حەسرەتەوە دەیوت . . ئاخ زەمانـە چ پێوەرێکـە . . بۆ نەمانی داهێنانی ئەم پەپوولە نازدارانە.

تکـەی فرمێسـکی چـاوی پاسـاریەکان چـەند جارێـك بـەر سـەرە سپیەکەی عومەر کەوتن . . بەو شێوەیە بە ئاگا هاتەوە تاکو تێڕابمێنێ بۆ بەردەوامی ژیان.

ملی ڕێگای گرت بە تولە ڕێگاکەدا بۆ ئەوەی بەرەو ئەو ماڵـە تەنهایـە هەنگاو بنێت. بەڵام بەختەوەرانە پاساریەکان لـە تـەك خۆیانـدا بردیـان بـەرەو وێسـتگەی نـەمری. لـەوێ کەرنـەڤاڵێك سـاز کرابـوو بـۆ ئـەو مرۆڤانەی بە جوانی دەمرن و هەر بە نەمریش دەژین.

مامۆستا عومەر زۆر خۆشحاڵ بوو چونکە چاوی لێبوو ئەوانەی کەرنەڤاڵەکەیان ساز کردبوو کارزان و فەرمان و هاوڕێکانی بوون.

ئیدی لەو ساتەوە . . جار ناجارێك ئەم پیاوە بۆ ئەوەی لەو تەنیاییە رزگاری بێت سەردانی ویستگەی نەمری دەکات و بۆ تاوێك لە تەك هەناسەی کوڕەکانیدا ئارام دەگرێت.

تێبینی / ئەو چەند بەیتەی کەلەنێو ئەم چیرۆکەدا ئاماژەی پێدراوە بە پێنوسی هونەرمەندی کۆچکردوو ( عوسمان چێوار ) نوسراوە. بە ناوی ( بەیتی ڕێزانکێوە )

********************************

- مرۆڤ گەلێك هەن . .

كە ڕاستی بەر گوێیان دەكەوێت خەو دایان دەگرێت . . كەچی كە گوێ بیستی درۆ دەبن خۆیانی بۆ هەڵ ئەدەن .

- جارێكیان خەریكی نوسین بووم . كەسێك لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو

وتی . . خۆت بەچیەوە خەریك دەكەیت . . خۆ كەس نایان خوێنێتەوە منیش پێم وت . . گرنگ ئەوەیە . . خۆم دەیان خوێنمەوە .

**ئازاد پێنجوێنی**

## ﴿ سڕینەوە ﴾

نامیلکەکەی تازە چاپ کردبوو
زۆرخۆش حالْ بوو بەوەی. . . ئیدی نامیلکە شیعریەکەی دەچێتە بەردەستی خوێنەران.
نزیکی سەد دانە نامیلکەی . خستبوە ناو دوو عەلاگەوە.
خۆی کرد بە چاخانەی رۆشنبیراندا.
هەر کەسێکی دەدی بە واژووی خۆیەوە بە دیاری نامیلکەیەکی پێ ئەدا .
تەواوی کتێبەکانی بەخشی . . . تەنها دانەیەکی پێمابوو . . . چوە گۆشەیەکی چایخانەکەو بەدەم چا خواردنەوە چاوی دەگێڕا بزانێت کەسیان سەرقاڵن. بە نامیلکەکەی ئەمەوە هەرچیەکی دەبینی . . . وەك ئەلبومی وێنە پەڕەکانی هەڵئەدایەوەو خێرا کتێبەکەی دائەخستەوەو لەبەردەمیدا دای ئەنا. . . زۆر چاوەڕوان بو کەسێك بێت و پێی بڵێ . دەستت خۆش . چەند شیعرێکم لێ خوێندەوە بەڵام چاوەڕوانیەکەی بێ هودەبوو.
ئاخر هەموو ئەوانەی کتێبەکەیان بە دیاری درابوییْ . سەرقاڵی مۆبایلەکانیان بوون . نەخێر بێ سوود بوو مانەوەی کاکی شاعیر . . . تا گوێبیستی دەست خۆشیەك بێت لەو کەسانەی کە کتێبەکەی

پێــدابوون . . . تەنانــەت چــاوەڕوانی ئــەوەش بــوو یــەکێك بێــت و سەرنجێکی بداتیّ لەسەر نامیلکەکەی. . . خوا نەکا کەسێك بیّ بەلایدا. ئەوەنـدە چـاوی گێڕابـوو چـاوی کەوتـە ئـازار . . . دەسـتێکی هێنـا بـە چاویدا.

بە ناچاری هەستاو ویستی بڕوات بەڵام شاگرد چایچیەکەی بینی کە چاوی بڕیبوە پارچە شیعرێکی پیرەمێرد کە بە دیواری چایخانەکەوە هەڵواسرابوو.

وتی دیارە ئەم بەڕێزە دەخوێنێتەوە . .

بۆیە بە خێرایی چووە بەردەمی و ئەو کتێبەی پێشکەشی ئەو کرد. کە پیّ ی مابوو . . . شاگرد چاخانەکە بەنابەدڵی کتێبەکەی لیّ وەرگرت و ویستی بڵیّ . . . من ئاشنایەتیم لەگەڵ کتێبدا نیە، بەڵام کاکی شاعیر نەیهێشت قسەکەی تەواو کات و پیّ ی وت . . شیعری ناسکی تیایە . ڕات ئەکێشیّ ووشەکانی . . حەز دەکەم بیخوێنیتـەوە . . . بە خێرایـی لە چاخانەکە چووە دەر .

لــە دەرەوەی دەرگــای چــاخانەکە پــاڵی دا بــە عــەمودێکی ســەر شۆستەکەوەو سەیری هاتوچۆکەرانی شەقامەکەی دەکرد.

هەناسـەیەکی حەسـرەتی هەڵکێشـاو لەبەرخۆیـەوە وتـی . . ئـاخ . . بمتوانیایە پێنج هەزار لە کتێبەکەم چاپ کردایەو سەرو نامیلکەم بدایە بەو خەڵکە . . شتێکی باش دەبوو . . سەرێکی لەقانـدوو لـەدڵی خۆیـدا

وتـی . . جـا وا پێشـم دان چ سـودێکی هەیـە. کـە نـەی خوێننـەوەو . . نەزانن من چیم نوسیوە.

هـەروا ماوەیـەك بـێ دەنـگ بـوو متقـی نـەکرد . . بـە دەنگـی هـۆڕینی سـەیارەیەك بـە ئاگاهاتـەوە سـەیرێکی کاتژمێرەکـەی دەسـتی کـردوو. . لەبـەر خـۆوە وتـی : هـیلاکم بڕۆمـەوە مـاڵ باشـترە ئـەم نامیلکەیـەم چاك ماندوی کردم.

بەرەولای عارەبانەی پاقلە فرۆشەکە چوو . . بە پاقلـە فرۆشـەکەی وت . . بایی دووسەدو پەنجا پاقلەی بداتێ.

پاقلە فرۆشـەکە پارچـە وەرەقەیـەکی لـول کـردو پاقلەکـەی بـۆ تـێ کـردو پێی دا.

کـاکی شـاعیر یەکـەم دەنکـی پاقلەکـەی هـەڵگرت و ویسـتی بیبـات بـۆ دەمی حەپەساوو . . هەموو پاقلەکە لە دەستی ڕژایە سەر زەویەکە.

ئـاخر ئـەو کاغـەزەی کـە کـاکی پاقلـە فـرۆش پاقلەکـەی تـێ کردبـوو . . یەکێك لە لاپەڕەکانی نامیلکە تازەکەی ئەم بوو.

شـاعیری چـی . . هـەر کـە ئـەوەی بـینی ڕەنگـی زەرد هەڵگـەڕاو دەتـوت لەسـەربانێکی بـەرز هـەڵیان داوەتـە خوارەوە.چـاوی کـەوت بـە بـەرگی نامیلکەکەی کە چەند لاپەڕەیەکی پێوەمابوو . . بە هەناسە بڕکێوە بە کابرای پاقلەفرۆشی وت.

ئەمە نامیلکەی منە . چی دەکات لای تۆ ...

پاقلە فرۆشەکە بێ ئەوەی خۆی تێك بدات بە بزەیەکەوە وتی . .
هەر کەمێك لەمەوپێش . . . کەسێك بۆی هێنام . . وتی من نامەوێت بۆ تۆ منیش لەبری ئەوە تۆزێك پاقلەم پێ دا. . .
شاعیری بەستەزمان . . . تاسابوو . .
قسەی بۆ نەدەکرا . . سەیرێکی سەلەی خۆڵەکەی کردو وەك شێت هەردو دەستی کرد بەناو سەلەکەدا وەرەقە چرچ و لۆچ کراوەکانی دەرهێناو سەیری دەکردن . بەڵام هیچ کام لە شیعرەکانی خۆی بۆ نەخوێنرایەوە چونکە ئاوی پاقلەکە هەموو وشەکانی سڕیبوەوە .

* * *

# سمبول

بوین بە دەوڵەت . . .

بڕیاردرا . . هێمایەکی شانازی بخرێتە سەر دراوەکەمان . .

بۆ ئەو مەبەستە . . . چەندین کەسایەتی سیاسی و رۆشنبیری لە هەموو چین و توێژەکان لە هۆڵێکدا کۆبوونەوە . بە مەبەستی ڕاوێژ کردن تا ئەوەی بزانن چ هێمایەك جێگەی شانازی میللەتەکەمانە . .

سەرەتا لەنێو دەرگای هۆڵەکە بوویە گەڕەلاوژەو هات و هاوار .

ئاخر دوو خانم کە دەیان ویست بەشداربن ڕێگەیان پێ نەئەدرا . تا یەکێك لە خانمەکان ڕاپەڕی و بە شاتەشات وتی . . ئاوا . . ئێوەی پیاوان دەڵێن ئافرەت نیوەی کۆمەڵە . . کەوایە بە کردەوە بیسەلمێنن بە چ هەقێك . . ئێمە نەتوانین ڕای خۆمان بڵێین . . هەر چۆن بوو . . ئەم دوو خانمە بەڕێزەش بەشداری ئەم کۆبونەوەیان کردوو ڕێگەیان پێ درا .

سەرەتا بەرپرسێکی باڵا زۆر بە باوەڕ بەخۆبونەوە بە ئامادەبوانی وت . پێویست بە هیچ ناکات بەڕێزینە . . من پێم وایە (خەنجەر) هێمایەکی جوانی ئێمەیە کە بیخەینە سەر دراوەکەمان . . هەر زوو پێش نیازەکەی ڕەت کرایەوە . . کە خەنجەر مافی بە ئێمەوە نیە .

پیاوماقوڵێك هەستاو ووتی . . بەڕێزینە باشترین هێما (تەزبیحە) . . .بەڵێ تەزبیح . . بیرۆکەکەم چۆنە ؟ . . ئامادەبوان کەوتنە بۆڵەبۆڵ و

ناڕەزایی و ووتیان کە تەزبیح بووەتە خویەکی ناشرین بۆ ئێمەو هی ئێمەش نیە .

ڕاوێژکارێك زۆر بە ئەتەکێتەوە هەستاو ووتی:

هین دانێن . . . هین . . باگردێن . . هی خۆمانە . .

کۆمەڵێك لە کاسپ کاران . . هاواریان لیٚ بەرزبووەو وتیان نابابە . . باگردێن کوا هی ئێمەیە . . دزیومانە .

لە ئاپۆڕای دانیشتنەکەدا . . .

دکتۆرێك هەستاو زۆر بە ئەتەکێتەوە ووتی . .

بەراستی ئەوانەی کە باس کران شتێکی بیٚ مانان .... ئەزانن چی سەرنج ڕاکێشە داینێن . . . مشەمای ئازار.

کابرایەکی پەك کەوتە هەڵی دایەو بە هەناسە توندیەوە وتی . . تکایە کاکی دکتۆر هەر کەس قسە بکات ئێوە مەیکەن چونکە تەنها شارەزاییتان لە پاراسیتۆلاٚ هەیە و رۆحی ئێمەتان دەرهێنا ئەوەندەتان سۆنەر پیٚ کردین.

بەڵیٚ هەموو ئەم پێش نیارانە بیٚ سوود بوو .

نۆرە هاتە سەر هەردوو خانمەکە .

یەکەمیان دەیوت . . .پنەو تیرۆك دانێن یاخود مەشکە

دووەمیان کە سەردەمیانە بوو دەیوت . . . نەخێر ئیلاو بیلا غەسالەی حاجەت شتن یان داییی دابنێن . . مناڵەکانمان کوڵێك گەشەی پیٚ ئەکەن .

گەنجێك قوت ببوەوە لێیان هاواری کرد بە سەریانا . . .

تکایە شاتە شات ئاخر ئەوانە بوونە هۆکاری ماڵوێرانی هەموومان بۆ ئەوەی دەستبدەنە تەمەڵی و بیست و چوار سەعاتە بە دیار حەڵقەی تورکیەوە وەنەوز بدەن .

پیاوێکی ڕەنگ و ڕوو زەرد هەستا وتی نا بابە بەشەرەفم موهیمترین شت (فەلافلە) . . ناسراویشە . سیێ بەشی کۆمەڵگاکەمان دەیخوات .

چەند کەسێك بە هاتوهاوار تەریقیان کردەوە تا یەکێکیان پێی ووت : بابە بەس نۆکەکەی هی ئێمەیە . . دوای ئەوە ئەوەندەش فەلافل مەخۆ ئەڵێی زەردوییتە .

بازرگانێك بێ دەنگی کردن وو . . خۆی بائەدا وەك ئەوەی خۆی نمایش بکات . . . وتی :

قەل دابنێن . . . قەل . بەشەرەفم خۆشترین گۆشتی هەیە . . کابرایەکی شەبقە بەسەری بیانی پێ دەچوو بانگهێشتی ئەم پرسە کرابێ . زۆر لەسەرخۆ . . بە کابرای بازرگانی ووت . . .

نەخێر برا گیان . . قەل هی مەکسیکە ماف بە ئێوەوە نیە .

بەڵێ . . هەریەکەو شتێکی دەوت . . بێ ئەنجامیش دەبوو . .

لەپڕ پرۆفیسیۆرێك هەستاوو کۆکەیەکی بۆ کردوو . . وتی . .

خۆر دەکەینە سمبول . . بەڵێ ئێمە خۆرمان هەیە . .

جوتیارێك بەخۆی و خاکەنازەکەیەوە جوابی دایەوە کە خۆر موڵکی هەموو کائیناتە . . مەیکە بەهی خۆمان . .

هەمووان بۆچونی خۆیان وت . .

سیٚ کاژمێر بەبیٚ ئەنجام . . کارگوزارێك كە ئاوی دەگێڕا بۆ ئامادەبووان دانەجیرەیەکی بۆ کردوو لەپڕ پەلاماری مایکەکەی داوو بە تووڕەییەوە وتی . . . بەداخەوە کە تا ئەم ساتەش ئێمە هیچ شتێك یاخود هیچ هێمایەکمان نیە . . شانازی پێوە بکەین . . ئەمە کارەساتە . . مامۆستایەك قسەکەی بە کاکی کارگوزار بڕی و وتی چۆن نیمانە . . هەمانەو باشترینمان هەیە . . سقرات . . سقراتمان هەیە . .

کارگوزارەکە زیاتر شێت گیر بوو . . وتی مامۆستا گیان . . رەحمەت لە باوکت سقرات یۆنانیە . .

مامۆستاکە سەرێکی لەقاندوو وتی . . بۆ توخوا سقرات کورد نیە ؟!

. . کارگوزارەکە . . هەناسەیەکی هەڵکێشاوو . . بە گریانەوە وتی . .

بەڕێزینە . . . تاکە هێماو سمبولی ئێمە . . . دەزانن چیە ؟

ورگە . . . ورگ . . . دەزانن بۆچی ورگ ؟! . . .

چونکە لەم وڵاتەدا . . . هەموان تەنها لە هەوڵی تێرکردنی ورگماندان هیچی ترمان نەکردووە . . تا ئەوەی بیکەینە سمبول بۆ دراوەکەمان .

بەرپرسێك تا ئەو کاتەی کە بێدەنگی هەڵبژاردبوو . . ڕوویکردە کارگوزارەکەو پیٚ ی ووت . .

ئافەرم . . باش بوو باسی ورگت کرد . . برسیمانە جەماعەت . . . یاللە با بڕۆین نان بخۆین .

**لە چاو تروکاندێکدا نێو هۆڵەکە کەسی تیا نەما . . تەنها کەسێك کە مابوەوە . .**

**کارگوزارەکە بوو . . پاش ماوەی دەبەو شتەکانی کۆدەکردەوە .**

**********************

## ( توتی )

ژنەکەی نەڕاندی بەسەر هاوسەرەکەیداو پیٚ ی وت . . ئەگەر ئەو توتیە دوابڕاوە نەفرۆشیت یەك دەقیقە لەم ماڵەدا دانانیشم .

هاوسەرەکەی زۆر بە هێمنیەوە وتی . . ئافرەت خۆت ماندوو مەکە . . هەرگیز دڵم نایەت بیفرۆشم . . چونکە زۆر بەختەوەرم پیٚ ی .

ژنەکە لە شاتەشات بەردەوام بوو . . بە هاوسەرەکەی وت . . ئاخر پێم ناڵیٚ ی چ سودێکی هەیە . . . لەم ماڵەدا.

کابرا هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی . . بۆ من سودی زۆرە . . دوو کوڕم هەیە گەیاندومن بەم ئاستە . . تا ئێستە لە یەکێکیانم نەبیست تەنها بۆ جارێکیش بانگم بکەن بە . . بابە گیان . . . بەڵام کەمێك خواردن ئەدەم بەم توتیە تا بەیانی پێم دەڵیٚ . . . بابەگیان .

ژنەکە هەر نوزەی دەهات . .

شیڕاندی بەسەر هاوسەرەکەیداو وتی . . . بەزیای خێرم نەکرد . . توتیەکەت لەمن و کوڕەکانم خۆشتر ئەوێت . . . بڕوانە چەند دواکەوتووی . خولاصە ژنە لە پرتەو بۆڵ و ناڕەزایی بەردەوام بوو تا تەواو هاوسەرەکەی بێزار کرد.

هاوسەرەکەشی بۆ ئەوەی ئاژاوە دروست نەبیٚ لە ماڵەکەیدا بە ناچاری دەستی دایە قەفەزەکەو لەماڵ دەرچوو . . .بە ئەستەم هەنگاوی دەنا بە

ڕێگادا. . ئەدوت لە جەرگی ئەدەن ئەوەندە پیٚ ی ناخۆش بوو ئەم توتیە لەناو ببات.

بەناچاری توتیەکەی بەرەو شوێنی پەلەوەر فرۆشتنەکان برد .

کاتێك توتیەکەی فرۆشت دڵی بەرگەی نەگرت کە بتوانێت سەیری بکات بە خێرایی شوێنەکەی بەجێهێشت .

تاکو دوورکەوتەوە چەندین جار گویٚ ی لە توتیەکەبوو کە دەیوت . . .بابە گیان مالٚ ئاوا . . . توخوا دڵتەنگ مەبە . . .دەنا منیش دڵتەنگ دەبم . . . دڵنیابە من لێت زویر نابم.

کابرا لەنێو بازاڕدا هەر خەیاڵی لای قسەکانی توتیەکە بوو .

بیٚ ئاگا سەرسنگێکی داو . . . کەوتە سەر زەویەکە .

بە بێزاریەوە چوە بەردەم پایەی دوکانێك . چوار مشقی وەك شێت لێی دانیشت.

لە بیرکردنەوەدابوو . . کێشای بە ناوچەوانی خۆیداو لەبەر خۆوە وتی . .

ئەوە حاڵی ژنەکەوبیٚ و کورەکانیش بە مانگ دەمەتەقێیەك چوزانم بابە گیانێك خوا نەکا بۆ من هەر دەیان بینم ؟

ئیلاهی . . . من شەوانە چۆن بەسەر بەرم . . . کیٚ دڵنەواییم بکات .

ئاه . . . ئاه . . . من چ غەڵەتێکم کرد .

بە هەڵەداوان هەستاو . . بەدەم ڕاکردنەوە دەیوت . .

نا . . دەبێت توتیەکە بگەڕێنمەوە . . . تەنانەت بەهەر نرخێك بێت .
خۆی کرد بە بازاڕی فرۆشتنی پەلەوەرەکاندا .
چاوی گێڕا بەڵکو ئەو کەسە بدۆزێتەوە کە توتیەکەی پێ فرۆشتووە ، بەڵام بە نا ئومێدی گەڕایەوە.
ئاخر ئەو کەسەی کە توتیەکەی لێکڕیبوو لە مێژبوو ڕۆشتبوو . .
کابرا لەوپەڕی بێزاری و شەکەتیدا . . . بەرەوماڵ دەگەڕایەوە . . چاوی بڕیبووە زەویەکەو . . . جار نا جارێك بەخۆی دەوت . . . بە ڕاستی من کەسێکی گەمژەم چ غەڵەتێکم کرد . . تا ئەوەی گوێبیستی دەنگێك بوو . . . کە چەند جارێك هاواری دەکرد .
بابەگیان . . بەخێر بێیتەوە . . کابرا سەری هەڵبڕی بینی توتیەکەیە . هەر بۆیە کە توتیەکەی بینی گەڕاوەتەوە بۆلای . . لە خۆشیدا شاگەشگە بوو . . . باوەشی پیاکردوو تا توانی ماچی کرد.
************************************

- لە سەنتەری شاردا . . دوو مارکێت هەبوون بە تەنیشت یەکەوە مـــارکێتی یەکـــەم . پیتـــزاو . . جگـــەرەو . . کلکـــە ماســـیحەی دەفرۆشت. جمەی دەهات لە خەڵکی.

مـارکێتی دووەم . . ئـەخلاقی دەفرۆشـت . . تـەنها چـەند کەسـێك دەبینرا .

- وەرن باپێکەوە پیّ بکەنین و هەرپێکیشەوە بگرین.

ئەوکات بەهەردوو دەستەواژەکە هەمووان بەختەوەر دەبین...

- ڕۆژانـــە لـــەکافتریای عاشـــقانە عەشـــق دەبەخشـــنەوە. وەرن باپێکـەوە هـەنگاو بنـێین.. بـۆ ئـەوەی هـەموو ڕۆژێـك پـڕبین لـە عەشق و ئەوین.

ئازاد پێنجوێنی

# چیرۆکێکی تەواو نەکراو

**( ئازاد پێنجوێنی)**

دەنگی گرمە وناڵەی تۆپی نەیارەکان هەموو جێگایەکیان هەراسان کردبوو. ئەوتۆپانەی کەدوژمن ئەیتەقاندن هەرتۆپێکی ئەیدا لەشوێنێك ئەمەش وای کردبوو زۆربەی باڵەخانەو خانووەکان بەپێوە نەمێنن و کاول بوونی ولآت هەموو شوێنێکی گرتبووەوە. دارو پەردووی پاشماوەی باڵەخانەکان. بەتەواوی ڕێگاکانیان گرتبوو.بوبونە وێرانە.
جگەلەوەی لەبەرەی جەنگدا، سات ناساتێ چەندین، جەنازەیان دەهێنایەوە.. ئەوانەشی بەبرینداری دەهێنرانەوە.. زۆربەیان لەڕێگادا گیانیان دەسپارد. ئاخر شوێنێك نەمابوو، کەسەیارە بتوانێت بەئاسانی هاتوچۆی تێدا بکات و بە زویی بریندارەکان بگەیەنرێتە نەخۆشخانە. ناچار لەڕێگادا زۆربەیان گیانیان لەدەست دەدا.
هەواڵم بۆهات کە لەپێشەوەی بەرەی جەنگدا. چەندین کەسی نزیکم، گیانیان لەدەستداوەو بە تەواوی لاشەکانیان شێوێنراوە.. بڕیار وایە دوو کاتژمێری تر لاشەکانیان بگاتەوە. نێوشار.
منیش بەپەناو پەسێری شەقام و کۆڵانەکاندا. وەڕێ کەوتم .. جارجارەش. زرمەی تۆپێك ئەیدا. بەو نزیکانەدا. هەرخۆشم سەرم سوڕمابوو. لەو هەموو پارچەی تۆپانەدا. تائەم ساتەش. ساغ و

سەلامەتم.. هەردەبوایە بچومایە. هەرهیچ نەبێت. لەڕێوە ڕەسمیان ئامادەبم. ئاخر چەندین کەسی نزیکمی تێدابوو.
له کۆڵانی لای چەپی شەقامەکەدا بەڕاکردن چوومە سەر ئەو شەقامە خەڵکێکی زۆر. لەپیر و پەککەوتە و ژن و منداڵم بینی کەبەرەو ژێر زەمینی باڵەخانەیەك ڕایان دەکردو هاوارو ناڵەیان بوو لەترسی گیانی خۆیان.
هەناسەیەکم هەڵکێشاو چاوم بڕیبووە. ئەو منداڵە چاوگەشانەی کەلەبری ئەوەی خەریکی یاریکردنی خۆیان بن و بەدەم ژیانەوە. پێ بکەنن. ئەوەتا بەگریانەوە ڕاکەڕاکەیانە. بەرەو شوێنێکی تاریك و نادیار . خودایە بۆ دەبێت وابێت کەی ئەم جەنگە کۆتایی دێت. ئاخر ئەو خەڵکە چ تاوانێکیان کردووە وا ژیانیان بەم جۆرە بێ.
ویستم بچمە ئەوبەری شەقامەکە.
تۆپێك کێشای بەناوەڕاستی شەقامەکە ڕێك بۆناو ئەو خەڵکەی کەڕایان دەکرد.
بەتەواوی گێژبووم. ناڵە ناڵە نەبوو.. بەئاستەم چاوم بۆ هەڵدەبڕا. لەنێو ئەو چەڕە دوکەڵ و ئاگر بارانەدا. گوێم لەقیژەو هاواری ئەو خەڵکە بوو.
خۆم گەیاندنێ بەداخەوە لە چرکەیەکدا گۆشت و خوێن تێکەڵی یەکتر بووبوون.

هەردەتووت قەسابخانەیە. بە بینینی ئەو دیمەنە بەلادا هاتم و گیانم کەوتە لەرزە.

گوێم لەهاوار و قیژەی منداڵێك بوو چەند مەترێك لەولاتر. کەدیار بوو پارچەی تۆپەکە. بەرقاچی کەوتبوو. دەینالأند و هاواری دایکی دەکرد.

منیش دەستەوەستان بووبووم نەمدەزانی چی بکەم هەروا سەیری ئەولاشانەم دەکرد. کەچۆن لەسەر ئەو شەقامە کەوتوون و زۆریشیان بەبرینداری داوای یارمەتی دەکەن. کەهیچ کەست نەدەبینی بێ بە فریایان . . ناچار دەمردن. منیش بە ڕاستی وڕو گێژ بوبوم. نەمدەزانی چی بکەم!!.

بەرەو لای منداڵەکە ڕۆیشتم و هەرچۆنێ بوو باوەشم پیادا کردوو دام بە کۆڵمدا. گوێم لەمنداڵێکی تر بوو کەلەقەراخ شەقامەکە کەوتبوو خوێن بەسەریدا دەهاتە خوارەوە.

هاواری دەکرد.. دایە گیان . . تۆ لە کوێی ؟! . . دیار بوو ئەو پارچەیەی دابووی لەسەری کاریگەری تەواوی کردبووە سەر مێشکی و چاوی نەیدەبینی و دەگریا و هاواری دەکرد. بانگی دایك و باوکی دەکرد. کەبێن بەهانایەوە لە ڕاستیدا دەستەوەستان بوبوم . . خودایە من چی لەم دوو منداڵە بکەم بەم حاڵەوە . . ئەگەر کارێکیشیان بۆ

نەکەم هەر لێرەدا دەمرن . . لەچواڕیانەکە چەند کەسێکم بینی بەهەڵە داوان ڕایان دەکرد.

زۆر خۆش حاڵ بووم.

نزیك بوونەوە لەمن و پێم وتن کە ئەو دوو منداڵە حاڵیان باش نیە هەرهیچ نەبێ یەکێکیان بگەیەننە نەخۆشخانە من ناتوانم هەردووکیان بەم وەزعەوە بگەیەنم.

زۆر بێ باکانە وتیان کەکێشەی ئێمە نیە ئێمە خۆشمان لێ تەوقە . . ئاخر ئەوانە کەسانی فەرهود کەربوون. هەلەکەیان قۆستبووەوە و تالاّن و بڕۆی ماڵەکانیان دەکرد. باکیان نەبوو کێ دەمرێ یاخود کێ دەژی. مرۆڤ گەلێکی واش هەن لەو ئاگربارانە و کاول کاریەدا بەقەت تاڵە مویەك ویژدانیان نەجوڵێ...

ئاخر لەچاوتروکانێکدا. بینیمن کەبەسەردیواری ماڵەکانی ئەوبەر شەقامەکەوە هەڵدەزنان و هەر دووان و سیانیان خۆیان دەکرد بەماڵێکدا.

خودایە بەهانام وەرە. من چی بکەم.. بەهەرچوارلاداو ڕاستە شەقامەکەدا دەڕوانم هیچ کەسی لێ نیە. جگە لەچەند لاشەیەکی خوێناوی . . . دەنگی زرمەی تۆپەکانیش لەولاوە بووەستێت. کەتەواو ناخمیان ئاڵۆز کردبوو.

ناچار ئەو منداڵەی کەهیچی نەدەبینی ئەویشم خستە باوەشمەوەو وەڕێ کەوتم بۆئەوەی هەردووکیان بگەیەنمە بنکەیەکی فریاگوزاری.
جلەکانیشم خەڵتانی خوێن بووبوو.
بەهۆی خوێن لێ هاتنی لاشەی ئەو دوو منداڵەوە.
تینم دایە خۆم و بەشەقامەکەدا ڕام دەکرد جگەلەبەر دەمی خۆم دەنا هیچ تروسکاییەك بەدی نەدەکرا لەتاو چەرە دوکەڵ و ئاگری شوێنەوارەکان.
گوێبیستی دەنگی سەیارە بووم.
بەڕاستی شاگەشکە بووم.
لەشوێن خۆم وەستام و ئاوڕم دایەوە. چەند سەیارەیەکی مۆدێل بەرز بەشەقامەکەدا. دەهاتن.
دڵنەوایی هەردوو منداڵەکەم دایەوە.. کەخەمتان نەبێت. ئەوە سەیارە هات و خێرا چارەسەردەکرێن.
ئەو دوو منداڵە بەستەزمانە دیار بوو ئازاریان زۆربوو هەردەیان ناڵاندوو داوای خانەوادەکانیان دەکرد.
سەیارەکان نزیك بوونەوە. بەردەمم لێ گرتن.
دەستیان کرد بەهۆڕن لێ دان. بۆئەوەی لاچم لەسەرشەقامەکە تاکو بتوانن بڕۆن.
هەموو ئەو سەیارانە جام تاریك بوون. نەشم دەزانی کێی تێدایە.

تائەوەی چوومە لای دەرگای سایەقی سەیارەی یەکەمیانەوەو دەستم کرد بەپاڕانەوەو. دەشم کێشا بەجامەکەدا. پێم وتن.

من هیچ گرفتێکم نیە. تەنها ئەو دوو منداڵەیە. هەرچۆن بێت بیان گەیەننە نەخۆشخانە.

حاڵیان باش نیە خەریکە دەمرن.

سایەقەکە بەهێواشی جامەکەی دادایەوەو زۆر بیٚ ئینسافانە پێی وتم.

ها.. چیە.. چیت دەوێت. بۆ ناوەڕاستی شەقامەکەت گرتووە. ئێمە هیچمان لە دەست نایەت.

پێم وت حاڵی ئەو دوو منداڵە نابینی بەکۆڵمەوە خەریکە دەمرن.

خێرتان دەگات بابیان خەمە دوای سەیارەکەتان بیان گەیەننە نزیکترین بنکەی نەخۆشخانەیەك.

چەکدارێك کەلەشوێنی سەکن دانیشتبوو سەیرێکی ئێمەی کردوو بەسایەقەکەی وت بابیان گەیەنینە نەخۆشخانە گوناهن . . نابینی ڕەنگ بە ڕوویانەوە نەماوەو خەریکە گیان ئەدەن.

سایەقەکە ڕاپەڕی و پێی وت:

گەورەمان پەلەیەتی دەتەوێت قسەمان پیٚ بڵێت کەی وەختی ئەوەیە !!

تۆ شێت بوویت ؟

ئەو چەند سەیارەیەی کەلەدوای ئەم سەیارەیەوەبوون. دەستیان کرد بەهۆڕین لیٚ دان.

سـایەقەکە پـاڵی نابەمنـەوە بۆئـەوەی لەسـەیارەکە دوور کەومـەوە. . بەمەبەسـتی ئـەوەی ڕێگەکـەیان بـۆ چـۆڵ بکـەم. بـە هـاوارو پاڕانـەوەوە دوایان کەوتم بەڵام بیٚ سوودبوو.

سەیارەکان ڕۆیشتن. نەخێر هەرچی لەناو ئەو سەیارانەدابوون ئامادەی هاوکاری نەبوون. ئەو دوو منداڵە لەو دۆخە نالەبارە ڕزگاربکەن.

ئـاخر ئـەو سـەیارانە چـەند بەرپرسـێکیان تێـدابوو. بـەخۆیان و جانتادۆلارەکانیانـەوە.. هەڵـدەهاتن. کـوڕە هـەژارەکانیش لەبـەرەی جەنگدا شەڕیان دەکرد. وبەرگریان لەنیشتمان دەکرد.

سەیری ئەو دۆخەم دەکرد. هیچ شتێك لەبەرژەوەندی ئەو دوو منداڵـەدا نەبوو. هەرواش بەدەم ئازاراوە. دەگریان و دەکڕوزانەوە.

بـەڵیٚ هـیچ کـام لـەو بەرپرسـانەی لـەنێو سـەیارەکانیاندا بـوون. ئامادەنەبوون ژیانی ئەو دوو منداڵە ڕزگاربکەن. بەڵکو لەخـەمی خۆیـان و پارەکانیـان بـوون . . .چـوومە بـەردەمی چـەند سـەیارەیەکی دوای ئەوان. بەهەمان شێوە لەوانیش پاڕامەوە.. تـاوای لـیٚ هـات چوومە ژێـر سەیارەی یەکێکیانـەوە دەنگێك لەناوسـەیارەکە پێـی وتم ئەگـەر لانەچـم ئەوا ئامادەیە بەخۆم و ئەو دوو منداڵەوە بمشێلیٚ.

لەوکاتەدا تۆپێك دای بەو نزیکانـەدا پارچەکانی بەر جامی ئەو چەند سەیارەیە کەوت. جامەکانیان وردوخاش بوو.

ئـیتر تـوانیم دەموچـاوەکانی ناوســەیارەکان ببیـنم و بەباشــی بیــان ناسمەوە.

بەڵێ ئەوانیش دەوڵەمەندەکانی شاربوون.

پاڕانەوەو تکاکردن بێ سوود بوو. هیچ کام لەوانە گریان و نوزەی ئەو دوو منداڵە. ویژدانی نەجووڵاندن.

تـاوای لـێ هـات یـەکێك لەدەوڵەمەنـدەکان زۆر بـێ شـەرمانە وتـی چۆن بتوانم. ئەوە بکەم. ئەگەر ئەو دوومنداڵە بخەمە سەیارەکەمەوە.

ئەوا سـەیارەکەم خوێنـاوی و پـیس دەبێـت و سـبەینێ بیفرۆشمـەوە دە گەلاّ دێتە خوارەوە.

بەڵێ ئەوانیش ڕۆشتن و بەجێیان هێشتین.

منیش تەواو شـەکەت و مانـدوو بووبووم. هـەرواش دڵنـەوایی ئـەو دوو بەستەزمانەم ئەدایەوە.. کەهەرچۆن بێـت دەتـان گەیەنمـە نەخۆشخانەو چاك دەبن.

دووسـەیارە مـابووەوە لەسـەر شـەقامەکە. بەهێواشـی دەڕۆشـتن. خـۆم چووم بەرەوپیریان زۆر دڵ خـۆش بـووم وتم دیـارە هۆکـاری هێـواش لـێ خوڕینیـان بـۆ ئێمەیـە کەیارمـەتیمان بـدەن. سـەیرێکی دوومنداڵەکـەم کـردو پـێم وتـن خـەمتان نـەبێت ئـەوە ئـەو سـەیارانە هـاتن لەگـەڵیانا دەڕۆین و بە زووترین کات چارەسەر دەکرێن. بـە بیسـتنی ئـەم قسـەیەم هــەردوکیان زۆر بەختەوەرانــە بۆیــەکتریان دەڕوانــی لەچـاوەکانیاندا

هەست بەژیان دەکرا ئەو کچە منداڵەی کەبەکۆڵمەوە بوو بە کچە منداڵەکەی باوەشمی وت. کە چاك بووینەوە من دوو بووکەشووشەم هەیە وەرە بۆماڵمان دانەیەکیانت پێ دەدەم.
ئەوەی باوەشم کە ئازاری زۆرتربوو بەهەنسکێکەوە وتی نا.. سوپاس..
باوکم وتی بوکەشوشەیەکی جوانت بۆ دەکڕم وەك خۆت جوان بێت.
هەناسەیەکم هەڵکێشا و وتم چۆن بەخۆش حاڵیەوە.
باسی جیهانی خۆیان دەکەن.. کەچی لەم جیهانەدا زۆر بێ ڕەحمانە ژیانیان لێ دەسێنرێتەوە لەکاتێکدا هیچ لەم ژیانە بۆ ئەوان نەماوەتەوە کە هەناسەی منداڵانەی خۆیانیان تیا بدەن . . سەیری هەردوکیانم کرد ڕەنگ بە ڕوویانە نەمابوو . . وەختەبوو ئاگر لە جەرگم بەردەبوو . . لەدڵی خۆمدا وتم ئاخۆ ئێستە ئەو بوکە شووشەیەی کە ئەم منداڵە باسی دەکات لە چ بن بەردوو داروپەردوی داڕوخاودا. سەریان پان بوبێتەوە.
سەیارەکان بە تەواوی لێم نزیك بوونەوە دیسانەوە وەك پێشوو چوومەوە بەردەمیان و دەستم کرد بەپاڕانەوە.
کابرایەکی سەرزلی ناقۆلا سەری لەجامی دواوەی سەیارەکە دەرهێناو وتی.. ها چی یە چی ڕوویداوە. بەقسەکانیدا وادیاربوو.. تائەم ساتەش بۆ جەنابیان هەمووشتێك لەبارەو هیچ ڕوونەداوە. ئاخر ناهەقی نەبوو. لەناو سەیارەیەکی مۆدێل بەرزداو جێگەی گەرم و نەرم

منداڵەکانیشی کە لەدواوە بوون سەگێکی بچوکیان پێ بوو یاریان لەگەڵ دەکرد.

ساغ و سەلامەت.

منیش بەئەدەبەوە جوابم دایەوە .. قوربان نابینی لەمەزیاتر چی ڕوویدات هەموو شوێنێك کاول بووە ئەم دو منداڵە زامدارن . . نابینی گیانەلأیانە. ئەگەر فریایان نەکەوین دەمرن.

زۆر بێ شەرمانە. وتی جا چیە ڕۆژێك دێت هەموومان دەمرین. من چیم لەدەست دێت خوائەکات منداڵەکانی خۆم سەلامەت دەبن. ئیتر خوای دەکرد دنیا کاول دەبوو.

پێم وت تکایە ئەو دوو منداڵە سواربکەو بیان گەیەنە نەخۆشخانەیەك لەم نزیکانە .. گەورەترین چاکە بۆ خۆت دەکەیت.

ئەوانیش وەکو منداڵەکانت مرۆڤن و پێویستیان بەژیان هەیە.

گرمەی تۆپێك لەدوورەوە بیسترا.

لەترسا سەری بردە ناوەوەو وتی لاچۆ بابڕۆین تائەو منداڵأنەم ڕووداوێکیان بەسەر نەهاتووە. من ئەو چاکەیەم هەرناوێت. .گەمژە دنیا کاول بووە . . چیت داوە لەو دەردە سەریە . . فڕێیانده سەر ئەو شۆستەیەو بڕۆ خۆت ڕزگار کە . نابینیت ئاگر بارانە.

بە خێرایی جامەکەی بەرزکردەوەو پێی پیاناو ڕۆشت.

ناخم ئەوەندەی تر هەژا کەچۆن ئەو دوو منداڵە بەچاوی ئازارەوە هەردووکیان دەیان ڕوانی بۆ ئەو دوومنداڵەی ناوسەیارەکە. کەلەجامەکەوە سەگەکەیان دەکردە باوەشیان و قاقا پێدەکەنین و سەرو نەستەلەیان بەدەستەوە بوو دەیان خوارد ئاخر من ئەو کەلە زلانەشم باش ناسیەوە.. ئەوانە بەرژەوەندی خوازەکان و بێ ئاگاکانی وڵات بوون لەهەر جۆرە گوزەرانێکی خەڵکی.. باکیان نەبوو چی دەگوزەرێت گرنگ خۆیان بە باشی بژین. ئاخر لەو کاول کاری و جەنگە نەخوازراوەدا بۆ دڵسۆزێك بەدی ناکرێت. بۆ پیاوێکی پیاوانە کەویژدانی بجوڵێ هەستی پێ ناکرێت.

شەقامەکە چۆڵ و هۆڵ... بە هەموو لایەکدا دەم ڕوانی بەڵکو کەسێك بێت بەهانامانەوە. جگەلە دوکەڵی ڕەش هیچی ترم نەدەبینی ئەو دوو منداڵە بەستەزمانە جگەلەوەی ئازاریان زۆربوو هەوای پیسی ئەو ناوەش تووشی کۆکەو هەناسەتوندی کردبوون. بە ئاستەم هەناسەیان بۆ دەدرا.

دەنگی تۆپەکان زیاتر بوون. بەڵام لەدووری ئێمە.

شارکش و مات ... ژیان وەستابوو. دارمان هەم وڵات و هەم ناخی زۆربەی مرۆڤەکانیشی تەنی بوو سەیرێکی دوو منداڵەکەم کرد... لەگیانەڵادابوون... توندم کردن بەخۆمەوەو هێزم دایە خۆم.

بەنێو ڕاستە شەقامەکەدا ڕام دەکرد.

بەڵێ . . . . نیو کاژێر بەسەر ڕووداوەکاندا تێپەڕیوە.
نزیکی نەخۆش خانەکە بوومەوە بڕستم لیٚ بڕاو نەم توانی بچمە ناو نەخۆش خانەکەوە. کەوتمە سەر زەویەکەو بەلادا هاتم . . هەردوو منداڵە بەسەزمانەکەش کەوتنە سەر زەویەکەو گیانیان ئەدا . . هاوارم کرد بۆ کارمەندانی نەخۆشخانەکە. . کەس لێرەیە ؟ تکایە یارمەتی...یارمەتی... ئەو دوومنداڵە ژیانیان لەمەترسیدایە.
هیچ کەس گوێی لەمن نەبوو.. ئاخر ئەو نەخۆش خانەیە کوژراو و برینداریٚکی زۆری لیٚ بوو کەس کەس کەسی نەدەپرژا . . دووبارە هاوارم کردەوە کەسێك لێرەیە . . خەریك بوو بیٚ هیوا دەبووم.
چاوم لیٚ بوو گەنجێك بە برینداری کە خوێن بەقوڵی دا دەهاتە خوارەوە.
ڕای دەکرد. بەرەو نەخۆشخانەکە.
هاوارم لیٚ کرد. کەبە پەرستارەکان بڵیٚ بێن بەهانامانەوە.
بریندارەکە چووە ناو نەخۆشخانەکەوە. ئەوەندەی نەبرد دوو پەرستار بە خۆیان و نەقالەیەکەوە هاتنە بەر دەرگای نەخۆشخانەکەو چاویان دەگێڕا.
پێم وتن، تکایە وەرن بۆ ئێرە ئێمە لێرەین.. فریای ئەو دوو منداڵە بکەون.
پەرستارەکان بە خێرایی هاتن.

هەردوو منداڵەکەیان خستە نێو نەقالەکەوە.
پەرستارێکیان وتی بەڕێز تۆ حاڵت باش نیە، ئێستە دێینەوە تۆش چارەسەر دەکەین.
وتم.. نا.. من باشم، کەمێك هیلاك بووم.. تکایە هەرچی زووتر ئەو دوومنداڵە ڕزگاربکەن. حاڵیان باش نیە.
پەرستارەکان منداڵەکانیان بردبەرەو نەخۆشخانەکە.
چاوم لیَ بوو لەنێو ئەونەقالەیەدا چۆن لەتاو ئازار باوەشیان کردبوو بە یەکداو بە هەنسکەوە دەگریان و هاوار و ناڵەیان بوو . بە ڕاستی ناخی مرۆڤی بەویژدانی دەهەژاند.
منیش بەو حاڵەوە تەواو بڕستم لیَ بڕابوو... تاکە شتێك کەهیوای پیَ بەخشیبووم هێنانی ئەو دوو منداڵەبوو کەخۆش بەختانە ئەوا ئێستە دەیان بەن بۆ چارەسەر . . هەناسەیەکم هەڵکێشاو لە دڵی خۆمدا ووتم . . مرۆڤایەتی تا ئەم ساتەش نەیتوانیوە کۆتایی بە جەنگ بهێنێت . . تۆ بڵێی لەم ئاگر بارانەدا من بتوانم کۆتایی بەم چیرۆکە بێنم . . خودایە مۆڵەتم بدە جاریَ نەمرم تاکو بتوانم لەنێو ئەم چیرۆکەمدا ژیان بۆ ئەم دوو منداڵە بگەڕێنمەوە. . دوو پەرستارەکە خەریك بوون دەگەیشتنە دەرگای سەرەکی نەخۆشخانەکە . . چاوم هەر لەسەر ئەو دوو منداڵە بوو . . بەڵام لەناکاو چەند تۆپێك دای بەنەخۆشخانەکەدا هەمووشتێکی پێچەوانە کردەوە . . دواجار نەمتوانی بەهیچ شێوەیەك

ئەو دیمەنانە ببینم و بزانم ئەو دوو منداڵە بە کوێ گەیشتن چونکە چەند پارچەیەك دای لەسەر دڵم. دەم و دەست گیانم لەدەستدا.
ئەوە چەندین ساڵە کۆچی دوایم کردووە . . بێ ئاگام لەو دونیایەدا چی دەگوزەرێ .
بەڵام ئەوە دەزانم . . کە تا ئەم ساتەش جەنگ کۆتایی نەهاتووەو بەردەوامە .
چونکە ڕۆژانە دەبینم بە ئاسمانی بەهەشتەوە چەندین منالّی خوێناوی دەبنە پاساری.
وە بێ ئاگاشم لەوەی کە بزانم ئەو دوو مناڵە لە ژیاندا ماون یان نا .
بەڵام ئاواتەخوازم لە ژیاندا بن و هەموو ڕۆژێك وانەی (نەفرەت کردن لە جەنگ) بڵێنەوە بۆ جیلەکانی پاش خۆیان.
بەڵکو ڕۆژێك بێت کۆتایی بە جەنگ بهێنرێ و هەموان پێکەوە بگرین و هەر پێکیشەوە پێبکەنن.

*    *    *

- من هەر خۆمم مەمکەن بەخۆتان. ئێوە وەك من بیرناکەنەوە. بۆیە خۆتان نین. . من دەمەوێت خۆم بم. نەك خۆتان. . کەچی ئێوە. لەباشی دا. خۆتان نین و لەخراپەشدا دەتانەوێت خۆتان بم.

- کارکردن چێژی ژیانە و ئارامی دڵەکانە کەچی من زۆرجار قەڵس دەبم بەکارکردن ئاخر دەڵێم کە تائەم ساتە چێژم لەژیان نەبینی و دڵم بەئارامی نامۆ بیٚ.. ئیدی بۆ کاربکەم.

ئازاد پێنجوێنی

## ( خۆشەویستی سەردەم )

کوڕو کچێك ماوەیەك بوو بوبوونە دڵخوازی یەکتری بە شەقامێکدا پیاسەیان دەکرد باسی ئاییندەی خۆیان دەکرد.

کوڕەکە لە کچەکەی پرسی . . .

ئازیزەکەم کاتێك کە بویتە هاوسەرم بەهەر جۆرێك بێت قەناعەتت بە ژیانم دەبێت ؟ . .

کچەکە پیێ ی وت . .

دڵنیابە لەسەر ئەو شاخەش خێمەیەك هەڵبدەی لەگەڵتا دەژیم . . کوڕەکە سوپاسی کردوو دەستی لە تەکسیەکی مۆدێل کۆن ڕاگرت . بە خۆشحاڵیەوە بە کچەکەی وت کە سەرکەوێت .

کچەکە سەرنجێکی دا بە سەیارەکەو وتی . .

نا . . بێزم نایە سوار ئەو سەیارە شەق و شڕە ببم . . تەکسیەکی مۆدێل تازەکان بگرە.

کوڕەی داماوو تاسا بەم جوابەو سەری سوڕمابوو .

بەردەوام سەیری تەکسیەکەی دەکرد . . سایەقەکەش . . بە هۆڕین لێدان . . وەك ئاماژە پیێ ی دەوتن . . سەردەکەون . . یاخود بڕوا .

کچەکە لە کوڕەکەی پرسی . . . چی بووە بۆ وا تاسای . کوڕەکە هەناسەیەکی هەڵکێشاو بیٚ ئەوەی سەیری کچەکە بکات بە تەوسەوە وتی بیر لە ژیانی ناو خێمەکە ئەکەمەوە. . .

کوڕەکە بە شپرزەییەوە سوار تەکسیەکە بوو . . .کچەی بەجێهێشت . . لەو ساتەوە هەرگیز یەکتریان نەبینیەوە.

## ( گەڕەکی شەیتانەکان )

ماوەیەکی کەم بوو لەلادێوە هاتبونە شارەوە . بەڕێکەوت خانویەکیان لە گەڕەکە خواپێداوەکان بەکریٚ گرت ، تا شەوێکیان باوکیان گیانی سپارد .. بوو بە شین و شەپۆرو هاوار لەم سەری کۆڵانەکە تاکو ئەو سەری کۆڵان ... کەسێك نەبوو بێتە دەریٚ و بزانیٚ چ باسە .. ناچار کوڕی گەورەی خوالیٚ خۆش بوو یەك یەك لە دەرگای ماڵەکانی دا بۆ ئەوەی بێنە دەریٚ و یارمەتی دەربن لە ڕیٚ و ڕەسم و شۆردنی جەنازەکەدا..لە تەواوی ئەو کۆڵانەدا کەسێك ئامادەنەبوو کە دەرگای لیٚ بکاتەوەو بیٚ بە هانایەوە . . دواین جار ئەنجومەنی گەڕەك بە شۆرتێکەوە هاتە دەرەوەو بە چاوی خەواڵوەوە .. پێی وت .. بابە خەڵك نوستوە بیٚ دەنگی کۆڵانەکە ڕەچاو بکەن . . باوکتان مردوە خوالیٚ خۆش بیت هەمووومان هەر ئەمرین . . تەلەفونێك بکەن بۆ شارەوانی بەڵکو ئەوان هاوکاریتان بکەن .. لە چاوتروکانێکدا گۆڵپی

سەردەرگای ماڵەکان کوژایەوە .. گەرەك کش و مات.. تەنیا ئەم خێزانە داماوە نەبێت هات و هاواریان بوو ... کە بۆ حاڵی خۆیان و بێ ئینصافی ئەو خەڵکە قوڕیان دەپێوا.

کاتێکیش رۆژ بووەوە . . تەواوی خەڵکی ئەو گەڕەکە . . سکالایان لە دژی ئەنجومەنی گەڕەك بەرز کردەوە . . کە بۆچی بێ پرسی ئەمان ڕێگەی داوە لەو جۆرە مرۆڤانە بێنە گەڕەکەکەیانەوە . . لە کاتێکدا ئەمان خۆیان بە مرۆڤانی مۆدێرنەو پێشکەوتنخواز دەزانن پێویستیان بە هێمنی هەیە. وەهەر زۆر بێ شەرمانە دەیانووت . . ئەوانە زۆر دواکەوتون و رەچاوی ئارامی گەڕەکەکەیان نەکردووەو دیارە بێ ئاگان لەوەی سەردەمی عەولەمەیەو وشەی یارمەتی سڕاوەتەوەو ئیدی کەس کاری پێ ناکات .

ئەوەی سەیر بوو کاکی ئەنجومەن . . یەکسەر داواکەی قبوڵ کردن . بە دەست و پێیاندا کەوت . . ئەمجارە لێی ببورن ئیدی هەرگیز ڕێگە نادات تەنانەت باڵندەیەکیش بێ پرسی ئەمان بەسەر دار تەلێکی کارەبای گەڕەکەکەیانەوە بنیشێتەوە.

هەمووان کۆك بوون لەسەر ئەوە . . کاکی ئەنجومەنیش بەڵێنەکەی لەسەر پارچە کاغەزێك نوسی و لە خوار واژۆکەیەوە نوسی . . ئەنجومەنی گەڕەکی شەیتانەکان.

کوڕە گەورەی ماڵ کە بۆی ڕوون بویەوە ئەمانە چ مرۆڤانێکن . . لە تورەیدا سەیارەیەکی بارهەڵگری هێناو ئەشیای ماڵەکەو جەنازەکەی باوکی تیٚ کردوو ... سەرجەم خێزانەکە ئەو گەڕەکەیان بە یەکجاری بەجیٚ هێشت .. ئەم خێزانە لەو ماوەیەدا چەندین گەڕەك چوون هاوشێوەی ئەو مرۆڤانە بیریان دەکردەوە . . تا ئەوەی لەسەربانی وێستگەی نەمری بە یەکجاری نیشتەجیٚ بوون و هەر لەو ساتەوە پرسە دەگێڕن بۆ تەواوی ئەو خەڵکەی کە بیٚ ئەوەی خۆیان هەستی پیٚ بکەن . . زۆر لە مێژە مردوون . .

*********** ***********

# ﴿ گوڵەبەڕۆژە ﴾

دوو منداڵەکەی دامێنی پانتۆڵەکەی باوکیان گرتبوو دەپاڕانەوە لێی کە بچیٚ چپس و مەساسەیان بۆ بکڕێت.
باوکیشیان هەرگیز بیٚ دڵی نەدەکردن و نەیدەویست قسەیان بشکێنێت.
پەردەی سەر پەنجەرەی ژوورەکەی لابرد .
دەرەوە باوبۆران و ڕەشەبا بوو . . خۆشی دوو ڕۆژ پێشتر .
سەرمای بوبو . . .ئاو بە لوتیدا جارجارە دەهاتە خواریٚ .
سەرێکی لەقاند . . وەك ئەوەی بڵیٚ . . حەتمەن چونە دەرەوەم نەخۆشیەکەم خراپتر دەکات . .سەیرێکی مناڵەکانی کردوو . . پەردەکەی دادایەوەو بە خێرایی چاکەتەکەی لەبەرکرد.
بە منداڵەکانی وت . . بە چاوان . . هەر ئێستا دەچم . . هەرچەندە زۆر ساردیشە بەڵام قەیناکە . منداڵەکان بە خۆشحاڵیەوە. . دوای باوکیان کەوتن.
باوکیان وتی . . بە مەرجیٚ ئێوە نابیٚ بێن . . نەخۆش دەکەون . . منداڵەکان گەڕانەوە ژوورەکەی خۆیان.
ویستی لە دەرگای حەوشە تێپەڕێت.

ژنەکەی بانگی لیٚ کرد .
هاوسەرەکەی گەڕایەوەو بە ژنەکەی وت . .
ها . . خاتون . . تۆ چ ئەمرتە . . بیخەمە سەر چاوم .
ژنەکە کە ئامێرێکی گوێزەر چاکردنی بەدەستەوەبوو خەریکی زەلاتەبوو وتی : تۆزیٚ گوڵەبەڕۆژەش بکڕە بۆ من .
پیاوەکە وتی : بەسەرچاو . . بەلاّم پێریٚ کیلۆیەکم هێنایەوە ئافرەت . ئەوەندە مەیخۆ . . خراپە . . بۆ قوڕگ و زیپکەو چەوری و ئەو جۆرە شتانە .
ژنەکەی لچێکی لیٚ هەڵقوڕتاندو وتی :
بەزیای خێرم نەکرد . . ڕێگری ئەوەشمان لیٚ دەکەیت .
پیاوەکە سەرێکی لەقاندو بە خێرایی لەماڵ دەرچوو .
کاتێکیش کە گەڕایەوە لەبەر ئەوەی چەترەکەی شکابوو سەرتاپای گیانی ئاوی لیٚ دەچۆڕا . . . لەنێو دەرگای ژورەکە منداڵەکانی شتەکانیان لە باوکیان وەرگرت و ڕایان کردە ژورەکەی خۆیان.
کابراش چەترەکەی چەند جارێك دابەیەکداو فڕێی دایە گۆشەیەکی حەوشەکە . . لەسەرمادا هەڵدەلەرزی . . هەنگاوی نا بچێتە ژوورەوە.
ژنەکەی هاتە بەردەمی و پیٚ ی وت :
ئەی گوڵەبەڕۆژەکەی من کوا ؟ . . .
پیاوەکە کێشای بەسەری خۆیداو چەند جارێك وتی :

ئەهـ . . ئەهـ . . باوکە . . لەو مێشکەی من . . خاتون دەزانی بیرم چوو . . بم بووره . بەخوا کابرای دوکاندار ئەوەندە پرسیاری بارانی کرد . چەند ملم باریوە. . کوڕە چوزانم . . خراپە بۆ کشتوکاڵ .
نازانم چی . . وازی نەدەهێنا . . تا بیری بردمەوە .
گوڵەبەڕۆژەکەت بۆ بێنم .
ژنەکـەی زۆر بـێ بەزەییانـە هاتـە نێـو دەرگـای هۆڵەکـەو نەیدەهێشـت هاوسـەرەکەی بچـێتە ژوورەوە . . . بـە شیرەشـیڕ وتـی : دڵنیـابووم . . زۆریش دڵنیابووم . . . کە لە بیری مندا نیت .
پیاوەکـەی ویسـتی دڵنـەوایی بداتـەوەو هێـوری بکاتـەوە . . زۆر بـە متمانەوە بە ژنەی وت :
چۆن لەبیری تۆدا نیم تۆ هەمیشە لە دڵمای . ئافرەت قسەی وامەکە . . ئیـدی مرۆڤـە هـەموو کـات لەسـەر فکـری خـۆی نیـە . . هـەرگیز تـۆ لەبیرناکەم تۆ چرای ژیانمی.
ژنەکەی وتی . . بە گوڵەبەڕۆژەکەتا دیارە . . من چرای ژیانتم.
پیاوەکـە . . . دەسـتی خسـتە سـەر شـانی ژنەکـەی و بـە بـزەوە وتـی : ئافرەت خۆ دنیا کاول نابێ . . باشە بۆ ئەم گوڵەبەڕۆژە دەکەیتـە پێـوەر . . . چەندەها جار داوای هەر چییەکت کردبێت . . . بۆم نەهێناویت ؟!! . .
تەواو بمبووره . . من هەڵەبووم . . بڕوابکە ئەو تاقە دوکانە هەبوو.

کە منیش هاتمەدەر . . دایخست . . دەنا هەر ئێستە دەچوومەوە . . کیلۆیەك گوڵەبەڕۆژەم بۆ دەهێنای . . تۆفانە . . دوکانەکان داخراون کەس بەدەرەوە نیە.

ژنەکەی . . ئەم شتانە نەدەچوو بە مێشکیدا . . بە شپرزەییەوە بەلۆعەی مەغسەلەکەی بەردایەوە دەستی شت . . ئەوەندە بە ڕق و خیشەوە . بەلۆعەکەی گرتەوە . . تا ئەوەی دەسکی بەلۆعەکە شکاو. کەوتە خوارەوە دای بە پەنجەی قاچی پیاوەکەدا.

هاوسەرەکەی دەستی گرت بە قاچیەوەو هەڵدەبەزیەوە لەتاو ئازار وتی : چ . . . چ . . . چ . . ئازارێکی هەبوو . . . ژنەکە کەمێك بە وریایی یەوە مامەڵە لەتەك ئەو شتانەدا بکە . . . ئەمڕۆ خوارەحم کا . . نەخواردنی ئەم گوڵەبەڕۆژەیە بە فەتارەیەکماندا دەبات.

ژنەکەی شێت گیربوو . . نەڕاندی .

– نواندنم بۆ مەکە . . . کاتی دەزگیرانداری هەموو جار خۆت هەڵ ئەکێشا دەتوت :

داوای مانگ بکە بۆت دەهێنمە خوارەوە . . . کەچی ئێستە منداڵت هەن . . منت بۆچیە . . دەنکە گوڵەبەڕۆژەیەك ناهێنم.

دەستی کرد بە گریان و لوشکە لوشك لەبەرخۆیەوە دەیوت . . .

هەر خۆم بێ چانسم . . بەزیای خێرم نەکرد . . . خێرم لەخۆم نەدی .

پیاوەی بەستەزمان هەڵدەلەرزی لەتاوسەرما . . . ئاو بە گیانی دا دەهاتە خوارەوە . . لەژێر ستارەی خانوەکەشیاندا تکەی بارانەکە وەك دڵۆپە دەهاتە خوارەوە . . دەکەوتە سەر سەرو ملی ئەوەندەی تر. حاڵی تێکچووبوو.

بە ژنەکەی وت . . خاتون خۆت لایە . . با هیچ نەبێ بێمە ژوورەوە .

کەمێك خۆم گەرم کەمەوە . . هەنگاوێکی نا . . بۆ ژوورەوە .

ژنەکەی ڕای پسکاندە دواوە . . . وتی :

نا . . نا . . نەیەیت . . کومبارو فەرشەکان تەڕ دەکەیت . . من پێم وتی گوڵەبەڕۆژە . . واتە گوڵەبەڕۆژە . . تاوێکی تر دراما تورکیەکەیە .

یەك کاتژمێر . بە دیاریەوە .. خۆ ئەبێت شتێکت لەبەردەمدا بێ نابێ ؟

پیاوەکە سەری ڕاوەشاندوو . . لەبەرخۆیەوە وتی :

ئاخ دراماى توركى دوابڕاو . . چیت کرد بەو عالەمە . . هەڵوێستەیەکی کردوو بە ژنەکەی وت :

ڤیروسیا . . دەچم . . بەم حاڵەوە . . گوڵەبەڕۆژەت هەر بۆ پەیدا دەکەم. بەڵام بێ ئینسافیە . . .بەم باوبۆرانە . . من دەنێریت . . تۆزێك ویژدان . . . باشە بۆ مرۆڤ.

ژنەکەی بەبێ ڕێزیەوە . . . پێ ی وت :

بە باوبۆران و کرێوە . . تەنکی دەبەیتەسەربان بۆ ماڵی دایکت سارد نیە ! . . بەڵام بۆ دوو دەنك گوڵەبەڕۆژە بۆ من خۆت هێناوەتە حاڵی جاوە.

پیاوەکە بێ ئەوەی یەك ووشە لەدەمی بێتەدەر . بە توڕەییەوە دەستی دایە چەترەکەو لە ماڵ چووەدەر.

دوای نیوکاتژمێر . . . تەقە درا لە دەرگا. . .

ژنەکەی وای دەزانی هاوسەرەکەیەتی . . . بەدەنگی بەرز وتی :

خۆ دانەخراوە . . . بۆ نایەیتە ژوورەوە !! . .

دەنگی تەقەی دەرگا بەردەوام بوو . . .

ژنەکە چووە دەرێ . . سەیری کرد . . . منداڵێکە . . پێی وت . . چیت ئەوێ ؟

منداڵەکە کیسەیەکی گەورەی دا بە ژنەکەو پێی وت ئەم کیسەیە گوڵەبەڕۆژەیە .

مێردەکەت بۆی ناردووی . . دای بە من . . . وتی . . بیبەرە دەست ئەو ماڵە.

ژنەکە سەری هێنایە کۆڵان . بەهەرچوارلادا چاوی گێڕا کەسی نەبینی . بە منداڵەکەی وت . . .ئەی خۆی کوا ؟! . .

منداڵەکە وتی : من نازانم و  بە خێرایی ڕای کرد .

لەو ڕۆژەوە ژنەکە لە چاوەڕەوانی هاتنەوەی هاوسەرەکەیدایە .

ئەوە چەندین ساڵە تا ئەم ساتەش سۆراغێکی نیە .
بەڵام دواجار لە شوێنێکدا چەند کەسێك بەرچاویان کەوتبوو . . ئەو شوێنەش هەمان ئەو ویستگەیەیە . کە کابرای ئەفەنی تیادا وەستاوە.
بەڵێ . .هاوسەری ئەم ژنەش تا ئێستا بەبێ دەنگی و بیرکردنەوەوە لە ویستگەکەدا ماوەتەوە.

***************************************

# ( ئەفسەری بێ ناونیشان )

لە ڕاڕەوێکی سەربازگەکەدا چەند دیلێکیان بە ڕیز وەستاندبوو . . چاویان بەستبوونەوە .
ئەفسەرەکە بە دارەکەی دەستیەوە بە بەردەمیاندا دەهات و دەچوو.
لەبەردەم یەکەم دیلدا وەستاو وتی: ناوی سیانیت .
دیلەکە وتی . . . بەختەوەر . کوڕی خۆشەویست . کوڕەزای خاك پەرست .
ئەفسەرەکە واقی وڕما . . .چووە بەردەم دووەم دیل و هەمان پرسیاری کرد .
دیلی دووەم . . وتی ناوم ژیان . کوڕی شادی . کوڕەزای پێکەوە ژیان.
ئەفسەرەکە سەری سوڕمابوو گاڵتەی بەو جوابانە دەهات . . بە توڕەییەوە چووە بەردەم سێ یەم دیل و وتی : سەیرە ئەم ناوە گاڵتەجاریانە . .ها سەگسار تۆ ناوت چی یە ؟
دیلی سێیەم . . . بە زەردەخەنەیەکەوە وتی : ناوم ئازادە . . کوڕی هیوا . . کوڕەزای ئایندەیەکی گەش .
ئەو چەند سەربازەی لەوێدا وەستابوون دایانە قاقای پێکەنین.

ئەفسەرەکە توڕەبوو هەموویانی بێ دەنگ کردو بە سەربازەکانی وت دیارە ئێوەش وەك ئەم دیلانە کەرو بێ مێشکن وا بەم هەڵیت و پەڵیتانە پێدەکەنن . . دارەکەی گیر کرد لە ملی چوارەم دیل ووتی هیوادارم تۆش وەك ئەوان نەخڵەفابیت . ناوی تۆ چیە ؟

دیلی چوارەم وتی . . . ناوم برایەتی . کوڕی مرۆڤایەتی . . کوڕەزای .. ئاشنایەتی بەیەکتری .

ئەفسەرەکە توڕەبوو . . بە دارکەوتە گیانی دیلەکان و وتی . . . هەی بێ مێشکینە نازانن ئێوە کە دیلن و لەبەردەم کێدا وەستاون. شێت بوون .

دیلی پێنجەم وتی . . لەبەردەم کەسێکدا وەستاوین کە ئەویش مرۆڤە . . . بەڵام واتای مرۆڤایەتی نازانێ.

ئەفسەرەکە چووە بەردەمی پێ ی وت ئەوەندەی زمانت درێژە ... ئا پێم بڵێ ناوی سەیرو سەمەری تۆ چیە.

دیلی پێنجەم وتی . . من ناوم نیەو بێ ناونیشانم .

ئەفسەرەکە پێکەنی و وتی چۆن چۆنی . . . دیارە لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتوویت . . سەربازەکان دایانە قاقای پێکەنین .

دیلەکە دەستی کرد بە گریان و وتی . . باپیرم لە جەنگێکدا خۆی و تەواوی کەسەکانی گیران بەدیل و کوژران . . باوکیشم هەر لە جەنگدا

گیانی سپارد . . . ئەوا خۆشم کە دیلم ئیدی بێ ناونیشان و بێ کیان و بێ ژیانم.

هەموو دیلەکان دەستیان کرد بە گریان . . . سەربازەکان سەریان داخستبوو لەبیرکردنەوەدا بون .

ئەفسەرەکە دارەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە هەر کە گوێبیستی ئەو قسانە بوو بە تەواوی گۆڕا بۆ کەسێکی دی . . . وەکو شێت بە ڕارەوەکەدا دەهات و دەچوو . . . بیری دەکردەوە . . . هاتە بەردەم دیلەکان و کەوتە سەر ئەژنۆ . . وتی . . ئای خودایە . .

ئێمەش هەمان شتی وەك ئێوەمان بەسەرهاتووە.بەڵام تازە هەستی پێ دەکەین . بەڵێ وایە خۆشمان نازانین خەریکی چین و بۆ چ ئامانجێك کەوتوینەتە گیانی یەکتری.

لە کوێین و چی دەکەین و خەریکی چیین تا ئێستە بە خۆمان نەزانیوە . . بەخێرایی چاوی هەمویانی کردەوەو فەرمانی دا تەواوی دیلەکان ئازاد بکرێن. . یەکێك لە دیلەکان پرسی . . . ئەی تۆ ناوت چیە کاکی ئەفسەر . . . ؟

ئەفسەرەکە وتی . . . ناوم جەنگە . . کوڕی ماڵ وێرانی . . کوڕەزای دۆزەخ . دوای ماوەیەك ئەفسەرەکە لە جەنگێکی زۆرە ملێدا گیانی سپارد . . . بەڵام دیلەکان هەموو ساڵێك یادیان دەکردەوەو لەسەر کێلی گۆڕەکەیان نوسیبوو . . .ئەم گۆڕە بێ ناونیشانە . .

# (گردی ئەوین)

سەربازەکان بۆ ماوەی ٨ کاتژمێر هەوڵیاندا تا ئەوەی گردێك بگرن ، بۆ ئەو مەبەستە بە چەکی قورس و تەواوی هێزەکەیانەوە بەردەوام بوون لە شەڕ ، بەڵام هەموو جارێك تێك دەشکان و هەنگاوێك نەیان دەتوانی بەرەو پێش بڕۆن .

دەنگی تەقە نەما . . . ئەو ناوچەیە کش و مات دوای چاوەڕوانیەکی زۆر چەندین سەرباز لە هەر چوار لاوە. بەرەو گردەکە ڕۆشتن.

کاتێکیش چونە سەر گردەکە بینیان تاکە ئەفسەرێکی لاوە. ئەو ماوە زۆرە . . . بەرگری کردووەو ئێستاکە فیشەکی پێ نەماوە.

ئەفسەرێکی پلەدار چووە نزیکیەوە . ئەفسەرە لاوەکەی بینی خوێن بەسەرتاپای لەشیدا دەچۆڕا.

سەربازەکان میلی تفەنگیان هێنایەوە کە بیکوژن .

ئەفسەرە پلەدارەکە . نەیهێشت . . وتی . . ئەو دیلە . . ڕوی کردە لاوەکەو پێ ی وت لەپێناو چیدا ئەو هەموو ماوەیە بەرگریت کرد. خۆ هەر دەتزانی بەم وەزعە دەگەیت.

لاوەكە بزەیەكی كردو وتی . . لەپێناو شەرەف . . . خاك . . كەرامەت . . گەر خاكەكەم داگیركەن . . ئەوا بێ شك مرۆڤ بونمان واتایەكی نابێ . . هەر بۆیە بڕیارم دا تا دوا هەناسە بەرگری لە خاكەكەم بكەم.

سەربازێك بە پلەدارەكەی وت . . . گەورەم چەندین كاتژمێر ئێمەی بە هیلاك برد.

ئێستەش دەبینی چەند زمانی درێژە . . . با فیشەكێك بنێم بەنێو چاوانیەوە .

پلەدارەكە . . لە سەربازەكە توڕەبوو .

وتی . . ئەم لاوە قارەمانە . . نابێ بمرێ . . ئەو دیلێكی ترسنۆك نیە بەڵكو دیلێكی خاك پەرستە. . . من لە ئێوە دەپرسم گوناه نیە لاوی ئاوا بە جەرگ لەناوبچێت . . . ئامادەبن دەكشێینەوە . دڵنیابن ئەم شوێنە دەیان قارەمانی وەك ئەم لاوەی تیا پەروەردە كراوە لەگەڵمان دەجەنگن و مانەوەمان لێرە بێ سود دەبێت.

ئەفسەرەكەو تەواوی سەربازەكان لە گردەكە هاتنە خوارەوە .

ئەفسەرە لاوەكە بە ئاستەم سەری هەڵبڕی و چاوی دەگێڕا بەناوچەكەدا. زەردەخەنەیەك بە ڕوویدا دەركەوت . دواجار مشتێك خۆڵی بە دەستەكانی هەڵگرت . . ماچی كردو گیانی سپارد.

*************************************

- سەرقەبران بۆیە ئارامە. چونکە کەس قسەناکات . . هەربۆیە کاتێك مرۆڤـ بەدرێژایی ژیانی . . بیٚ دەنگ دەبێت لەگۆڕستان دای ئەنێن.

- سەیر نیە خودا هەمیشە چاکەکان دەباتەوە بۆ خۆیی و خراپەکان دەهێڵێتەوە . . گەروابێت سەرزەوی بنیات نراوە. بۆ خراپەکاری

ئازاد پێنجوێنی

# پانۆرامایەکی پێشبینی کراو

ساڵ.. ساڵی (٢٠٣٠ز) زەمەنێکی نادیار . . کات کاتێکی بەفیڕۆ دراوو و ون بوو.
زۆربەی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتە تووشی زەهایمەر بووبوون.
خەڵکی بەپێچەوانەی ئاراستەی ژیانێکی ڕاستەقینە هەنگاوی دەناو ژیانی دەگوزەراند.
جێگایەکی ئارام نەمابوو بۆ هەناسەدان.
هەموو شتێك ئاوەژوو بووبووەو بەهاجوانەکانی ژیان بۆ شوێنێکی نادیار هەڵهاتبوون.
خەڵکی خۆی و هەموو کاتەکانی سەرقاڵ کردبوو. بەکاری بێ ماناو پڕوپووچەوە.
ئەسڵەن لەوڵاتدا بۆ دەرمان کەسێکت نەدەبینی کاتژمێری لەدەستدا بێت. یاخود بەدیواری ماڵانەوە بەرچاوبکەوێت. هۆکارەکەی ئەوەبوو.. هیچ کەس گوێی بەکات نەدەدا . . هەر کە شەویشی بەسەردا دەهات ملیان شۆڕکردبووەوە بەدیار شاشەیەکەوە تابەیانی ڕۆژ دەبووەوە.
هەموو ئەمانە وای کردبوو کەزۆربەی زۆری مرۆڤەکان بەپشت کوڕ

بانگ دەكران. ئەمەش وای كردبوو زۆر حەزیان لەناوناتۆرە بێت كە لەیەكتری بنێن.

كاتەكانیان دابەش كردبوو. بەپێنج بەشەوە.

كاتی یەكەم و دووەم.. تاكو پێنجەمیش كاوێژكردن بۆ خواردن و زلكردنی ورگیان. بۆئەوەی بیٚ ئاگا لەهەر جوانییەكی ژیان بەرپێی خۆیان نەبینن و تاكە ئامانجیان كاوێژ كردن بوو.

لەسەنتەری شارەكان بەگەورەیی لەسەر لەوحەیەك نووسرابوو.

مەژی بۆئەوەی بخۆیت.

بخۆ بۆئەوەی بژیت. . . مەبەست لەوەبوو هەموو ژیانیان نەبێتە خۆراك تەنها خواردن با وەسیلەیەك بێت بۆ ئەوەی بژین . . . كەچی بیٚ ڕەحمانە هەمووان تاكەوەسیلەیان هەر خواردن بوو.

ئاخ چ كارەساتێك بوو هەرمەپرسن.

بەرپرسەكانی ولاٚت بیٚ ئاگا هەمیشە لەخەوێكی قوڵی شیرین دابوون . . والی شار خەریكی ماڵەباجێنە و چاوشاركیٚ بوو لەتەك پاسەوانەكانیدا.

باوك لەتاو دۆمینەو تاوڵەكردن بەیانی تا ئێوارە لە سوكی چایخانەكاندا. بیری چووبووەوە كە منداڵەكانی كێن و بۆ چ ئامانجێك پەروەردە دەكرێن.

برا ئاشنا نەبوو بەبراكەی

دراوسێ بەچاوی دوژمنکارانەوە دەیڕوانیە دراوسێکەی.
تەمەن ئەوەندە کورت بووبووەوە بەشی خۆشەویستی نەدەکرد. کەچی هەمووان ڕقیان تیابەکاردەهێنا.
خوێن لەئاڵتون بەنرختربوو. بەردەوام دەڕژاو دڵسۆزێك نەبوو کۆی بکاتەوە.
زۆربەی زۆری عەقڵیان لە چاویاندا بوو . . . هەر بۆیە بۆ هەر شتێك ئەشوومابیلایەکیان پیادا دەکێشا بێ ئەوەی ڕاستیەکان ببینن.
خەڵکی بۆ بەدەستهێنانی هەناسەی ئازادی. کۆیلایەتیان کردبووە دوا وێستگەی هەنگاوەکانیان.
ترسنۆکەکان جوامێرەکانیان دەسڕییەوە.
کاڵفامەکان بێ شەرمانە زاناکانیان ڕەت دەکردەوە.
دەربارەکانی وڵات. بووبوونە خانەدان و . . خانەدان و نان بدەکان. لەیاد دەکران.
دز و جەردە و پیاوخراپەکان بەردەوام بوون لەبەدفەڕی. کەچی پیاوچاکەکان لەئاستیان بێدەنگی یان هەڵدەبژارد.
مەردەکان شەهید دەبوون.
قارەمانەکان لەبەرەی جەنگدابوون.
ترسنۆکەکانیش بێ باکانە لەپەنجەرەی کۆشکەکانەوە سەیریان دەکرد.
ئاخر شتێك نەمابوو ناوی لێ بنرێت ویژدان.

ویژدانی چی لە ڕۆژی ڕوناکدا بەدوایدا بگەڕایتایە نەت ئەدۆزیەوە . .
کات نیوەشەوێکی نادیار. کاتژمێر یانزەو نیوی نیوەڕۆ لەنێو بازاڕ و حەشاماتێکی زۆری ئەو خەڵکە سەرلێشێواوەدا دەهاتم و دەچووم. دەگەڕام پێ دەچوو منیش تووشی ئەودەردی لەبیرچوونەوەیە بووبووم واخۆمم لێ ون بووبووەو نازانم ڕۆژە یان شەو.
منیش بەدەرنەبووم لەودەردەی کەسەرتاپای وڵاتی گرتبووەوە بەڵام کەمێك جیاوازیم لەوانە ئەوەبوو. کەمن خۆم سەرقاڵ کردبوو بەخوێندنەوەی پەڕتووکەوە.
ئاخر پەڕتوك فێری هەموو وانەکانی ژیانمان دەکات بێ ئەوەی بێزارمان بکات.
ئەو دەردە کوشندەیە کەتووشی ئەو خەڵکە بووبوو هۆکارەکەی ئەوەبوو هەموویان پشتیان کردبووە پەڕتووك و بەکاری بێ مانـاو پڕوپووچەوە سەرقاڵ بوون.
کتێبخانەکانیان کردبووە شوێنی بەخێوکردنی مەڕومالاّت و شوێنە کەلتوری و هونەرییەکان ببوە. گەراجی سەیارە. کۆڕی هونەری و ئەدەبی و مێژوویی ببوە شوێنی پارە گۆڕینەوە. باس هەر باسی دە هەزاری و پاوەندو دۆلار بوو .
دامودەزگاو کارگەو شوێنە گشتییەکان زنجیرو قفڵیان لێ درابوو.

دکتـــۆر لـــەبری ئـــەوەی مـــل بنـــێ بـــۆ عیادەکـــەی، خـــۆی دەکـــرد بەدەواجنەکانداو هێلکەی کۆدەکردەوە.

یـــەکێکی دی چارەســـەری نەخۆشـــەکانی دەکـــرد. کەتـــەنها ئاشـــنا بووبەپاراسیتۆڵ.

بەرپرسی رۆشنبیری وڵات خەریکی دارچاندن بوو. باخەوان لەجێگەی کاری رۆشنبیری وڵاتی دەبردبەڕێوە خانەنشینان بووبوونە شاعیر و شاعیرەکان بووبوونە خانەنشین و پشت گوێ دەخران.

ئای چ وێرانەیەك بوو.

بۆئەگەر لەنێو حاشاماتی ئەو خەڵکەدا سلاۆت بکردایە چ قورەت بوو کەسێك وەلاّمی سلاّوەکەت بداتەوە.. . هەمووان داڵغە بردبونیەوەو ئاواتیان گۆڕینی مۆدێلی سەیارەکانیان بوو.

ئێ ئاخر گوێیان لێ نەبوو هەمووان ئامێرێکیان بە گوێچکەوە گرتبوو بەبێ هۆکار قاقا پێ دەکەنین بەڵێ.. وڵات واشێوابوو . . . بە ئەستەم جوانیەکانت بەدی دەکرد.

دەوڵەمەندەکان دەستیان پان دەکردەوە بۆ سواڵکردن و هەژارەکانیش پێیان پێدەکەنین.

ئەوانەی بەمۆنیکاو لێگزرو وەنەوشەوە دەستیان دەرهێنابوو لەجامی سەیارەکانیانەوەو پۆزیان لێدەدا بەسواری کەرو عەرەبانەی سێ تایی هاتوچۆیان دەکرد.

ماموّستاو روّشنبیر تەسبیحیان بەدەستەوە بوو . . . فیتەرو نەخوێندەوارەکان چەند دانەیەکیان بەگیرفانەوەبوو.
گەنجەکان زوّرکار کەوتبوو بەسەریاندا بوّئەوەی بوّ ئایندە بەئەنجامی بگەیەنن بەلاّم بوّ هەمیشە لەنێو چەرەدوکەلّ و لە گوّشەی کافتریاکاندا وەنەوزیان ئەدا.
هەمووان بوّ پارچە نانێك ورگی یەکتریان هەلّدەدڕی کەچی بێ بەزەییانە خانمان هوّقەیەك سوراو و سپیاویان دەکردو قژیان کاری دەکردو داوای سپای گێتیان دەکرد.... ئاخ لەوکەربازارە. خودایە دەبێت چوّن ئەم دوّخە تێپەڕێنین.
لەنێو ئەو حەشاماتی خەلّکەدا دەمویست دەربازبم . . هەناسەم بەتەواوی تووندبوو بوو.
ویستم بچمە شەقامەکەی ئەوبەر.. بەلاّم نەکرا. چونکە دووکەس بەچەکەوە وەستابوون. ڕێگریان دەکرد.
پرسیم بابڕوّم حالّم باش نیە. بوّ مەگەرچی ڕوویداوە. وائەم شەقامە سەرەکیەتان گرتووە.
یەکێکیان وتی ناکرێت برالە.. کەمێکی تر. چەند لوّری بێرەدا دەڕوّن. . دەبێت بە یەکسانی دابەشی بکەین .
منیش خوّشحالّ بووم دوای چەندین مانگ وتم لەوانەیە ئاردی بایەعیەکە هاتبێت پرسیم کەوایە ئارد هاتووە.

هەردووكیان خەریك بوو لوولەی تفەنگەكەیان دەكرد بەچاوما دوریانخستمەوە و ئەوی تریان وتی نابابە.
ئاردی چی و حاڵی چی .. ئەولۆریانە چەندین تەن درۆیان باركردووە.. دابەش دەكرێت بەسەر خەڵكیدا.. . سەیركە . تیایەتی لە شەبەقیەوە هاتووە بۆ ئەوەی زوو بەری بكەوێت.
زۆر شڵەژام.. واتای چی. درۆ دابەش دەكەن ؟
یەكەمیان گوێی لێم بوو وتی . . . ئەی بۆ غەریبە بەلاتەوە. ئەڵێی لەم وڵاتەدا ناژیت .. بەم ڕۆژگارە ئەوەندە درۆدەكەن راستیەكان هەر لە گۆڕ نراون. درۆ هەموو شوێنێكی ئەم وڵاتەی گرتۆتەوە.
بەش ناكات. ناچار لەشوێنی لابەلاوە بۆمان دێت. ئەگەر پێت خۆشە. بچۆ سەرەكەوە. . .
گیانم كەوتە لەرزە. وتم نا من نامەوێت من بەدوای راستیدا دەگەڕێم . . ئەوا بڕیارم دا هەربەم شەقامەشدا نەپەڕمەوە.
لەڕاستیدا ئەوشەقامەم هەربەجێ هێشت.. بەدەم ڕۆیشتنەوە بیری ئەو وتەیەی پیرەمێردم كەوتەوە كەدەیووت.
كوشتن و دزی و تالاَن و دڕۆ
فەقیر و داماو ئەخاتە ڕۆڕۆ
ڕاستی نامێنیٚ.. زۆر ئەبیٚ بوختان.. تادوایی
بەدەنگی قاقای خەڵك بەئاگاهاتمەوە.

سەیرمکرد خەڵکێکی زۆر خڕبوونەتەوەو هاوارو پێکەنینیانەو بەموبایلەکانیان وێنەدەگرن.
خەمم بوو بزانم چیە. دڕمدا بەخۆم بەنێو خەڵکەکەدا تاچوومە نزیکەوە. چی ببینم شەڵلاّ هەرنەمبینیایە.
پیاوێکی ڕیش سپی هەشتا ساڵە قاچێکی کەوتووبووە ناو مەنهۆڵێکەوە.. هاواری دەکرد کەیارمەتی بدەن.
کەچی ئەوبیٚ بەزەییانە لاقرتیان پێدەکردوو وێنەیان دەگرت.. ویستم یارمەتی بدەم. هەرخۆشم نەمزانی چۆن فڕێیانداومەتە شوێنێکی تر.
ئەوشوێنە بازاڕی تەکنەلۆژیا بوو.
هەموو شارەکە ڕژابووە ئەویٚ پاڵەپەستۆیەك بوو هەرمەپرسە وتم ئاخۆ شتێکی گرنگ هاتووە وابۆی پەرۆشن.
دواجار بۆم دەرکەوت.
بەشێکیان کلکە ماسیحە دەکڕن و بەشەکەی تریان دەسکی پلەیستەیشن و ئایپاد، ئاخێکم هەڵکیشاو خەریك بوو هەموو شتێکم بیردەچووەوە بیرم کەوتەوە کەدەبێت خێرا حەبەکەم بخۆم.
بەڕاکردن ملی ڕێگای ماڵەوەم گرت.
لەنیوەی ڕێگادا کەوتمە ناو خەڵکێکی زۆرەوە کەئەوانیش ڕایان دەکر وتم یان ماراسۆنی پێش برکێیە یاخود ئەمانەش بێزاربوون لەهەمووشتێك و دەیانەوێت لەو ئاقارە هەڵبێن.

پرسیارم لیٚ کردن.. وتیان.
دەڵێن لەدەرەوەی شار چێشتخانەیەکی بەتام کراوەتەوە ئەگەرزوو نەچین نامێنێت.
وتم باشە. نەوس ئەوەی دەوێت. واخۆتان ماندوو دەکەن.
هەمووان بەیەك دەنگ وتیان
ها.. چۆن.. باسی نەوست کرد.. خاڵە بۆ لە خواردن خۆشتر هەیە .
جگەرەیەك و چایەکی بکەیت بە سەرداو یەکسەر لێی بخەویت .
ئێمە بخۆین.. ئیتر خوای دەکرد دنیا سەرەوژێر دەبوو.
منیش لەشوێنی خۆم وەستام.. چاوم لەسەریان بوو تاکو دورکەوتنەوە لەدڵی خۆمدا وتم.. ئای خودایە چۆن ئەم دۆخە تێپەڕێنین.
کات دەمەو عەسرێکی سەر لەبەیانی . . کاتژێر نەزانراوە .
بۆچی دەژین . . کەس نازانیٚ . . هەنگاو بەرەو چ ئامانجێك دەنێین . . مەگەر هەر خودا سەرمان لیٚ دەربکات .
بەنێو کۆڵانەکاندا . . دەم ویست هەر چۆن بێت خۆم بگەیەنمەماڵەوە . . لە ڕاستیدا هیچ شتێکم بیر نەمابوو . . وڕو کاس دەهاتم و دەچووم . . ئاخر نە حەبەکەم خواردبوو . . نە چەند ڕۆژێك بوو کتێبیشم خوێندبووەوە.

بە کۆڵانی لای چەپی شاردا تێ پەڕبووم . کابرایەکی ڕیش هاتووی بەرگ شڕ بە دەنگی بەرز پرسیاری لە کۆمەڵێك خەڵك دەکرد کە لە دەوری خڕبووبونەوە.

گوێبیستی یەکەم پرسیاری بووم . کە پێ ی وتن :

– باشە ئێوە بە چ هونەرمەندێکی ئەم وڵاتەی خۆمان سەرسامن . . . هەموویان بەیەك ڕیتم و بەیەك دەنگ جوابیان دایەوە . کە ئێمە تەنها سەرسامین . . بە ئەفسون و ئەتاهان و لاکشمی بایی و محەمەد رەزا گوڵزارو ڤاندام و جاکیشان .

کابرا سەرێکی ناڕەزایی لەقاندو . . دوبارە وتی . . ئەی باشە . ئەم هۆنراوەیە هی چ شاعیرێکە ؟

ئەی وەتەن . . مەفتونی تۆم و . . . شێوەتم . .

نەیانهیشت شیعرەکە تەواو بکات

هەمووان وتیان . . زۆر ئاسانە . . ئەوە شیعری خاڵە پوشکینە .

چاوم لێ بوو چۆن کابرا شێت گیربوو . تاکو هێزی تیابوو جانتاکەی دەستی فڕێدا . . هەرچی وەرەقەی تێدابوو بەسەر سەری خەڵکەکەدا دەکەوتە خوارەوە .

کابرا ئەو ناوەی بەجێ هێشت . هەرواش هاواری دەکرد . . نەفرەت لە ئێوە . بۆ بێگانە پەرستیتان.

خەڵکەکەش . . بە فیکەو . . تەعلیق لێدانەوە . . بەڕێیان کرد لەنێو وەرەقە بڵاوبوەکاندا . . چاوم بە نوسینێك کەوت .

کە زۆر سەرسام بوم پیٚ ی . .

لەسەری نوسرابوو . . بۆ ئەوەی بیرمان نەچێتەوە . . پێویستە بخوێنینەوە . . تاوەکو . . بیرمان بێتەوەو . . کە خوێندمانەوە راستیەکان دەدۆزینەوە .

بەم نوسراوەدا کابرا لەوە ئەچوو . . خەم خۆرێکی وڵات بیٚ و بیەوێت . لەو دۆزەخە خەڵکی قوتار بکات ، بەڵام ئەوەبوو کە بینیمان . . چۆن ئەو خەڵکە بیٚ ویژدانە بە پاڵ دووریان خستەوە .

هیچم بیر نەمابوو . . نەشم دەزانی بۆ بەنێو شاردا . . دەخولێمەوە . . کاتێکم زانی لە شەقامی سەرەکی شاردا بووم . گوێبیستی هاوارو هوتاف کێشان بووم . . هاوارەکە ووردە ووردە نزیکتر دەبویەوە لە گوێم . کە بینیم کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی وڵات بوو . . زۆر دڵخۆش بووم . . کە هوتافیان دەکێشا . . بەڵام غەڵبە غەڵبی بووم هیچ حاڵی نەبووم. بەڵام وتم . . ئەمانە لەسەرو کەسانی ئاساییەوەن . . ئەو دیوو دیوار دەبینن . . هەبێت و نەبێت . ویژدانیان جوڵاوەو دەیانەوێت ئەم دۆخە باش بکەن کۆمەڵگا وشیار بکەنەوە.

بەڵام کە تەواو نزیك بونەوە لافیتەیەکی گەورەم بینی بەدەستیانەوە بە گەورەیی لەسەری نوسرابوو . . . عال کولێوە شێلم

ئای زەمانە تۆ بڵێ ی ئەم دۆخە تێ نەپەڕێت . .

تەواو . . هەرچی هیوایەك . . هەبوو بە باچوو . ئەوان دەستیان داوەتە شێلم فرۆشتن . . زاناکان . . دەیانەوێت بەجێمان بێڵن . . ژیرەکان . . وەلانراون .

پرس و ڕا بە نەزان و بەرژەوەندی خوازەکان دەکرێت .

کەواتە ئەم دۆخە لەمە باشتر نابێت .

کەوتمە سەر ئەژنۆ . لەو شەقامەداو گیانم کەوتە لەرزە .

داوای هاوکاریم . . لە خەڵکی دەکرد . . کەسێك نەبوو . . دەست بداتە قۆڵم و پێم بڵێ چ خێرتە .

داواشم لە هەر کەسێك دەکرد لە ڕای خوا . . پەرداخێك ئاو و یاخود هەر هیچ نەبێ . . بمگەیەننە لای موزەمیدێك . . بەڵام دەیانوت خۆت لاڕەشەتە . بۆ ناچیت ئێمە کارمان هەیە.

لەو شەقامەی منی تیابووم لە چاوترۆکانێکدا کەسی پێوە نەما .

پرسیارم کرد . . هەموان بۆیە بە هەڵەداوان بەرەو ماڵەوەیان ڕۆشتون . بۆ بینینی زنجیرە درامایەکی تورکی . کە گوایە کۆتا زنجیرەی بووەو نایانەوێ لەکیسیان بچێ . . . من بە تەنیا مامەوە . . چاوم گێڕا. بەهەر چوارلادا. هەر خەڵك بوو دوکانەکانیان قفلێ لێ دەداو . ڕایان دەکرد.

ئازار زۆری بۆ هێنابووم . . تەواو شەکەت بوبوم . بۆ قومێك ئاو . . هەر هیچ نەبێ حەبەکە بخۆم.

تا ئەوەی گوێم لە دەنگی کابرایەك بوو . . لەو چۆڵەوانیەدا. هاواری دەکرد . .

یە اللە . . . کتێب . . . وەرنەوە بۆ کتێب . . . بیست کتێب بە سێ هەزارە .

لە راستیدا . . هەر کە ناوی کتێبم بیست . . کەمێك لە ئازارەکەم کەم بووەوە . . بە ئاستەم چاوم بۆ هەڵدەبڕا . .

ڕوانیمە کابرا . . کە پاڵی بە عەرەبانەیەکەوە دەنا پڕی کتێب بوو .

بە خۆمم . . وت . . دیارە هێشتا هەناسەیەك بۆ ژیان هەستی پێ دەکرێت . . وا کەسێکی وا دڵسۆز دەبینرێت لە وڵاتدا.

کابرا تەواو لێم نزیك بوەوە . لە چانسی من کەمێك ئاوی پێ بوو . . هەر چۆن بوو حەبەکەم خواردوو. . کەمێك هاتمەوە سەرەخۆ .

یەکەمین پرسیار پرسیاری کتێبم لێ کرد .

هەناسەیەکی حەسرەتی هەڵکێشاوو . . وتی ئای بەڕێزەکەم وڵات . . دارماوە . . دۆزەخێکە . . هەر مەپرسە .

لە بەیانیەوە هاوارمە . . کەسێك لە کتێب ناپرسێ . . منیش پێم وت . . کاکی من . .

کێشەکە لەوەدایە لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەوەی کە ئەخوێنێتەوە . . پارەی پیٚ نیە .

ئەوەشی . . کە پارەی پیٚ یە ناخوێنێتەوە. . . وە یا زۆرن کە ئاشنا نین بە کتێب .

پیٚ وتم سەد لە سەد وایە . . . چاوم لیٚ یە . کابرای پاقلە فرۆش.

بەرەو لای من دێت . . . تاکو بە هەراج نەمداوەتیٚ . . تۆ دەتوانی کتێبێك هەڵگریت بیٚ پارە.

منیش سوپاسم کردوو . . دەستم دایە کتێبێك. . پاقلە فرۆشەکە . . هات . . هەموو کتێبەکانی لیٚ کڕی . . بە دوو هەزار دینار . . .

کابرا بە حەسرەتەوە بۆ کتێبەکانی دەڕوانی . چاوی پڕ بوو لە فرمێسك . . کێشای بە سەری خۆیداو پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد . .
ئەی هاوار ئەمە چ بێوژدانییەکە چەندین کتێبی بەنرخ بە دوو دەسك سلْق بفرۆشرێت . 

منیش چوومە ناوەڕاستی شەقامەکەو . . چوار مشقی لیٚ ی دانیشتم . . باران خەریك بوو نمە نمە دەباری .

یەکەم لاپەڕەی کتێبەکەم هەڵدایەوە . . لەسەری نوسرابوو . بیربکەنەوە بۆ ئەوەی بیرتان نەچێتەوە . بخوێننەوە . . لەبەر ئەوەی ئەندێشەتان فراوان بێت . . . بە پێونوسی . . . خەمخۆرێکی وڵات.

کتێبەکە م نا . . . بەسەر سنگمەوە . . بۆ ئەوەی بارانەکە تەڕی نەکات. وە گەیشـتمە ئـەو بڕوایـەی کـە هـیچ کەسـێك لـەم وولاتـەدا. توشـی زەهایمـەر نـەبووە . . بـەڵکو هـەموان دەردە ناوشـیاریمانە . . بۆیـە گـەر بمانەوێت ئەم دۆخە تێپەڕێنین. پێویستمان بە شۆڕشێکی عەقڵیە.

*******************************

- خـەڵکی عـەودالّی بیـنین شـاعیرێکی نیشـتمان پـەروەربوون. .
هەرگیز نەیان بینی چونکە شاربەدەر کرابوو.

- بە شاعیرێکیان وت . . کە هۆنراوەیەك بـۆ نیشـتمان بنووسـێت .
ئەوەندەی نوسیبوو بۆ بەرپرسـەکان . . وشـەیەکی بـۆ نـەدەهات
تا ئەوەی خۆی خانەنشین کرد.

ئازاد پێنجوێنی

# ﴿ مردو شۆر ﴾

باوکەکە بە کوڕەکەی وت : . . . کوڕم چ ئاواتێکت هەیە لە ژیانتا ؟
کوڕەکەی وتی : بابەگیان ئاوات زۆرن . . بەڵام من ئاواتم ئەوەیە ببمە هونەرمەند.
باوکی کەمێك ڕاماو . بە پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزەوە بە کوڕەکەی وت : کوڕی خۆم . . من حەز ناکەم ببیتە هونەرمەند . . چونکە هیچت بە هیچ نابێ و ڕیسوا دەبی . کوا لێرە قەدری هونەرمەند دەگیرێت ! . .
کوڕەکەی سەرێکی لەقاندو وتی :
بۆچی باوکە وا دەڵێ ی . . ئەی ئەوە نیە هونەرمەندە جیهانیەکان ناوبانگ و پارەو هەموو شتێکیان هەیە ؟! . .
باوکی دەستی خستە سەرشانی کوڕەکەیی و وەك ئەوەی بیشێلێ یاری بە شانی دەکرد . . بە کوڕەکەی وت :
ڕۆڵە ئەوان جیاوازن وەك ئێمە بیرناکەنەوە . . ئاخر مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەکتری جیادەکەنەوە . . بەڵام لای خۆمان تەنانەت مرۆڤ وەك ئاژەڵیش سەیری ناکرێ و حیسابی بۆ ناکرێ . . لەبەر ئەوە واز لەو ئاواتەو بێنە . . . دوایی نانێکت دەست ناکەوێ بیخۆی گەر ببیتە هونەرمەند . . . تەواو نابوت دەبیت.

کوڕەکەی وادیاربوو پێی ناخۆش بوو . ئەو جوابەی درایەوە . . . هەر بۆیە کەمێك بێ دەنگ بوو پاشان بە باوکی ووت :

ئەی بابە گیان . . . بەڕای ئێوە چ ئاواتێك هەڵبژێرم ؟! . .

باوکی . . . شاگەشگە بوو بەم قسانەی کوڕەکەی .

ووتی : ئەی ئافەرم ئەم پرسیارەم بەدڵە . . . ببە بە مردوشۆر .

کوڕەکەی حەپەساو . . . بە باوکی وت :

مردو شۆر ؟! . . . بۆچی باوکە ؟ . . . جا ئەوە کەی ئاواتە ؟! . . .

باوکی زۆر بە هێمنیەکەوە وتی :

ڕۆڵە . . ئەم ولاتە ولاتی قەزاو قەدەرە . . . ولاتی بێ ئومێدی و بێ ئاواتە . . . وابڕوات هەموومان لەخەفەت و مەراق و بیرکردنەوەدا دیق دەکەین . . ئێ دوای ئەوە بەلایەنی کەمەوە ڕۆژی دە بۆ بیست کەس ڕۆژانە گیان لەدەست ئەدەن .

ئەگەر تۆ ببیتە مردوشۆر . . ئەو کات بازاڕت گەرم دەبێ و بەو هۆیەوە هەم ناوبانگ و هەم پارەش بەدەست دەهێنیت . . . کەوایە هەرگیز ڕیسوا نابی .

کوڕەکە . . بەدەم بیرکردنەوەوە . . هاتە بەردەرگای کۆڵان . . لەو کاتەدا جەنازەیەکیان بە کۆڵانەکەدا برد .

لە کابرایەکی پرسی . . ببورە بەڕێز . . ئەوە کێیە مردووە ؟ . . کابرا وتی: ئەو هونەرمەند بوو

کوڕەکە دووبارە لێی پرسیەوە ببورە بە چی مردووە ؟ . .

کابرا بە توڕەییەوە وتی : قابیلە بە چی مردبێت . . کۆمەڵگا ڕێزیان لەکارو بەرهەمەکانی نەدەگرت لەداخا دیقی کردو مرد.

کوڕەکە هەر چاوی لەسەر جەنازەکە بوو . . . هەردوو قۆڵی لێ هەڵکردوو لە دڵی خۆیدا ووتی:

باوکم ڕاست دەکات . . . با لەمڕۆوە دەست پێ بکەم .

بەهەڵەداوان دوای جەنازەکە کەوت . . . تاکو بردیانە نێو مزگەوتەکەوە . بەبێ دەنگی خۆی کرد بە ژووری مردوشۆرەکەدا بێ ئەوەی پرس بە کەس بکات . . . دەستی کرد بە شتنی جەنازەکە.

# - ویژدان -

پڵنگەکە لەناو دارستانەکەدا لە چاوەڕوانی ئاسکێکدا بوو بۆ ئەوەی بیکاتە ژەمە خۆراکێکی .
پڵنگی شەکەت و ماندوو لە برسانا لیك بە دەم و قەپۆزیدا هاتبووە خوارەوە .
ئەم دیمەنە لە شاشەی T.V یەکەوە پیشان دەدرا . کە کابرایەکی ورگن دانیشتبوو بەدیاریەوە . لەدوای هەوڵێکی بیّ وچان و ڕاکە ڕاکە هەرچۆن بوو پڵنگەکە ئاسکەکەی گرت و دەستی کرد بە خواردنی .
کابرا کێشای بە ڕانیداو هەزار جنێوی ساردو سڕی دا بە پڵنگەکە. کە بۆ ئەو ئاسکە ناسك و نازدارە دەخوات .
کەچی خۆشی قاچی خستبووە سەر قاچ و یەك قاپ گۆشتی کەوی لەبەردەمدا بوو. .
بە شانازییەوە دەیخوارد .

****************************************

## ( پەنجەرە )

لەناو پەنجەرەی کۆشکەکەی دانیشتبوو
چاوی بڕیبووە نێو باخچەی کۆشکەکەی
بە هێواشی سەرنجی ئەدایە دارو درەخت و گوڵەکان
بەڵام لە ڕوخساریدا جگە لە دڵتەنگی و بیٚ هیوایی
هیچی دی بەدی نەدەکرا
جار جارە لە خۆی دەپرسی . ئەم هەموو سەروەت و کۆشك و باڵەخانەیە دڵخۆشکەر نین بۆم . . ئای خودایە .
بۆ دەبێت وابێت.
خزمەت کارێك . دای بڕی . کە هاتە نێو پەنجەرەکەو .
پەرداخێك ئاو و قاپێك میوەی هەمەجۆری بەدەستەوەبوو . ویستی بۆی دابنێت .
بەڵام کابرا بەسەر ئامارژەی دا . . کە ئیشتهای ناکات و لایبات .
خزمەتکارەکە . . لەناو پەنجەرەکەدا نەما.
کابرای ناو پەنجەرەکە . سەری بڵند کرد لە شەقامەکەی بەرامبەری . . کابرایەکی . . بینی پاڵی بە عارەبانەیەکەوە دەنا . . وتی . . خۆزگەم بە خۆت . . هیچت نیە . . بەڵام هەموو شتێکت هەیە . . . زەنگین نیت

بەڵام خەنیت بە ژیان . . . ئاه . . . خۆزگەم بە خۆت . . ئیرەییت پێ ئەبەم .
دەنگێك کە دەنگی کچەکەی بوو . . . پێ ی وت
بابە گیان . . نایەیتە ژوورەوە . . دەبێت خۆت بشۆیت
کابرا هەناسەیەکی هەڵکێشاو و بە هێمنیەکەوە وتی . .
نا کچی خۆم . . . حەوسەڵەم نیە . . بە خەم ساردیەکەوە دەستێکی برد بۆ گوڵی ناو ئینجانەی سەر پەنجەرەکەو ویستی گوڵێك لێ بکاتەوە . . بەڵام هەر زوو دەستی گێڕایەوە .
چاوی چوە سەر باخەوانەکەی
کە خەریکی باخچەکە بوو . . . گژوگیای باخچەکەی دەقرتاندو کۆی دەکردنەوە .
کابرا سەرێکی لەقاندوو لەبەر خۆیەوە وتی . . بۆ تاوێکیش بێت . . کاکی باخەوان . . با بێمە شوێنەکەت .
سەری بڵند کرد بۆ ئاسمان و ووتی . . خودایە . . ئامادەم بە هەر نرخێك بێت . . . تەنانەت تەواوی سەروەت و سامانم دەبەخشم . . . گەر بۆ تەنها چرکەیەکیش بێت بتوانم . . قسەکەی بۆ تەواو نەکرا چونکە عەینەکەکە لە چاوی کەوتە خوارەوەو پارچە پارچە بوو ، هەروا چاوی دەگێڕا بە ئاستەم باخەوانەکەی بۆ دۆزرایەوە کە گژوگیاکەی

کۆدەکردەوەو لەنێو باخەکەدا بەدەم پیاسە کردنەوە گۆرانی بۆ مەرگ دەوت.

کابراش چاوی پڕ بوو لە فرمێسك . گۆرانی بۆ ژیان دەوت و ئەینالاَند . تا ئەوەی دوو خزمەتکار هاتن . . باوەشیان پیادا کردوو بردیانە ژوورەوە . . . هۆکارەکەشی . . کابرا ئیفلیج بوو .

لەو ڕۆژەوە کابرا تا لە ژیاندا بوو هەرگیز نەهاتە ناو ئەو پەنجەرەیەوە .. چونکە چاوەکانیشی بە تەواوەتی لەدەست دا.

************************************

## ( تەقەی خۆشی )

لـەنێو حەوشـەی ماڵەکەیانـدا لـە چـاوەڕوانیدا بـوون .هـەر دەهـاتن و دەچوون

چـاوێکیان لـەو ژوورەی بەرامبـەریان بـوو . . کـە بەسـەر حەوشـەکەدا دەیڕوانی .

هەموویان لە دڵەڕاوکێدا بوون . گوێبیستی هەواڵێکی خۆشیان دەکرد.

ژنێکی بەساڵاچوو . .

کـە پـێ دەچـوو مامـان بێـت . هاتـە نێـو دەرگـای ژوورەکـەوە بزەیـەکی کردوو . بە پیاوی ماڵەکەی وت

مژدانەم دەوێت . . خوا کوڕێکی چاوشینی پێ بەخشیون .

لە تەواوی ئەو حەوشەدا . . بووبە خۆشی و شایی لۆغان .

پیاوەکـە . . لـە چاوتروکاندنێکدا سـیلاحەکەی هێنـاو دەسـتی کـرد بـە تەقە  بە ئاسمانا لە خۆشی ئەوەی کە کوڕی بووە.

لە شپرزەییدا سیلاحەکە لـە دەسـتی تـرازاو هەرچـی فیشـەك هـەبوو بـەر ناوسکی دوو کچ کەوتن .

ئەوان خەڵتانی خوێن بوون .

هەرچی خۆشی و شادی هەبوو لە چرکەیەکدا گۆڕا بۆ شیوەن.

ئاخر ئەم دوو کچەی کە بوونە قوربانی

کچی ئەم کابرایەبوون کە مناڵەکەی بوو بوو .

*********************************

# ( ویستگە )

لە بەردەم ویستگەیەکی قەراغ شاردا وەستابوون . .

چاوەڕوانی پاسیان دەکرد . .

چاویان لەسەر ڕیشۆڵەیەك بوو کە بەسەر تەلێکی کارەباوە هەڵنیشتبوو . پێ دەچوو برسی بێت .

ناو ناوە ڕیشۆڵەی تەنیاو پەڕوباڵ شێواو . . قەڵەمبازێکی ئەداو . بە هەر چوارلادا ملی بائەداو دەهاتەوە سەر تەلەکە.

وادیاربوو جگە لە خۆی . . هاوڕێکانی ئەسەریان نەمابوو .

یەکەم بزیەکی کردوو لەبەر خۆیەوە ووتی . . . .

چەند خۆش بوو بە منداڵی باوکم ڕیشۆڵەی بۆ دەگرتم و منیش دەمفرۆشتن .

دووەم . . . سەرێکی لەقاندو وتی . . .

منیش بە منداڵی باوکم ڕیشۆڵەی بۆ دەکڕیم . . . بۆ ئەوەی من ئازادیان کەم .

یەکەم . . . کە پیاوێکی ورگنی سەروسیما عەبوس بوو . . وتی :

ئێستە ئەو ڕیشۆڵەیە نەگریت و ملی هەڵکەنی و لە تاوەیەکدا سوری کەیتەوە . . .چەند خۆش دەبوو.

دووەم . . کە ئەفەنیەك بوو . . هەناسەیەکی هەڵکێشاو و وتی . . .

چەند جوان دەبوو . . ناو لەپی دەستم پڕ بوایە لە خواردن و ئەویش بە باڵەفڕە بهاتایەتە سەر دەستم و تێری بخواردایە . . ئاوڕێکی دایەوە بۆ کابرای ورگن و پیٚ ی ووت . .

دیارە قەڵسی بە گیانلەبەران.

کابرای ورگن . . بیٚ ئەوەی ئاوڕی بۆ بداتەوە . هەر چاوی لەسەر ڕیشۆڵەکە بوو . ووتی ڕێك وایە ئاواتم پشیلە خنکاندنە . . . بڕوا ئەکەی پشیلەو چۆلەکەم لە گەڕەکدا نەهێشتووە.

ئەفەنیەکە . . . زۆر قەڵس بوو . . .بە هەناسە توندییەوە .

وتی . . چ کارەیت . . . وەزیفەت چیە ؟

کابرا . . . زۆر بە شانازییەوە پیٚ ی وت . .

جەلادم . . .

ئەفەنیەکە . . . دەستێکی هێنا بەسەرو قژیداو . . لە تووڕەیدا چەند تاڵێکی لە مووی سەری کردەوە

وتی . . چۆن جەلادێك . .

کابرای ورگن . . بە دەنگی بەرز وتی . . جەلادی یاسا . .

پاسەکە گەیشتە وێستگەکە . . .

جەلادەکە . . هەنگاوی نا . .بەرەو پاسەکەو ئاوڕێکی دایەوە بۆ ئەفەنیەکەو پیٚ ی ووت . ..سەرناکەویت . .

کـابرای ئەفـەنی . . .بـێ ئـەوەی جـوابی بداتـەوە چـاوی هـەر لەسـەر ڕیشۆڵەکە بوو .

جەلادەکە بەرەو ناو شار بەڕێکەوت .

کـابرای ئەفـەنیش تـاکو ئێسـتا بـەبێ دەنگـی و بیرکردنـەوەوە لـە ویستگەی پاسەکەدا ماوەتەوە.

***************************************

# ( چاوەڕوانی دڵەکان )

چەندین ساڵ بوو شەیدای ئەم کچە بوو . . . لەبەر ئەوەی کەسێکی زۆر شەرمن بوو هەرگیز غیرەتی ئەوەی نەدەکرد پیٚ ی بڵیٚ من ئاشقی تۆم .

زۆربەی کات دوراودور دوای دەکەوت . . هیچ کات لە خۆی ڕانەدەبینی بچێتە بەردەمی. دواجار بەبیٚ هیوایی دەگەڕایەوە . تا ئەوەی ئێوارەیەکیان هەموو شتێکی وەلاناو پەیمانی دا بەخۆی کە هەر دەبێت ڕازی دڵی بڵیٚ و ئەم گریٚ کوێرەیە بکاتەوە .

چووە بەردەم کچەو بە شپرزەییەوە بەردەمی لیٚ گرت .

بە پرتە پرت و لاڵە لاڵ . . هەر چۆن بوو . . بە کچەی وت . .

من . . . من . . . تۆم . . خۆش دەوێت .

کچەکە بە هەموو هێزی یەك زلەی لە پەناگویٚ ی کوڕە سرەواند.

کوڕەی داماو . . . سەری داخست و دەستی گرت بە پەنا گویٚ یەوە . . بە دەنگێکی لەرزۆك بە کچەی وت . . بۆ لێم دەدەی . . . !!

کچەکە چاوی لیٚ بز کردەوەو بە توڕەییەوە وتی . . .

تازە بە من دەڵیٚ ی خۆشم دەوێیت . . حەفتەیەکە شووم کردووەو لە مانگی هەنگوینی گەڕاومەتەوە . . من بەردەوام چاوەڕێی تۆم دەکرد .

. .ڕۆژێـك بێیتـە سـەر ڕێـم و پـێم بڵـێ ی خۆشـم دەوێیـت ، بـەڵام هـەر نەتوت .

کوڕەکـە . . گیـانی کەوتـە لـەرزە . . . سـەری داخسـت و پاشـەو پـاش گەڕایەوە دواوەو بە هەڵەداوان. خۆی کرد بە کۆڵانێکدا .

لەنێو کۆڵانەکەدا دەنگی چەند زرمەیەك بەر گوێ کەوت . . .

دەرکەوت کوڕەی شەرمن بووە سەری کێشاوە بە دیواری ماڵەکاندا .

- كەسانێك هەن ناخيان ئەوەندە پيسە كە زۆر پێويستيان بە پاك بوونـەوە هەيـە . . كەچـی كـە باران دەبارێـت . . دەچنە پـەناو پەسێرەكان بۆ ئەوەی تەڕ نەبن .

- هەميشـە لـە قـوڵايی ناخمـەوە . . .ئەوەنـدەم ئـازار هەيـە كـە زۆر جـار تـەواوی جەسـتەم دادەگرێـت. . كەچـی هـەموو رۆژێـك نزيكـەكانم لۆمـەم دەكـەن كـە بـۆ قـژم شـانە نـەكردووەو جلـەكانم ئوتو نەكراوە.

ئازاد پێنجوێنی

# گۆرانیبێژی ئاهەنگی

کچە پێشکەش کارەکە . بوە جێگەی گلەیی ئامادەبوانی نێو هۆڵەکە. خانمی پێشکەش کار لەتاو فیکەو هات و هاواری خەڵکەکە هەر نەیزانی چۆن بەنێو قاڵدرمەی سەکۆی سەر شانۆکە سەربکەوێت قاچی گیربوو لە کراسەکەی و بەلاداهات. ئەگەر ئەو دوو کەسەی کە لەسەر شانۆکە چاودێر بون نەیان گرتایەتەوە . . خراپ ئەقەوما. هەموو ئەوانەی ناو هۆڵەکە ناڕازی بوون دەیان وت چەند کاتژمێرێکە لەم گەرمایەدا چاوەڕوانین . دەستی دەستیمان پێ دەکەن و هەر دەڵێن سەبرتان هەبێ . . بابە خۆ ئێمە ئەیوب نین !! .

ئاخر کچەی پێشکەش کار کاتژمێرێك دواکەوتبوو . . نێو هۆڵەکەش جگە لە موبەریدەیەکی گەورەی شەق و شڕ کە دەنگێکی بێزارکەری هەبوو . . دەنا ئەو سپلێتانەی کە بە سەقفەکەوە بوون هیچی دانەگیرسابوو . . چەند جارێك بە خاوەنی هۆڵەکەیان گوتبوو کە پڕوکاوین و هێزمان لێ بڕاوە لەتاو گەرما. عیلاجێك . . چارەیەك . . روحمێك .

خاوەن هۆڵەکە وتبووی . ناکرێ . قەرزاری کارەبام و ئەو سپلێتانەش کارەبا زۆر ڕادەکێشێت. . . گوێ مەدەنێ . . . وردە وردە ڕادێن . مادام ئەم دۆخەتان پێ قبوڵە نە پێویستان بە عیلاجە نە ڕەحم.

زۆربەی ئەوانەی نێو هۆڵەکە . . دەتوت بەرازن . . چۆن لەو هالاَّوو گەرماوو ژاوە ژاوە . . بێزار نەدەبوون . . لە هەریەکێك لەوانەشت بپرسیایە . . بە زەردەخەنەیەکەوە دەیوت . . . گەرما چیە بابە . . با تۆزێکی تر کاکی گۆرانی بێژ بێت و دوو گۆرانی هەڵبەزو دابەزمان بۆ بڵیٚ هەموویمان بیر ئەچێتەوە. . .

هیچ یەکێك لەوانە باکیان نەبوو چی دەگوزەرێ لەنێو هۆڵەکەدا. گرنگ ئەوەیە کات بەسەر بەرن. . . زۆربەیان ئارەق بە پەناگوێیاندا هاتبووە خوارەوە . بە مەقەبا باوەشێنی خۆیان دەکرد . . خانمانیش لەتاو قرتە قرتی گوڵەبەڕۆژە خواردن . . هەستیان بە هیچ نەدەکرد.

ئاهەنگەکە ئاهەنگێکی گۆرانی و هەڵپەرکێ بوو بە دەنگی ( دۆلاَّب قەشمەری ) .

پێش کەش کارەکە . بە شەرمەوە هاتە پێش شانۆکەو بەرێزەوە داوای لێبوردنی کردوو . . هۆی دواکەوتنەکەی پیٚ وتن .

کە بۆ خۆڕازاندنەوە لە سالۆنەکە هەروا زوو سەرەی بەرنەکەوتووە.

پێشکەش کاری چی . . هۆقەیەك سوراو و سپیاوی تۆخ وەك قوڕی خەست یابووی لەسەرو سیمای . . قژی وا ئالۆزکابوو هەر دەتووت کارەبا لێیداوە. . . ئەم خانمە کورتە بالاَّیەك بوو . . جوتێك قاپ قاپی ٢٥ سانتیمەتری لەپیٚ کردبوو . . کە ئەت ووت داری واوەیلایە.

لەنێو هۆڵەکەدا . . زۆرجار گویٚ بیستی ئەوە دەبوین. . کە کوڕو کاڵ هاواریان دەکرد بۆ خانمی پێشکەش کار (باڵاکەت بەرزە خڕە گیان) . . ئەمەیان چەند جارێك دەوتەوە . . تا ئەوەی چاودێری هۆڵەکە بیٚ دەنگی دەکردن .

ئەم خانمە . . دەستێك جلی ئاڵاو واڵای کوردی لەبەرکردبوو . . کە درۆم نەکردبیٚ هەرچی ڕەنگی نەشازە لەم جلانەیدا هەبوو . . . بە قاچی دا شۆڕبووووەوە . . . چەند مەترێکی زیادەی بەسەر شانۆکەدا بڵاوبووبووەوە . خۆ ئەگەر خاتوو خەجیٚ ی بەرگ دروو بمایەو ئەم دیمەنەی ئەم خانمەی ببینایە. ئەوا زوڵفی دەگرت و لەسەر سەکۆی شانۆکە فڕیٚ ی ئەدایە خوارەوە .

ئاخر ئەم خاتوو خەجیٚ یە رۆحی شادبێت. . دەڵێن دبلۆمی هێنابوو لە دورینی جلی کوردیدا. . خولاسە دەست پیٚ کردنی ئاهەنگەکە. خولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پیٚ کرد.

زۆربەی ناو هۆڵەکە هەر تاقەتیشیان نەبوو لە جێگەی خۆیاندا بجوڵێن. . هەندێکیان سەریان شۆڕکردبووەوە بەسەر مۆبایلەکانیاندا. بیٚ ئاگابوون . . . هەندێکیشیان خۆیان دابوو بەسەر کورسیەکەی پشتیاندا. بەلاری وەستابوون . . خانمانیش کە بە شێکی کەمیان نەبیٚ هەستابوون. دەنا ئەوانی دی خەریکی گوڵەبەڕۆژە خواردن و زەم کردنی یەکتری بوون . . لەناو هۆڵەکەدا بوو بە هات و هاوار . کە

خولەکێك زۆرە بێزار بوین . ناچار ٣٠ چرکە لە خولەکەکە تەواو نەبوبو . پێشکەشکارەکە دەمی نا بە مایکەکەوەو فەرمووی کە دانیشن و بە زەردەخەنەیەکەوە وتی . . . تا ئاهەنگەکەمان دەست پێ دەکات . . فەرموون ئێوەو گۆرانیەکی حەسەن زیرەکی نەمر .

بەلاَم هەرزوو گۆرانیەکە لابرا . . . ئەو خەلَکە ئامادە نەبوون گوێبیستی بن . . پڕ بە هۆلَەکە هاواریان دەکرد . . کەی باوی ماوە . . ئەگەر مایکل جاکسۆنێ . . عەلی دیکی بێ . . ئەوا خۆشترە . .
ئەم خانمە . . بۆ ئەوەی بێ دەنگیان بکات . . دەستی کرد بە نوکتە گێڕانەوە . . ناو هۆلَەکە دەنگی ئەدایەوە . . بە قاقاو حیلکە حیلکی ئامادەبوان .

هاواریان دەکرد . . . دوبارە . . . سێ بارە . . . شەش بارە . . . خانم حەز ئەکەی تا بەیانی لەو جۆرە نوکتانەمان بۆ بکە گەشەی پێ دەکەین .
خانمی پێشکەش کار . . . پێ ی وتن . . شیعرێکتان بۆ دەخوێنمەوە کە شیعری جیلی نوێ یە .
ئەمە شیعرەکەی بوو . .

لە گرمە . . گرمی پەرەمێزی نان کردن
لە ئەستێرەی نەکشاوی . . خەوالَو
ڕۆژی یەك ملیۆن و پانزە جار
خۆشم ئەوێی لە گشت کەسم زیاتر

## ئەی کچە درێژ داهۆڵەکە

بو بە چەپڵە ڕێزان و فیکە لێدان . . . هەموان دەیان وت . . . به ڕاستی جوانه . . .شاکاره . . . له کانگای دڵیانەوه ئەم وشانەیان دەوت.

کەسێك لەناو ئامادەبوانی هۆڵەکە هەستا وتی . . . خانم ئەو نامیلکەیەمان چۆن دەست کەوێت . . . ئامادەم ١٠٠ هەزاری پیٚ بدەم . پێشکەش کارەکە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی . . چاوەڕوان بن لەم ڕۆژانەدا چاپی شەشەم و حەوتەمی لیٚ دەردەکات. بوو بە ژاوەژاو و مقۆمقۆ . . کۆمەڵێك دەیان ووت ئێمە سەرو شەش نامیلکەمان دەوێت. کۆمەڵێکی تر هاواریان دەکرد . . ئامادەین هەمووی بکڕینەوە چونکە ناخ هەژێنەو مادام قسەی قوڕی تێدایە بە کەڵکی ئێمە دێت .

خانم چەند جارێك کێشای بەسەری مایکەکەدا.

تکایە بیٚ دەنگی . . ئێستاش هونەرمەندی دیارو ئازیزی وڵات . . . خۆشەویستی هەموان . . . کاکە ( دۆڵاب قەشمەری) . . هونەرمەندێك . . . کە شەو و ڕۆژ و بیست و چوار سەعاتە خەو ناچێتە چاوی بەردەوام لە خزمەتی ئێوەو هونەری کوردیدا . . . هێستری خۆی تاوداوە . . . تەنانەت . . لە وەنەوزەکانیشیدا ململانیٚ ی لە تەك خەودا کردووەو . . . تا خوا حەزکات ئاوازو گۆرانی چڕیوەو هۆنراوەی ڕێك خستووەو لکاندوویەتی بەیەکەوە. هەر بۆیە بەم تەمەنە

کەمەوە . . خاوەنی چوار هەزار و بیست و دوو گۆرانی یەو شەش ئەلبومی تازەشی بەڕێوەیە .

تکایە چەپڵەیەکی قایم بۆ ئەم هونەرمەندە . . ماندونەناسە.

بوو بە هەراو هوریایەك . . هەرمەپرسن . . تاکو گۆرانی بێژەکە هاتە پێشی شانۆکە چەپڵەوفیکە لێدان و هات و هو بەردەوام بوو. ئەم کاك دۆلابە مایکەکەی لە خانم وەرگرت و دەمو پلی یا بەیەکداو بە پۆزێکەوە وتی . . سلاو . . پێویست ناکا خۆم بناسێنم بیٚ گومان هەموتان . . .هەوادارو ئاشقێکی سەرشێتی خۆم و گۆرانیەکانمن . . وایە ؟

هەموان بە هاوارەوە . . . وتیان . . . وایەو ئەولاتریش .

کاکی گۆرانی بێژ . . . . بیٚ دەنگی کردن و وتی . . . زیاتر شەیدای چ گۆرانیەکی منن. . .بابەو گۆرانیە ئاهەنگەکەمان دەست پیٚ بکەین . . کۆمەڵێك. بە هەڵبەزو دابەزەوە . . .چوبونە سەر کورسیەکان و هاواریان دەکرد . . . گۆرانیەکت هەیە بەناوی ( خانمی ئێسك قورس خێرامەڕۆ) ئەوەمان بۆ بڵیٚ ؟!! . . . . .

کۆمەڵێکی تر دەستیان کرد بە ناڕەزایی وتیان . . ئەوە خەفەتی یە . ئێمە هاتوین تۆزێك . . .بایدەین . . ئەو گۆرانیەمان بۆ بڵیٚ کە دەڵیٚ ی ( لوتت خەیارە چەشنی ترۆزی . . سنگت سێوە وەك ناوساجی ) . . چەند خانمێك ڕاپەڕین و کەوتنە جنێودان بەو کۆمەڵەو وتیان ئێمە

هیچ خۆشیمان لەو گۆرانیە نایەت ، چونکە ئافرەت بوەتە کالآیەك و هەراجی دەکات .

با ئەو گۆرانیەمان بۆ بڵێ کە دەڵێت ( کوێرایت دایە خانمی گۆنا ئاڵ).

ئەم کاکی بەناو هونەرمەندە . . بێ دەنگی کردن و وتی . . کەوایە خۆم گۆرانیەکی تازەتان بۆ دەڵێم . . هالاوی لێ هەڵدەستێت ئەوەندە تازەو لۆکە . . گۆرانیەکەش بەناوی( بێ مێشکین)ەوەیە.

سەرەتا وەکو مەقام دەستی کرد بە بۆڕە بۆڕ . . . وشەی ئاخ ئەمان ئاخ ئەمانی ٨٠ جار وتەوە .

شانێکی بۆ هەڵتەکاندو تا هێزی تیابوو قاچی دا بە زەویەکەدا .

هەموو سەر شانۆکەی کرد بە تەپوتۆز . . . بە کۆکەکۆك ویستی بیکات بەبەستە . . . فریانەکەوت.

کابرایەك . . . لە بۆشایی سەقفی سەرشانۆکەوە . . بە گوریسێکەوە خۆی شۆڕکردەوەو . . . پەلاماری گۆرانی بێژەکەی داوو کردیە ناو گونیەیەکی خەت سورەوەو بەرزبویەوە بۆ سەر سەقفی شانۆکەو دیارنەما.

لەنێو هۆڵەکە . . .بوو بە ژاوەژاوو. هات و هاوار . . هەموان ڕایان کردە دەرەوە. بزانن مەسیری ئەم کاك قەشمەرەیە . . چی بەسەرهات .. کابراکە گۆرانی بێژەکەی دابو بەسەر شانیداو ڕای دەکرد... خەڵکەکەش بەدوایدا .

بۆ دواین جار کابرا لەسەر دۆڵێك بینرایەوە . . تا هێزی تیابوو گونیەکەی هەڵدایە ناو کۆمەڵێك پیسی و پاشماوەی کۆن.

ئەو خەڵکەش . . هەروا عەودالْ بون کە بزانن چی ڕوویداوە . .

کاتێك گۆرانی بێژەکەیان بینیەوە . . . دەینالاندو کەوتبووە سەرو گوێلاکی خۆی و بە چەپۆك لە خۆی ئەدا .

دەم و چاوی کاکی هونەرمەند بە ئاستەم دەبینرا . . . پاشماوەی پیسی کەلاوەکەو . . سیدیە زۆرو زەبەندە شکاوەکانی خۆی تا بینەقاقای هاتبوون.

بە باوەش سیدیەکانی هەڵدەگرت و بەسەرو گوێلاکیدا بلاوی دەکردەوە . وەك ئەوەی قوڕ بپێوێت.

چەند کەسێك لە شەیدایانی سەرسەختی ئەم هونەرمەندە هەنگاوێك چونە پێشەوە بۆ ئەوەی ڕزگاری بکەن لەو دۆخەی کە تێی کەوتووە.

ئەمیش بەلایلایەو شین و شەپۆڕ . بە دەنگی بەرز ئەی بۆڕاند بە خەڵکەکەی وت .

ئیدی پێویست ناکات . . هەردەم زانی ڕۆژێك ئەم شوێنە دواین ویستگەمە . . چی بچێنین هەر ئەوە دەدورینەوە . . . بەڵێ شوێنی ڕاستەقینەی من ئێرەیە . . . من خۆم باش دەناسی کە هیچ نیم . . پیاهەڵدان و شەیدابوونی ئێوە بۆ من وای کرد کە هەرچی بەدەممدا هات بۆتانی بڵێم و لە ساڵێکدا بە سەدان سیدی بخەمە بازاڕەوە . . .دەمبینین گیرفانتان سەوزەڵە خانمی بوو کەچی قەرزتان دەکردو وەك

شاباش هەڵتان ئەدا بەسەرو سەکوتی مندا بۆ ئەوەی وشەی بێ ماناتان بەسەردا بڵێم . . سەبەب کاری ئەم دۆخەی من ئێوەن . . . هەر بۆیە ئەم شوێنەم بە نسیب بووە و هەرگیز ڕزگارم نابێ لێ ی .

خەڵکەکە پرسیان بۆ ئەم شوێنە کوێ یە ؟

گۆرانی بێژەکە ئاخێکی هەڵکێشاوو

وتی . . . ئێرە زبڵدانی مێژووە !!

خەڵکەکە کەوتنە مقۆمقۆ لەنێو خۆیاندا.

ئیدی بۆیان ڕون بویەوە . کە هەرگیز مێژوو ڕەحم بە هیچ کەس ناکات.

بۆیە خەمیان بوو بزانن ئەو کابرایە کێ بوو وا ئەم گۆرانی بێژەی بەو ئاقارە برد . .

دوای گەڕان و سۆراخێکی زۆر کابرایان دۆزیەوە . کە لەسەر پشتی بە گەورەیی نوسرابوو . .

(( خەم خۆری هونەری کوردی)) . .

بەڵام ئەوەی سەیر بوو هیچ شتێك لەو ڕوداوانە کاری نەکردە سەر هزری ئەو خەڵکە .

لەو شەقامەی ئەمانی لێ بوون . . . بە ئاراستەی لای چەپ . ئاهەنگێکی گۆرانی و هەل هەلەو هەڵپەڕکێ هەبوو .

بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە نێو هۆڵەکەو بە فیکە لێدان و هات و هاوار ئەوەندەی تر ئاهەنگەکەیان گەرم کرد .

- لـە بـازاڕی مرۆڤایەتیـدا . . ئەمانـە دەبەخشـرانەوە . . وەفـا . . ویژدان . . ئەدەب . . خۆشەویستی . . چەند کات تـێ پـەڕی . . . کڕیار نەبوو .بە ناچاری دەرگای بازاڕەکە کلیل درا .

**ئازاد پێنجوێنی**

# ( مەنتق )

حاكمەكە روی كردە تاوانبارەكەو . . .

پیێ ی ووت . .

تۆ تاوانباریت بەوەی كە شەوی ڕابردوو كاتژمێر هەشت و نیو كەسێكت كوشتووە .

كاكی تاوانبار كە كوڕێكی گەنج بوو . .

بە زەردەخەنەیەكەوە بە حاكمەكەی وت . .

وانیە قوربان . . من ئەو كارەم نەكردووە . . بۆشت دەسەلمێنم . .

ئاخر دوێنێ شەو لە یانەیەكی شەوانە لەگەڵ كچەكەی جەنابتانا لە كاتژمێر حەوتەوە تاكو بەیانی سەمامان دەكردو دەمان خواردەوە .

حاكمەكە حاڵی تێكچوو . . چەكوشەكەی لە دەست كەوتە خوارەوە لە شپرزەیدا یاری بە بۆین باخەكەی دەكرد . . تاكو لە ملی گیر بوو .

بە توندی بە هەردوو دەستی كێشای بە مێزەكەی بەردەمیداو بە دەنگێكی لەرزۆك و نوساوەوە وتی:

هیچ مەنتقێك نای سەلمێنێ كە ئەم كوڕە تاوانی كردبێت . . .

بۆیە دادگا بڕیاری دا ئازاد بكرێت.

شایەدی یەكەم هەڵی دایەو بە حاكمەكەی وت . .

قوربان . . . مەنتق ئەوەیە كە دوو دوو دەكاتە چوار

نەك ئەوەی ئەم تاوانبارە هەڵیت و پەڵیت بڵێ و لای جەنابتان مەنتق بێ .

حاکمەکە توڕەبوو . . هەستایە سەر پێ و کێشای بە مێزەکەداو بە دەنگی بەرز وتی :

لەکاتی هەستیاردا . . ناچارین

کە بڵێین دوو . . دوو . . دەکاتە پێنج

شایەدی دووەم لەژێر لێوەوە

بە حاکمەکەی وت . .

چەند ناشرینی . . بەڕاستی حاکمێکی نادادپەروەری

کەسێك کە لەلای دەرگای هۆڵەکەوە وەستابوو

بە خێرایی ڕای کردە . . . بەردەم شایەدەکەو پێی وت . .

ئافەرم . . بەراستی شتێکی جوانت وت . . دەتوانی بچیت رۆڵی ئەو حاکمە ببینیت .

ئاخر ئەم کەسە دەرهێنەر بوو . .

ئەم دیمەنەش . . دیمەنی فلیمێك بوو کە وێنەی دەگیرا .

شایەدەکە . . چووە شوێنی حاکمەکەو . . . بووە کارەکتەری حاکم .

دەست کرایەوە بە وێنە گرتن . .

لێکۆڵینەوە لە سەرەتاوە دەستی پێ کردەوە .

تاوانبارەکە بە هەمان شێوەی جاری پێشوو زەردەخەنەیەکی بە ڕویدا دەرکەوت و چووە پێشەوە چرپاندی بە گوێی حاکمەکەداو پێی وت . .
. پێت خۆشە جەنابیشت وەك ئەو لەکەدار بکەم . .
جەنابی حاکم دانە جیڕەیەکی بۆ کردوو . . بە توڕەییەوە چەند چەکوشێکی کێشا بە مێزەکەدا تا ئەوەی پارچەیەك لە قەراغی مێزەکە لێ بووەوە. . . هەستایە سەر پێو ووتی . . . بەڵێ ئەم کوڕە گەنجە . . بێ تاوانە . . . ئێوە هەمووتان درۆ دەکەن . . کە شایەدن بەسەریەوە .
کاکی دەرهێنەر سەرێکی لەقاندوو . . . لەبەرخۆیەوە بە حاکمەکەی وت . .
کەمێك لەمەوپێش لە خوارەوە بویت . . چەند جوان بویت ، بەڵام لەو شوێنە بەرزەوە . بە تەواوی ناشرین بویت .
هاتەلای وێنەگرەکەو پێ ی وت . . .
پەیامەکە ناگات . . . بێ سودە . . . شتەکان کۆکەرەوە .
هەموویان لەنێو دادگاکە چوونە دەرەوە .
ئەم دیمەنەیان بە تەواوی لەنێو سیناریۆکەدا سڕیەوە .
****************************************

## ( ئومێد )

هەورەکان ئاوێتەی یەکتر بوبون و دەیان گرماند

پێدەچوو بارانێکی زۆر بەدوای خۆیدا بهێنێت . . حەوشـەیماڵەکـەیان پڕ لە گوڵ و گوڵزارو درەخت بوو.

لەنێو ئەو حەوشەدا باڵندەکان لە باڵە فڕێدا بوون و بە ئاوازێکی سەرنج ڕاکێش دەیان خوێند.

لە دەرگای حەوشەکەیاندا زۆر بە ئومێدەوە قژی شانە دەکرد.

تکەیەکی باران بەر ڕوخساری کەوت .

لەبەر خۆوە وتی :

دیارە گریٚ ی بەختم کراوەتەوە

دوای چـەندین سـاڵ . چاوەڕوانی . . هـەر یـەکێك دیـت و لـە دەرگامـان بدات.

چاوی بڕیە ئاسمان و ویستی نزا بکات .

باوکی لە بەردەمیدا قوت بویەوە . . .

شانەکەی لە دەستی سەند . شکاندی و فڕێیدایە دەرەوە . .

تا هێزی تیابوو پاڵی بە کچەکەوە نا بۆ ژوورەوەو دەرگای حەوشەی بە توندی داخست.

ئــاوی بارانەکــە . . دانــە دانــەی تــاڵی شــانەکەی . . . وەك هیــواو ئارەزوەکانی کچەکە. لەگەڵ خۆیدا بەرەو گونجی زێرابەکە برد.
لەنێو ئەو حەوشەدا جگە لە قریشکەی کچەکە
هیچی دی نەدەبیسترا .

****************************************

# ( بەها )

لەنێو چاخانەکەدا . .

بەرامبەر وێنەیەکی هەڵواسراوو . وەستابوو کە وێنەی یاریزانێکی بۆکسێن بوو . .

هەناسەیەکی هەڵکێشاو قوڵی لیَ هەڵکردو بە وێنەکەی وت . . حەیف . . بریا لەش و لارم وەك تۆ دەبوو .

بەشەرەفم هەموو ڕۆژێك سەرانەم لە دە کەس دەسەند .

منداڵێکی بۆیاخچی . . کە هاتوچۆی دەکرد بەنێو چاخانەکەدا . .

بەر تەپڵەکێکی چا کەوت و تەپڵەکەکە زرمەی لیَ هەستا.

کابراش لە ترس و حەیبەتا خۆی دا بە دیوارەکەداو سەری بەر وێنەکە کەوت .

وێنەکە کەوتە خوارەوەو چوار چێوەو شوشەکەی بونە چەند پارچەیەکەوە.

منداڵەکە قاقا پیَ دەکەنی . گاڵتەی بە کابرای ترسنۆك دەهات.

خاوەن چاخانەکە بەدەم کۆکردنەوەی پارچەکانەوە

بە کابرای وت . .

ئەی ئەگەر بتنێرن بۆ جەنگ چی دەکەیت .

وا بە دەنگی تەپڵەکێك . . ئەم ناوەت شێواند.

کابرا زۆر بێ باکانه . . وتی : ئاشکرایه . . خۆم ئەدزمەوه.

خـــاوەنی چـــاخانەکه . . مۆڕەیـــەکی لـــێ کـــردوو . . . وێنـــەی وەرزشەوانەکەی پێداو پێ ی وت . .

ها . . بیبه بۆ خۆت . . دەزانم لەو ساتەوه چاوت لەسەریەتی تازه به کەڵکی من نایەت .

خاوەنی چاخانەکه چووه لای وەجاخەکەوەو خەریکی چا تێکردن بوو .

منداڵه بۆیاخچیەکه به کابرای وت . . . بۆ ئەو وێنەیەم نادەیتێ ؟!! . .

کابرا وتی . . بەخۆڕایی نایدەم . . . به هەزار دینار پێت ئەدەم .

منداڵەکه هەزاریەکی له گیرفانی دەرهێناو و خێرا

دای به کابراو وێنەکەی لێ وەرگرت .

تاکو له چاخانەکه ڕەت بوو . بەردەوام وێنەکەی ماچ دەکرد.

کابرای ترسنۆکیش . .

ماچێکی هەزار دینارەکەی کردوو . . . له چاخانەکه چووه دەرەوه . . .

************************************

# ( دەمامك )

لەبەردەم پەتی سێدارە ڕایان گرتبوو ..

جەلادەکــە پــێ ی وت . . تــاوێکی تــر دوایــن هەناســەی ژیانتــە چ داواکاریەکت هەیە .

کابرا بە پێکەنینەوە بە جەلادەکەی وت . .

داواکاریم تەنها ئەو کلێتەیەی سەر سەرمە . . لای نەبەی .

با تکەی ئەو بارانە بەسەرم نەکەوێت .

چونکە من بە باران قەڵس دەبم .

جەلادەکـە . . تاوێـك لـە کـابرا ڕمـاوو . . دواجـار داواکاریەکـەی ڕەت کردەوە .

بەدەم سەیرکردنی بارانەکەوە بە کابرای وت :

نەفام . . پاش کەمێکی تر سەفەر دەکەیت بۆ ئەو دونیا .

وتم بەڵکو ئەم بارانە کەمێك لە پیسیەکانت لەگەڵ خۆی ببات . بۆیە داواکاریەکەت جێ بەجێ ناکەم.

کـابرای تاوانبـار دایـە قاقـای پێکـەنین و زۆر بـە لـەخۆ بایبوونـەوە بـە جەلادەکەی وت.

پێم وایە حاڵت لـە حاڵی من باشتر نابێ . . . باشتر وایـە خۆشت ئـەو دەمامکەی سەرو چاوت لابەی.

جەلادەکە تاوێك بێ دەنگ بوو . . .

سەیرێکی ئاسمانی کردو بە خێرایی دەمامکەکەی سەر دەموچاوی لابرد . .

بارانێکی زۆر دەستی بە بارین کرد .

لێزمەی ئەو بارانە تەواوی دەوروبەریانی تەڕکرد . .

تەنها ئەو دوانە نەبێت کە هەستیان بە تەڕبوون نەدەکرد .

هەر بۆیە لە ناچاریدا چنگیان پڕ دەکرد لە ئاوی بارانەکەو دەیان گرتە روخساری یەکتری .

****************************************

# ( تاقانە )

**کوڕە تاقانەکەی**

**بە باوکی وت . . با بە پارەم بەرێ . . دەچم بۆ سەیران لەگەڵ چەند هاوڕێییەکم .**

**باوکی . . لەبەر ئەوەی زەختی لەگەڵدا بوو . . . حاڵی تێکچوو . . .**

**بە هێمنیەکەوە بە کوڕەکەی وت . .**

**ڕۆڵە گیان . . .ئەی پێرێ لە سەیران نەبوویت . . .ئەوە لەم حەفتەیەدا چەند جار ؟! . . کوڕەکەی دەستی کرد بە نوزە نوزو قاچی ئەدا بە زەویەکەدا .**

**جا چی یە . . خۆ تەیارە نیە . . . حەزم لێیەتی . . . . من هەر دەبێت بچم .**

**دەی پارەم بەرێ . . .**

**باوکی هەناسەی توندبوو بوو . . دەستی کرد بە گیرفانیداو دە هەزاری پێ بوو . . . پارەکەی ئەم دیواو ئەودیو پێ کردوو وتی :**

**بە ڕەبی العالمین ئەو دە هەزارەم پێ یە . . . دەبێت بیدەم بە حەبی زەختەکەم . .**

**کوڕی خۆم حەبەکەم نەماوە . . .**

بەهەر جۆرێك بوو کوڕە قەناعەتی بە باوکی کردوو دە هەزارییەکەی لێ سەندو فرتەی بۆ کرد.

باوکی لەبەر ئەوەی تەنها ئەم کوڕەی هەبوو هەرگیز نەیدەویست بێ دڵی بکات .

لە چاوتروکانێکدا کوڕەکەی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا خۆیان کرد بە دوکانێکی مەشروب فرۆشتندا .

باوکیشی لەنێو شۆستەی شەقامەکاندا دەسوڕایەوە . . .بەڵکو هاوڕێیەکی بەرچاوکەوێت و قەرزی لێ بکات تاکو حەبی زەختەکەی بکڕێت . . . بەڵام لە چانسی ئەم . . کەسی بەدی نەکرد .

دواجار سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کردوو . . . بە بیریدا هات بیفرۆشێت . . هەر واشی کرد.

خۆی کرد بە دوکانێکی دەرمانخانەدا . . .چەند جارێك دەیویست داوای حەبی زەخت بکات بەڵام نەیوت.

پاشەو پاش گەڕایەوەو لە دەرمانخانەکە هاتە دەرەوە . .

ئەوە هات بە مێشکیدا . . حەتمەن بەیانی کوڕەکەی داوای پارەی لێ دەکات بۆ بەزمێکی تر . . . هەر دەبێت دڵی نەشکێنێ .

بە شەکەتی گەیشتەوە ماڵەوە . . بە درێژایی ئەو شەوە حاڵی بەرەو خراپی دەڕۆی . لەبەر ئەوەی حەبەکەی نەخواردبوو .

لە نیوە شەوێکی درەنگدا . . .

کوڕەکەی . . بە فرسەتی زانی کە باوکی خەوتووە . بە ئەسپایی چووە لای چاکەتەکەیەوە. دەستی کرد بە گیرفانی چاکەتەکەی باوکیدا . . تەواوی پارەکەی دەرهێنا. کە سیانزە هەزار دینار بوو پارەی سەعاتەکەی دەستی بوو کە فرۆشتبووی .

کوڕە بە خۆشحاڵیەوە پارەکەی خستە گیرفانی و لێی خەوت . . .

بەڵام نەیزانی هەر ئەو شەوە باوکی گیانی سپاردووە.

****************************************

# ( تەپ و تۆز )

کابرای دەوڵەمەند

لەبەر هۆکاری سپی کردنەوەی پارە . کەوتبووە زیندانەوە

لە پەنجەرەی ژوری زیندانەکەوە چاوی بڕیبووە کەناسێك کە خەریکی پاککردنەوەی حەوشەکە بوو.

ئاهێکی هەڵکێشاو چاوی گێڕا بە ژوورەکەدا . جگە لە تاریکی هیچی تری بەدی نەدەکرد.

چاوی نوساند بە جامی پەنجەرەکەوەو لەبەرخۆیەوە دەی ووت :

بریا . . . من ئەو کەناسە دەبووم . . . ئێستە بۆ خۆم ئازاد دەبووم .

سەرێکی لەقاندوو . . . وتی . . . نا بابە . . . کەناسی چی . . من بەو هەموو پارەو سەروەت و سامانەوە چۆن دەبێت ئەو بم .

هەڵاوی دەمی کە ئەیدا لە پەنجەرەکە . . . بە تەواوی دەموچاوی کابرای شاردەوە.

دەنگێك لەودیو دەرگای زیندانەکەوە . . . پیێ ی وت :

شتەکانت کۆکەرەوە . . .ئازادکرایت . .

هەر کە گویێ ی لە ناوی ئازادکردن بوو بە خێرایی جامەکەی سڕی و بە لەخۆبایی بونەوە هاواری کرد بەسەر کەناسەکەدا. هێ ی کابرا . .

لەگەڵ تۆمە کەناس . . ئەو گسکە شڕە لابە . . با شتەکانم تەپ و تۆزاوی نەبن . . .

کەناسەکە . . گسکەکەی خستە سەر شانی و بە کاوەخۆ پیّ ی وت . . .شت و مەك گرنگ نیە بەڕێز . . . تاکە شتێك گرنگە کە تەپ و تۆزاوی نەبێت ناخی مرۆڤە .

کابرا بەم قسەیە تاسا و لەبیرکردنەوەدا بوو .

کەسێك لەودیو دەرگای زیندانەکەوە .

گسکێکی بۆ هەڵدایە ژوورەو . . . پیّ ی وت :

تەواوی ئەو ژوورە پاك بکەرەوە . . .ئەو کات دەتوانی بڕۆی .

کابرای دەوڵەمەند . . بە نابەدڵی دەستی دایە گسکەکەو . . دەستی کرد بە خاوێن کردنەوەی ژوورەکە.

کەناسەکە چاوی لیّ بوو .

هەنگاوێك چووە پێشتر . . . بۆ ئەوەی باشتر کابرا ببینێت بەو دیمەنەوە ..

بەڵام هیچی نەبینی .

چونکە تەواوی پەنجەرەی زیندانەکە وەك ناخی کابرا لە تەپ و تۆزدا غەرق بووبوو .

****************************************
**

- ئەو مرۆڤانەی کەبیرناکەنەوە . . ئەوانەن کەخێراترینن بۆپێش بڕکێی کەم عەقڵی.

- زۆر مرۆڤ هەن هەمووساڵێك سەیارەو موبایلەکانیان دەگۆڕن . . کەچی ئامادەنین بۆیەك چرکەش کردەوەکانیان بگۆڕن.

**ئازاد پێنجوێنی**

# ( دایـــــك )

بەرامبـەر بـە مـارکێتێکی جل و بـەرگی ژنانـە وەسـتابوو ... چـاوی دەگێڕا بۆ ئەو بوکانـەی کـە جلـەکانیان بـە بـەردا کرابـو.. زەردەخەیـەك گرتـی و بـە خێـرای بـەرە و بوکێـك ڕۆیشـت و باوەشـی پیـادا کـرد تێـر ماچی کرد . . بوکەکەی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا ... خاوەن مارکێتەکە بە هەڵە داوان دوای کەوت و بە توڕەبونەوە بە کابرای وت کە ئەم بوکە بێ ڕۆحە ... بە کەڵکی چی دێت وا پەلامارت داوە خڵەفاویت !!... ئاوا تونـد نوسـاندووتە بـە خۆتـەوە .. کـابرا بـە هێمنیەکـەوە پێـی وت ئـاخر زۆر لـە دایکـم دەچـێت ... خـاوەن مارکێتەکـە بـە توڕەییـەوە پێـی وت مـادام هێنـدە دایکـت خـۆش دەوێـت بـۆ ناچـی بـۆ لای .. .. کـابرا هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی ئاخر ئەو لە گۆڕستانە . . . هەموو ڕۆژێك دەچم بۆلای بۆ گۆڕستان بۆ ئەوەی بیبینم . . هاوار دەکەم دایکە گیان هەستە لە خەو هەڵناسێت . . کابرای مارکێتەکەش دواجار زانی کابرا شێتە بەزەیی پێیدا هاتەوەو بە جلەکانەوە بوکەکەی پێدا.

**************

## ( هـــێلانە )

ئـولفی بـە وەوە گرتبـوو .. هـەموو بەیانیـەك پـێش ئـەوەی بچێتە سـەر کارەکـەی .. سـەرێکی لـە باخچـەکە ئـەدا کـە لـە شـوێنی کارەکەیـەوە .. نزیك بوو بە هێمنی هەنگاوی ئەنا چاوی بڕیبووە دار چنارو سنەو بەر و شۆڕبیە بەرزەکان کە شنەبا یاری بە گەڵاکانیان دەکرد .. هەر دەتـوت سڵاوی بەیانی باش بۆ یەکدی دەنێرن .. گوێی لە دەنگی پۆلێك باڵنـدە بوو کە بە خوێنـدنیان ئاوازێکی نامۆیـان دەخولقانـد بـۆ ژیـان ... کـابرا چاوی خستە سەر دارێکی بەرزی شۆڕەبی پۆلێك باڵندەی بینی بەسـەر دارەکــەوە دەیانخوێنــد وە لــە دەوری هێلانەکــەیان ئاڵــابون و زۆر بــە شادیەوە دەیانڕوانیە ژیـان ... پـاش تاوێـك بـێ دەنگـی بـاڵی کێشـا بـە سـەر باڵندەکانـدا .. نقـەیان لـە خۆیـان بـڕی و هـەرواش بـە چـاوێکی غەمگینانــە دەیــان ڕوانیــە ئاسمــان .. هۆکارەکەشــی ئــەوە بــوو پەڵــە هەورێکی ڕەشی چڵکن بە جارێك ئاسمانیان تەنی ... باڵندەکان مات و مەلول ... لە ناو هێلانەکە سەریان کز کردو بە جارێك لە جوڵە کەوتن .. گەورەکـەیان نـەبێت کـە چـووە دوایـن چڵـی دار شـۆڕەبیەکە و چـاوی بڕیە ئاسمان و وتی .... ئەی پەڵە هـەوری شـووم بـۆ دوامان کـەوتووی بۆ هەرکوێ ئەچین ... باش بزانە پەڵە هـەوری زەمانـە .. بـۆ دواجاریش بێــت هــەر ئەگەڕێینــەوە .. هــەمان هێلانــە ... باڵندەکــە ســەیرێکی

هێلانەکەیانی کردووو دای لە شەقەی باڵ بەرە و ئاسمان .. باڵندەکانی تریش بە هەمان شێوە دوای گەورەکەیان کەوتن و لە نێو هەورە ڕەشەکەدا دیار نەمان ... هێلانەکە بە چۆڵی مایەوە ... تا ئەوەی ڕەشەبایەکی توند هەڵی کردوو هێلانەکەی بە تەواوی ڕووخاند.

*********** ********** **********

## ( ســـــەرانـــــە )

کابرا ئەوەندەی زانی بە شەق و زلە کەوتنە سەرو گوێلاکی و فڕیان دایە ناو ئوتۆمبێلێکی جام ڕەشەوە ... بە دەم پاڕانەوە و لاڵانەوە وە بەو دوو کەسەی وت ..... کە من چ تاوانێکم کردووە .. وام لێ دەکەن .. یەکەمیان پێی وت پرسیارمەکە و بێدەنگ بە دەنا ناهێڵین چاوت بە خۆر بکەوێت .. کابرا قاچی دەلەرزی زۆر ترسا کەوتە دەست ماچ کردنیان .... دووەمیان تەلەفونی بۆ هات پاش سەر ڕاوەشاندن و بەڵێ قوربان و بە چاوان .. تەلەفونەکەی داخستەوە و بە توندی یەك زلەی لە کابرا دا و لە ئوتومبێلەکەی دای بەزاند پێی وت : کە دورکەوێتەوە لەم ناوە دەنا بە فیشەکێك مێشکی هەڵدەگرین ... کابرا لە خۆشیدا بازی ئەدا لە چاوتروکانێکدا ون بوو ... یەکەم بە دووەمی وت کێ بوو ئەو تەلەفونە ... ئەی کابرات بۆ بەردا .. دووەمیان زەردەخەنەیەکی گاڵتە ئامێزانە لە سەر ڕووی دەرکەوت و وتی .. ئەوە گەورەمان بوو تەلەفونی کرد .. کوڕیان بووە بڕیاری داوە بەو بۆنەیەوە ئەمڕۆ بکاتە پشووی فەرمیوو سەرانە لە کەس نەسەنێت .

*************

## ( تـــــاقـــــمی ددان )

بـە درێـژای دە سـاڵی ڕەبـەق ... شـۆفێری کۆمپانیاکـە بـوو بـۆ تاکـە جارێکیش کـە لەوماوەیـەدا کـاری کردبو ... کەمتەرخـەمی نەنوانـدبوو بگـرە زۆر دڵسـۆز بـوو دەتـوت ئـەم کۆمپانیایـە هـی خۆیـەتی ... کـابرا ئازاری پشـتی زۆری بـۆ هێنـابوو ... تـا ئـەوەی ئێوارەیـەکیان هـات بـە مێشکیدا کە واز بهێنێت و هەرواشی کرد . . . سویچـی سـەیارەکەی لـە سـەر مێـزی خـاوەن کۆمپانیاکـە دانـا و دوا بڕیـاری خۆیـدا. . خـاوەن کۆمپانیاکــە کــە لاوێکــی تــازە پێگەیشــتوو بــوو . . چــەند و چــونی لەگەڵداکرد کە پەشیمانی بکاتەوە . .دەیزانی دڵسۆزی کۆمپانیاکەیـە . .زۆر هەوڵی دا بەڵام بێ سوود بوو .... دواجار دەور و تەسلیمیان کرد . . کـابرای شـۆفێر ماڵئـاوایی کـردو ویسـتی بچێتە دەرەوە . . خـاوەن کۆمپانیاکە بانگی کردەوە و زۆر بـێ ئینسـافانە پێـی وت ... ببـورە کـە شەش مانگ لەمەوپێش لە سـەر پـارەی کۆمپانیـا تـاقمێکی ددانمـان بـۆ کــردی .... دەبێــت تەســلیمی بکەیتــەوە .. کــابرا هــەر دەتــوت لــە سەربانێکەوە فڕی ئەدەنە خوارەوە زۆر بێ تاقەت بوو سەرسمێکی داو کەوت بەسەر قەنەفەکەدا.... هەناسەیەکی هەڵکێشا و تاقمی ددانەکـەی لــە دەمــی هێنایــە دەرەوە .. فــڕی دایــە ســەر مێزەکــە و بــە خێــرای

**کۆمپانیاکەی بە جێهێشت ... خاوەن کۆمپانیاکەش بە فیزێکەوە خۆی لە سەر کورسیەکە سوڕاند و چاوی بڕیە تاقمی ددانەکە زۆر بە لە خۆبایبونەوە دەستە سڕێکی کلێنسی دەرهێناو تاقمی ددانەکەی پێهەڵگرت و فڕی دایە سەلەی خۆڵەکەوە ....**

**************

## ( درۆ )

ڕۆژنامە نوسەکە بە مانشێتێکی گەورە لە یەکەم لاپەڕەیدا هەواڵێکی بڵاو کردەوە کە لە شەڕەکەی سەر لە بەیانی دوێنێدا ٢٢ شەهید و ٦٢ بریندار هەیە . . ئەوەی کە یارمەتی ئەدا لە ئامادەکردنی ڕۆژنامەکەدا . . پێی وت کوڕی باش بۆ وا دەزانی من ئاگام لە هیچ نیە ؟... سیٚ شەهید و یانزە بریندار هەیە .. ئەو ژمارە زۆرەت لە کویٚ هێنا .. ڕۆژنامە نوسەکە پێکەنی و بە هاوڕێکەی وت ... ناچارین درۆ بکەین بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکەمان زیاتر فرۆشی هەبێت ... هاوڕێکەی وتی جا ئەوە پەیوەندی چیە بە فرۆشی ڕۆژنامەکەمانەوە ... ڕۆژنامەوانەکە وتی .. تاوەکو هەواڵەکان گەورە بکەین ڕۆژنامەکە گەورە تر ئەبێت و فرۆشی زۆر ئەبێت . . . وە چەندین خانەوادە کوڕەکانیان لە جەنگە . . .ئەمەش وادەکات .. زیاتر بیکڕن و بیخوێننەوە تا لە هەواڵی کوڕەکانیان ئاگادار بن ...

******************************

# ( خــــــەو )

بـۆ ئـەوەی خـەوی لـێ بکـەوێت تەبـە تـۆری سـەقفەکەی دەژمـارد ... چـەندین جـار دووبـارەی کردنـەوە و ژمـاردنی .. ژمـارەی تەبـەتۆرەکان وەك یەك دەرنەدەچوون ... بە حسابی خۆی دەبێت ژمارەیـان ٦٣ دانـە بێت جارێك پـەنجاو حـەوت و . . جارێك شەسـت و جارەکـانی تـریش شەست و یەك دەبوون . . تەواو مانـدوو ببـوو خەویشـی لـێ نەدەکـەوت ... گـوێی لـە دەنگـی دایکـی بـوو کـە بـانگی کـرد بـە هـاوارەوە .. کـوڕم هەسـتە نانەکـەت بخـۆ وا نیوەڕۆیـە ... کاتێـك هەسـتا ئینجـا زانـی لـە دوێنێ عەسرەوە تا کو ئەم بەیانیە خەوێکی باشی کـردووە لـە نێـو ئـەو خەوە دور و درێژەدا بووە کە خەوی بینیوە و لە خەویدا تەپـەتۆرەکانی ژمـاردووە . . کـاتێکیش خەبـەری بـووەوە یەکـەمین شـت ڕوانـی بـۆ سـەقفەکە دەسـتی کـرد بـە ژمـاردنی تەپـەتۆرەکان ... چـەندین جـار ژماردنی بۆی یـەك لا نـەبوەوە کـە ژمارەیـان چەندە . . چـونکە دووبـارە خەوی لێ کەوتەوە .

************ ***********

## ( زەردەخـــەنـــە )

کچەکە لـە نێـو سـتارەی سـەربانەکەیان .. وەسـتابوو زۆر خـۆش حـاڵ بوو.. بە زەردەخەنـەوە سـەیری چواردەوری خـۆی دەکـرد .. گـەنجێکی تـازە پـێ گەیشـتوو لـەوێوە ڕەت بـوو ... کچـەکە سـەری شـۆڕکردەوەو کوڕەکـــەی بینـــی .. ســـەیری دەکـــردو پێدەکـــەنی . . چـــاوی لەســـەر هەڵنـەگرت بـێ ئـەوەی لـە شـوێنی خـۆی بجـوڵێ ... کوڕەکـە سـەری هەڵبڕی و نیگایەکی بۆ کرد .. زۆر خەنی بوو دەستی هێنا بە سەر و قژیدا و چەند جارێك بە کچەکەی وت کە ژمارەی موبایلەکەی پـێ بـدات .. کچەکە هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو تەنها پێدەکەنی .... کوڕەکـە بـە دەستی ئیشارەتی بۆ کرد کە ژمارەکەی لە سەر پارچە وەرەقەیەك بۆ بنوسـێ و بیـداتێ .. کچـەکە لچـێکی لـێ قەڵقورتانـدو لـە نێـو سـتارەکە دیـار نـەما .. پـاش کـەمێك گەڕایـەوە و بـە دەسـتی شـتێکی هەڵدایـە خوارەوە بۆ کوڕەکە ... کوڕەکـە بـە خۆشـحاڵیەوە هـەردوو دەسـتی بـەرز کـردەوە تـا بیگرێتـەوە . . بەڵام دەم و لـوتی پڕبـوو لـە خـوێن . . ئـاخر ئەو شتەی کچەکە هەڵیدا بەردبوو .. گەنجەکە بە دەم ئازاری دەمولـوتی و سـڕینی خوێنەکـە بـە دەم و چاویەوەبە ئەسـتەم سـەری هـەڵبڕی بـۆ کچەکەو پێی وت.. ئەوە تۆ چیت کرد شێت بویت ؟ . . کچەکە دایـە قاقای پێکەنین و زمانێکی لێ دەرهێنا و لە نێو ستارەکەدا دیار نەما . گەنجەی داماو دواجار بۆی دەرکەوت کە ئەم کچە مەغۆلە ...

******** *********

## ( دەوڵەمەند و هەژار )

لە لیستی بەڕێوبەرایەتی خۆجییەتی ناوی هەردوکیان دەرچوبوو کە سەر و خانویان پێبدرێت .. پیاوە هەژارەکە ئەوەند دڵخۆش بوو تەنانەت سەیری لیستەکەی نەکرد .. بزانێ خانوەکەی چۆنەو لە کوێ یە ... کابرای دەوڵەمەندیش سەرەڕای ئەوەی کە سێ چوار خانوو چەند مارکێتێکی هەبوو ... لیستەکەی نابوو بە لوتیەوە و چاوی بڕیبوە ناو و ژمارە و شوێنی خانوەکان .. خولاسە . دوای ساڵێك پیاوە هەژارەکە چووە خانوەکە . . . بە قەرزو قۆڵەو کارکردن و ڕاکە ڕاکە بە جوانترین شێوە دەستکاری خانوەکەی کرد . . زۆر دڵی پێی خۆش بوو ئیتر لە کرێچی و کولەمەرگی ڕزگاری بوو بوو ... تاکوو ئەوەی ڕۆژێکیان لە شارەوانیەوە نوسراوێکی بۆ هات کە ژێر خانوەکەی زێرابێکی دروستکراوی سەد ساڵ لەمەو پێشی تیایە . . گەر چۆڵی نەکەن دەروخێ بە سەریانا . . دوو مانگی نەبرد کابرای هەژار لە مەراقدا دڵی وەستاو گیانی سپارد . . کابرای دەوڵەمەندیش کە بە هەمان شێوە ساڵێك دەبوو دابووی بەکرێ یەکی زۆر ... نوسراوێکی بۆهات کە ئامادەن بۆ ئەو خانوەی چەندی دەوێت پێی بدەن بۆ ئەوەی دەست بەرداری بێت لە بەر ئەوەی ژێر خانوەکەی بیرە نەوتی تێدایە ...ئەمیش لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا چەند دوکانێك و مارکێتێکی کەی کڕی .

********** **********

## ( ڕەشـــــەبـــا )

لـە سـەر قادرمـەی دەرگـای ماڵـەوەیان بڕێـك پـارەی هـەزاری و پێنصـەد دینـاری بـە دەسـتەوە بـوو ... ڕێكـی دەخسـت . . هەزاریـەكی لێبـەر بویەوە ... بایەكە لەگەڵ خۆیدا بـردی . . كابرا دوای هەزاریەكە كـەوت تـا خـوار مـاڵی خۆیـان ... كـە كەلاوەیـەك بـوو . . بـە هەناسـە بڕكێـو و بۆڵە بۆڵەوە هەروا سەیری هەزاریەكەی دەكرد كە بایەكە یاری پێدەكرد ئاهێكی هەڵكێشا و وتی .. ئای ڕەشەبای لەعنەتی ئاخر جگـە لـە زەرەر چ سـودێكت هەیـە بـۆ ئـەم شـارە . . تـەواو شـەكەت بوو . لـە سـەر دوو بلـۆكی كەلاوەكـە دانیشـت بـۆ ئـەوەی مانـدوو بـونی دەرچـێت سـەری دانەواند لە بەینی دوو بلۆكەكەدا بیست و پێنج هەزارییـەكی دۆزیـەوە بـە خـۆش حاڵیـەوە هەسـتایە سـەر پێـو سـەیرێكی ئـەم لاو لای كـردو پارەكـەی خسـتە گیرفانیـەوە . . لـە بـەر خۆیـەوە چـەند جارێك وتـی . . بەڕاستی ئەم شارە بە ڕەشەباوە جوانە ..

*********　　　　*********

- مرۆڤ گەلێك هەن هەموو ڕۆژێك بەقسەی سارد و سوك. . هاوڕێکانیان دەشۆن کەچی ئامادەنین بەساڵیش خۆیان بشۆن.

- بۆ ئەوەی ژیان جوانتر بکەین . . وەرن با بۆ کۆمەڵگا بژین نەك بۆ خۆمان.

ئازاد پێنجوێنی

## ( بــــەد بەخـــــت)

لەگەڵ دەنگی لاااللە الااللە دا ... دەست کرا بە دەست ڕێژی گولە ... دواجار دەرکەوت کەسێك لە نێو گوزەرەکاندا قاچی هەڵخزاوە و .. کابرایەکیش بۆ سەلامەتی گیانی ئەم . . ئەم وشەیەیەی بەدەمدا هاتوە ... بەڵام بەدبەختی کابرا چەند ئاسایشێك لەو ناوە دەبن کە گوێیان لێ دەبێت وا دەزانن کابرا تیرۆرستە وخۆی دەتەقێنێتەوە بۆیە دەست بە جێ دەیکوژن ....

***************

## { بـــــــون بە مـــــــرۆڤ }

لـە سوچـێکی کۆڵانەکـەوە وەسـتابوو .چـاوەکانی لـە تورەیـدا خـەریبوو دەرئـەتۆقی . . جگـە لـە خـۆی و عەمودەکـەی بـەردەمی کـە جـار جـارە سـەری پیـادا دەکێشـا . کەسـی تـری نـەدەبینی . . تونـد یەخـەی خـۆی گرتبـوو جنێـوی ساردوسـوکی ئـەدا . . نـە جنێوێـك نـە دوان نـە سـەد . کەناسێك کە ئەو کۆڵانـەی پـاك دەکـردەوە . گـوێی لـە جنێـودان و زرم و کوتی کابرا بـوو . چـووە لایـەوە و دڵنـەوای بداتـەوە ئـاخۆ چـی بـووە وا ئـەم کابرایـە شـێت گـیر بـووە .. کەناسـەکە لێـی پرسـی شـورەییە جنێـو شتێکی بـاش نیـە . بـۆ وادەکـەیت چـی ڕویـداوە ... کـابرا خراپـتر تورەبـوو . بۆکسێکی لـە خۆیـدا و بـە کەناسـەکەی وت . تکایـە وازم لێبهێنـە بـڕۆ دوربکـــەوە . ئەگـــەر نـــەڕۆیت زیـــاتر ئـــازاری دەدەم . کەناســـەکە بـــە هێمنیەوە وتی باشە ئەمە چ کارێکە تۆ دەی کەیت بەس بـزانم . . کـابرا چاوی زەق کردەوە و وتـی .. تـۆ نایناسـی چ مرۆڤێکە هەر ئەیکوژم هـیچ لـــە بارایـــە نـــەبوو . . نەخوێنـــدەوار .. ئـــیش نەکـــەر .. بەشـــەرەفم هـــەر دەیکوژم گونـاح نیـە هیچوپوچـی وا هەناسـە بـدات .. کەناسـەکە چـاوی دەگێـڕا بـــە هەرچـــوار لادا کەســـی نـــەدەبینی . . ســـەری ســـوڕمابوو .. دواجار زانی ئەو هەموو جنێودان و شێتگیرییەی ئەم کابرایە مەبەسـتی خۆیەتی , یەخەی خۆی گرتوەو لە خۆی ئەدات ... کەناسـەکە زانـی کـە

ئـەم كابرایــە خـۆی بـاش دەناسـێت بـەجێی هێشـت ... كـابراش بـە جنێودان و لە خۆدان و سەركێشان بە عەمودەكەدا ئەوەندەی لـە خـۆی دا تا كەوتە سەر زەویەكە بە ئاستەم سەری بەرز كردەوە ... بە خـۆی وت بۆ ئەمڕۆ ئەوەندە بەسە . . ئیتر ببە بە مرۆڤ دەنا هـەموو ڕۆژێك یەك چینی باش تیَ هەڵدان و جنێو دەخۆیت تا ئەبیت بە پیاو .

*****　　　　　*****　　　　　******

## ( پـــێنج خـــولەك )

کچەکە لە گیانەڵادا بوو ... دایکی باوەشی پیادا کردبوو ... هەرواش بە گریانەوە لە دکتۆرەکە دەپاڕایەوە ... کە کچەکەی زۆر هیلاکە چارەسەری بکات ... دکتۆرکە بێ باکانە لە سەر کورسیە دەوارەکەی پاڵی دابوەوە و قاچی خستبوە سەر قاچ ... بنی پێلاوە بەرزەکانی ڕویان کردبوە دایك و کچەکە ... دایکەکەش سات نا ساتێ باوەشی دەکرد بە پێڵاوەکانی دکتۆرەکەداو ماچی دەکردو دەپاڕایەوە .. بە مەبەستی فریاکەوتنی کچەکەی ... دکتۆرەکە موبایلی بە گوێچکەوە بوولە نێو قسەکانیدا باسی قوماركردنی دوێنێ شەو لە گۆڕێدابوو کەچەندیان بردۆتەوە و چەندیان دۆڕاندوە .. دکتۆرەکە قاقای لێدەداو خۆی دەسوڕاندەوە بەم لاو لادا پشتی کردە دایکە پیرو کچە نەخۆشەکەی ... بە دەستی ڕاستی ئیشارەتی دەکرد بۆ ئەوان بە مەبەستی ئەوەی کە ئارام بگرن چارەسەری نەخۆشەکە دەکەم .. چەلەحانێی دکتۆر لە گەڵ ئەو کەسەی کە قسەی لە گەڵ دەکرد پێنج خولەکی خایاند ... دواین قسەی بەوە کۆتایی هێنا کە ئەمشەویش سەر مێزەکە گەرم دەبێت بۆ قومار کردن دوانەکەون... موبایەلەکەی داخستەوەو خستیە سەر مێزەکەو بە لە خۆبایی بونەوە دەستی برد بۆ پێڵوی چاوی کچەکەو بە دایکەکەی وت کە کچەکەی چییەتی ؟ . .

پیرێژنی داماو بە گریانەوە ویستی بۆی شەرح کات . . سەری کچەکە لە باوەشیدا بەلاداهات ... دکتۆرەکە سەماعەکەی هێنا خستیە سەر دڵی کچەکە و سەرێکی لە قاند .... پاش کەمێك بەخەم ساردیەکەوە وتی بەداخەوە پێنج خولەك درەنگتر هێناوتانە . . ئەو مردووە.

******** *******

# { مــــــــاچ }

کـامێرای وێنەگرتنەکـەی نـابوو بـە چـاویەوە . وێنـەی دار و گوڵـەکانی باخچەکەی دەگرت . چاوی کامێراکەی لە سەر دارێکی زۆر بەرز بوو کە دوو چۆلەکە لـە نێـو هێلانـەی سـەردارەکە . شـەڕو ئاژاوەیـان بـوو . لـە سەر پارچە نانێك کە بە دەمی یەکێك لـە چۆلەکەکانەوە بوو بـەردێك بـە خێرایـی هاتـە نێـو کادرەکەیـەوەو بـەر سـەری ئـەو چۆلەکەیە کـەوت کـە نانەکـەی بـە دەمـەوە بـوو . . چـۆلەکەی بەسـزمان دەم و دەسـت مـردار بووەوە . . چۆلەکەکەی تر لەبری ئەوەی پارچە نانەکە بخوات ماخۆلانی تێکەوت و بە جریوە جریو بـەدیار چۆلەکە مردابووەکـەوە دەینالأنـد . . چـاوی کامێراکـەی لەســەر ئـەوان لابـردو بـە دارەکـەدا هاتـەخوارەوە ئافرەتێـك هاتـە نێـو کادرەکەیـەوە کـە دەگریـاو هـاواری بـوو . . زومـی کامێراکەی فراوان کرد پیاوێکیش هاتە نێو کادرەکەیـەوە کـە زۆر تـوڕە دیاربوو زوو زوو پاڵێکی دەنا بە ژنەکـەوەو بـە مستەکۆڵە دەیکێشا بە پشـتی ژنەکـەدا . . ئەوانیشـی تێپەڕانـد چـووە چـەند لایـەکی باخچـەکە کـوڕێکی گـەنج هاتـە نێو چاوی کامێراکەیـەوە . کـابرا دەسـتی لـە سـەر هەڵنـە گـرت و چـاودێری کـرد . کوڕەکـە بـە خـۆش حاڵیـەوە چـوە نێـو گوڵــەکان و گــوڵێکی ســوری لێ کــردەوەو چــوە تەنیشــت کچــێکی هاوتەمــەنی خــۆی کــە خۆشەویســتی بــوو . . لەســەر یــەکێك لــە

کورسیەکانی باخچەکە دانیشتبوو . . کوڕەکە گوڵەکەی دا بە کچەکەو هێواش هێواش سەری بردە پێشەوە . بۆ ئەوەی ماچێکی بکات بەڵام چاوی کامێراکە لە سەر ئەوان نەماو سوڕا بۆ ئاوەڕۆی زێرابێك . . دەرکەوت کەناسێك ئەوناوەی پاك کردۆتەوە . خۆی کێشاوە بە کابرای وێنەگرەکەدا.

******** ********* ********

## { جـــــــانــــس}

لە نێو چەپڵە ڕێزان و ئاپۆڕای ئامادەبوان بەرە و سەرتەختەی شانۆکە ڕۆی .. بە خۆش حاڵی و لە خۆبایبونەوە هاتە پێش شانۆکە و کەمێك سەری دانەواندو لەلایەکی شانۆکە وەستا . . بێژەرێك لە سەر شانۆکە کە میکرۆفۆنەکەی بە دەستەوە بوو . وتی پیرۆزبایی گەرم لەم بەرێزە دەکەین کە چانس یاوەری بوە ئۆتومبیلێکی دواین مۆدیلی بۆ دەرچووە.. بوو بە چەپڵەڕێزان و فیکە لە ناو هۆڵەکەدا. . کابراش لە خۆشیدا هەڵدەبەزیەوە ... کەسێك سویجی سەیارەکەی بەدەستەوە بو هاتە سەر شانۆکە ئەمیش بە خۆشحاڵیەوە بەرەوپیری ڕۆی . . دەستی برد بۆ سویجەکە و زرمە لە قاچی هەستا .. دەرکەوت ژنەکەی کێشاویەتی بە قاچیدا خەبەری کردۆتەوە .. کابرا کاتێك خەبەری بووەوە . . تاسابوو . . ورتەی نەکرد . . ژنەکەی وتی . . هەستە باوان شێواو بۆ بە خەبەر نایەیت ... عەرەبانەیەك لە کۆڵان لە سەیارەکەتی داوەو لایەکی بردووە .

******** ******* *******

## { چاو }

لە بەردەم دوکانی میوە فرۆشەکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو . نیو کیلۆ پرتەقاڵی کڕی بۆ خێزانەکەی کە ژمارەیان هەشت کەس بوو . چوار پرتەقاڵی لە عەلاگەیەکی ڕەش دەرهێناو دەستی کرد بە لەتکردنی . . هەر منداڵە و نیو پرتەقاڵی پێدا . منداڵێکیان کە لە هەرهەمویان بچوکتربوو . بە نوزەنوز کشایە دواوەو . وتی من نیو ناخۆم پرتەقاڵێکم دەوێت . . باوکەکە ئاهێکی هەڵکێشاو وتی . ڕۆڵە دەبێت لەمەولا هەموو شتێك بەم جۆرە بێت . حکومەت نیوموچەی داومەتیٚ منیش ناچارم بە نیوە هەموو شتێکتان بدەمیٚ . منداڵەکە تۆراو چووە گۆشەیەکی ژوورەکە دەگریا . مندڵێکی کەی . . بە باوکی وت . . بابە منداڵەکانی حکومەتیش لە ئێستادا نیو پرتەقاڵیان بەردەکەوێت ؟ . . منداڵەکەی کە تۆرابوو بە گریانەوە وتی : نەوەڵا بە قسەی باوکم و هەواڵەکان بێت مناڵەکانی حکومەت پڕتەقاڵ و نیوێکیان بەردەکەویٚ . ئاخر ئەو نیوەیە هی ئێمەیە بردویانە بۆ خۆیان .

*********          *******          *******

## { مناره }

لــە سوچــێکی مزگەوتەکــەوە هــەردوو دەســتی بــەرە و ئاسمــان بەرزکردبوەوە . دواین پاڕانـەوەی بـەم قسـانە کۆتـایی پێهێنـا . خودایـە سوپاس بۆ ئەو سەروەت و سامانەی کە پێت بەخشیوم . من خاوەنی نـیم تـەنها وەکـیلم . هیـی خۆتـە . سـوپاس بـۆ ئـەو بەخشـندەییەت . منداڵێکی هەژار لەنێو پەنجەرەی مزگەوتەکەوە گوێی لـە قسـەکانی کـابرا بوو بە خۆشحاڵیەوە ڕای کردە دەرگای مزگەوتەکەو چاوەڕوانی کابرای دەکـرد . . کـابرا دەسـتێکی هێنـا بـە سـەر و چـاویداو . بـە پڕتـاو لـە مزگەوتەکـە هاتـەدەر. منداڵـە هەژارەکـەش برسـیەتی بـە ڕوخسـاریەوە دیـار بـوو دەسـتی بـۆ کـابرا درێـژ کـرد . وتـی خاڵـەگیان برسـیمە پـارەم پێنیە . پیاوەکە . دەستێکی هێنا بە ڕومەتی منداڵەکەدا و وتی خوابت داتـیَ بچـکۆل گیـان . . لـە چـاو تروکاندنێکـدا وونبـوو . . منداڵەکـەش ســەری بــەرز کــردەوە چــاوی خســتە ســەر منــارەی مزگەوتەکــەو هەناسەیەکی هەڵکێشاو چاوی داخست.

******            ******            ******

- زۆر مرۆڤ هەن . . دورترین ڕێگا دەبڕن . . بۆ ژەمە خواردنێکی بەلەزەت . . لە پێناو گەورەکردنی ورگیاندا . . کەچی ئامادە نین هەنگاوێك بنێین بۆ بەدەست هێنانی کتێبێك . . لە پێناو ڕزگار کردنی عەقڵی بچوکیاندا.

- کات . . پیرۆزترین دەروازەیە . . بۆ بەدیهێنانی خەونەکانمان . . بەلاّم ئەوە ئێمەین ئەو دەروازەیەمان بەسەر خۆماندا داخستووەو بۆ هەمیشە خەوتوین.

ئازاد پێنجوێنی

# کلیل

هەر کات شەڕیان دەبوو . . . ژنەکە . .

کلیلی خانوەکەی لە هاوسەرەکەی وەردەگرتەوەو لە ماڵ دەری دەکرد .

ئاخر لە چانسی کابرا خانوەکە هی ژنەکەبوو . .

وا ڕێکەوت خانوەکە بەهۆی گومەلەرزەوە خاپور بوو .

ژنەکە هەواڵی بۆ هاوسەرەکەی نارد کە لیَ ی قەوماوەو بێت بە هانایەوە .

کاتێك هاوسەرەکەی گەڕایەوە .

بینی ژنەکەی بە قوڕ پێدانەوە بە نێو داروبەردی خانوەکەدا دەگەڕێت .

پیاوەکە لێی پرسی کە بۆچی دەگەڕێی

ژنەکە بە گریانەوە بە هاوسەرەکەی وت . . .

دەگەڕێم بۆ کلیلەکە بۆ ئەوەی بت دەمەوە .

* * *

## { پرسە }

زۆربەی ڕۆژ دەهاتە سەری کۆڵانەکەو دەیڕوانیە پەنجەرەی باڵەخانەکە بۆ بینینی ئەو کچەی کە شەیدای بووبوو. . کچەکەش دەهاتە بەردەم پەنجەرەکەو بە هەڕەشەوە پێی دەوت بڕۆ لێرە . دەنا براکەمت بۆ بانگ دەکەم ملت لە لاشەت بکاتەوە . کوڕەکە بە خۆش حاڵیەوە . وەڵامی ئەدایەوە . زۆرم پیٚ خۆشە . . گرنگ ئەوەیە لە پرسەکەمدا . سیٚ ڕۆژ خەیاڵت لای من دەبیت ....

****** ***** ******

## { کارەبا }

ژن و مێردەکە .لە نێو شاشەی تیڤیەکەوە شەڕیان بوو . مێردەکەی . توڕەبونی گەیشتبووە لوتکە . ژنەکەپێچەوانەی مێردەکەی دەیویست ئارامی بکاتەوەو بێ دەنگی هەڵبژارد . ئەو کەسەی بەدیار ئەو دیمەنەوە دانیشتبو بە هەڵەداوان بانگی ژنەکەی کرد . بۆ ئەوەی بێت و ئەو دیمەنە ببینێت . بەڵام لە چانسی ئەم کارەبا بڕا .....

******* ******* ******

# ( شانازی )

پیاوێك باسی شانازیەكانی ڕابردووی بۆ ژنەكەی دەكرد . .
هەر شتێكی دەووت . .
كوڕە پانزە ساڵەكەی پیَ ی دەوت . .
ئەمە تۆ ! . . .ئەمە تۆ باوكە !
باوكی كەمێك توڕەبوو بە كوڕەكەی وت . .
چیە دەڵیَ ی گاڵتەت بە قسەكانم دێت ڕۆڵە
ژنەكەی هەڵی دایەوو . بە هاوسەرەكەی وت . .
ناهەقی مەگرە پیاوەكە . . هەرچەندە سەیری بچم و بۆدیت دەكەم ئەمانەی تۆ باسی دەكەی بڕوا كردنی ئەستەمە
پیاوەكە هەستاو هەناسەیەكی حەسرەتی هەڵكێشا . .
لەبەرخۆیەوە وتی . .
ناهەقتان ناگرم هەر كۆمەڵگەیەك ڕێزی تیا نەمێنیَ . .
شانازیەكانیشی وون دەبێت . .
دەرگای ژوورەكەی بە توندی دا بەیەكداو . .
لە ماڵ دەرچوو .

# شەڕی فریشتەکان

لانی کەم لە حەفتەیەکدا چوار جار سەردانی پوری دەکرد . زۆری خۆش دەویست و سوێندی بە سەری دەخوارد. هار کاتێکیش لای دەمایەوە دەکەوتە شێلانی پوری و خاوین کردنەوەی ماڵەکەو بە دڵی پوری دەجولاَیەوە .

دوای ماوەیـــەك هـــەموو ئەمانـــە پێچـــەوانە بونـــەوە . . ئـــەم خۆشەویســـتیەی نێوانیـــان گـــۆڕدرا بـــۆ دوژمنایـــەتی، هۆکارەکەشـــی ئەوەبوو کە ئەم پورە نازدارەی بووە خەسوی .

* * *

# ئەزمون

ژن و مێردێکی خاوەن بڕوانامە کە تەمەنیان لەسەرو پەنجا ساڵەوە دەبوو ، بەردەوام شەڕو ئاژاوەیان بوو . . . هەر جارێك کە پێکیش دەهاتنەوە کوڕە پانزە ساڵەکەیان قسەی بۆ دەکردن و دەبووە هۆکاری ئاشت بونەوەیان .

کوڕە بێزاربوو تا ئەوەی کۆچی کرد بۆ ئەوروپا . ئەوەندەی نەبرد ئەم ژن و مێردە بە تەواوی لەیەك جیابوونەوە .

* * *

# ( پەرستیاری مەزن )

پەرستارەکان لە دواوەی بەرەی جەنگەکەدا . . . لە چاوەڕوانیدا بوون کە چارەسەری بریندارەکان بکەن. نزایان دەکرد کە برینی سەربازەکان سەخت نەبێ و کوژراو و ماڵ وێرانی لێ نەکەوێتەوە .
فڕۆکەکان لەچاوتروکاندنێکدا دەستیان کرد بە بۆردومان کردنی بەرەی جەنگەکە. لەماوەی نیو کاتژمێردا هەموو ئەو ناوەیان خاپور کرد .
ئەو قومبەلانەی هەڵیان ئەدایە خوارەوە دەبووە ئامانج بۆ خۆیان و بۆ دوژمنیش.
لە ئەنجامدا کوژراو و بریندارێکی زۆر هەبوون .
پەرستارەکان دەستیان کرد بە چارەسەر . . . پەرستارێك دوای ئەوەی چەند سەربازێکی لەخۆیان تەداوی کرد . گوێ ی لە دیلێك بوو کە لەوسەری خەیمەکانەوە هاواری دەکرد کە بێن بە هانایەوە.
پەرستیارەکە بە دزی ئەفسەرەکەوە. جانتاکەی هەڵگرت و بەرەو لای ئەو دیلە بریندارە ڕۆی . بەزەیی پیادا هاتەوەو تیماری کرد.
ئەفسەرەکە پێی زانی و نەڕاندی بەسەر پەرستیارەکەدا کە چۆن دوژمن تیمار دەکات .

پەرستارەکە . . بە ئەفسەرەکەی وت . . . لەبەر مرۆڤایەتی . . .ئەو مرۆڤە . . کێ ناڵێ ئێستا ژنەکەی یاخود دایکی . . . یان منداڵەکانی چاوەڕێ ی هاتنەوەی ناکەن و لەبەر دەرگاکەیان لە چاوەڕوانی هاتنەوەیدا نین.

من دڵنیام ئەمیش جەنگی پێ خۆش نیە . ئەم حاڵەی پێ خۆش نیە . هەموو کەس حەز لە ژیان دەکات .

ئەفسەرەکە . . . سەرێکی لەقاندو بە هێواشی وتی . . ئاخر ئەو دیلی جەنگە . . ڕووبەڕووی ئێمە وەستاوەتەوە لە شەڕدا لوولەی تفەنگی تێکردوین بە مەبەستی کوشتنمان .

پەرستارەکە وتی . . تۆش ڕووبەڕووی ئەو وەستاویتەوە ویستوتە ئەو بکوژیت. . . ئەگەر گوڵێکت پێ بدایە لەجیاتی فیشەک ئەوا ئەمیش بێ شک سوپاسێکی پێ دەبەخشیت .

ئەم قسانەی پەرستارەکە زۆر کاری کردە ئەفسەرەکە . . .دوای بیرکردنەوەیەکی قوڵ پڕ بە گەروی بە مکەبەرەکە هاواری کرد .

داوا لە پەرستارەکان دەکەم چارەسەری تەواوی دیلەکان بکەن . . . چونکە ئەوانیش مرۆڤن و تامەزرۆی ژیانن .تەواوی پەرستارەکان بە خۆشحاڵیەوە هەستان بە چارەسەری دیلەکان .

هەموو دیلەکان . . . بە ئاوازێکی غەمگین گۆرانیان بۆ مەزنی پەرستارەکان دەوت .

لە چاو تروکانێکدا فرۆکەکانی بەرەی ڕۆژئاوا دەستیان کرد بە تۆپبارانی ئەو ناوچەیە ، تەواوی ئەو شوێنەیان بە یەکجاری خاپور کرد هیچ کەس بە زیندوییی نەما . . تەنها کەسێك کە مابوەوە ژنە پەرستارەکە بوو کە هاواری دەکرد کەسێك بیٚ بە هانایەوە . . . تا ئەوەی لەنێو ئەو کاولکاری و چەڕە دوکەڵەدا دواین هەناسەی دا.

# ( هەموو شتێك ئارامە لە بەرەی جەنگدا )

دیلەکانیان بە ئۆتۆمبێلێکی واز دەگواستەوە بۆ ناوچەیەکی تر .

ئەم دیلانە ماوەی بیست ڕۆژ لە جەنگێکی سەختدا بون . . . تەواوی ئەو ماوەیە جگە لە بۆنی باروت و دوکەڵ و کاولکاری هەستیان بە هیچی دی نەکردبوو.

وازەکە بە تولە ڕێگایەکدا دەڕۆی کە ئەم بەراوبەری پڕی گوڵ و گوڵزارو. دارستانی چڕ بوون .

یەکێك لە دیلەکان لە سەیارەکە خۆی هەڵداوو بەرەو نێو دارستانەکە ڕای کرد .

چەند سەربازێکیش بە تەقەکردنەوە دوای کەوتن .

دیلەکە چووە ناو کۆمەڵێك گوڵی هەمەجۆرو لیٚ ی ڕاکشا . . . بە خۆشحاڵیەوە سەیری گوڵەکانی دەکردو دانە دانەی گوڵەکانی بۆن دەکرد ... هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و چاوی بڕیە ئاسمان و . . . دایە قاقای پێکەنین .

سەربازەکان پێیان زانی و چونە سەری بینیان . . . ئەم دیلە زۆر خۆشحاڵە . . . یەکێك لە سەربازەکان ویستی بیکوژێت .

دیلەکـە . . بـێ ئـەوەی خـۆی تێـك بـدات . . . بـە سـەربازەکەی وت : تکایە جارێ مەمکوژە با تاوێك بۆن و بەرامی ئەو گولانە مێشکم پڕ بکات . . . دەزانی . . چەندین وەختە ئێمەی مرۆڤ . . . دیلی جەنگین . . دیلـی ناوشـیارین . . دیلـی . . بـێ ئاگـا لـە جوانیـەکانی ژیـان . . دەکوژین . بەدیل دەگرین و دیل دەکرێین . بەڵام هیچ کام لە ئێمە لە ئەنجامی ئـەو جەنگـە . . تەنەکـەمان نەکردۆتـە زێـڕ . . بـۆنی باروتمـان نەکردۆتـە بـۆنی میسـك . . . لـە بـری ئـەوەی مـن بکوژێـت . . . وەرەو هاوڕێکانیشمان بانگ بکە . . . با بە ئاشتەوایی و بە ئارامی بۆنی ئەو گوڵانە بکەین دوور لە جەنگ بین و نەفرەت لە دیلێتی بەکتری بکەین .

سـەربازەکان لـە شـوێنی خۆیانـدا تاسـابوون . سـەیرێکی یـەکتریان کـردوو . . . تـەواوی چـەکەکانیان فڕێـدا . . ئـەوانیش لـەنێو گـوڵ و گوڵزاردا غەرق بوون و بانگی تەواوی دیل و سەربازەکانی کەشیان کرد . . . هەمووان لەنێو ئەو گوڵ و گوڵزارەدا قاقا پێدەکەنین و بەیەك ڕیتم هاواریان دەکرد هەموو شتێك ئارامە لە بەرەی جەنگی خۆرئاوادا . . .

***********************

# ( دیلی شکۆدار )

دیلەکانیان فڕێدابووە دالآنێکەوە . . ئاوی بارانەکەش لەژێر کونی جەمەلۆنەکانەوە دەهاتە خوارەوە بۆ نێو دالآنەکە. جێگایەکی وشك نەمابوو کە دیلەکان بتوانن تیایدا دابنیشن. ناچار بەو هەموو ماندووبون و پەشێواویەوە بەپێوە وەستابوون و جگە لەوەش سەرتاپای گیانیان ئاوی لێ دەچۆڕا. حاڵیان تێکچوبوو . باری دەروونیان بەرەو تەقینەوە دەڕۆی . . تا ئەوەی بەیەك دەنگ هەموویان هاواریان دەکرد . . بمان کوژن زۆر باشترە لەوەی بەم جۆرە بین . . . ئاخر . . . مرۆڤ چۆن وا وامەڵەی لەتەکدا دەکرێت . . وەرن با چارەسەرێك بدۆزینەوە . . . دڵنیابن هەر کام لە ئێمە بە ئارەزوی خۆمان نەهاتوین بۆ ئەم جەنگە . . . کێ هەیە حەز بە ئازادی و ژیان نەکات . . کێ حەز بە دیل بون و کۆیلەیی دەکات . . ئەگەر گوێتان لێمانە . . وەرن با وەك مرۆڤ . . چارەسەرێ بدۆزینەوە . . . وەرن با یەکتری نەسڕینەوە ئاخر بە دەست خۆمانە . ئەم ژیانە بکەینە دۆزەخ یاخود بەهەشت .

ئەفسەرێك کە دوو سەربازی لەگەڵدابوو هاتە نێو دالآنەکەوەو چەترەکەی هەڵدا . . ڕوی کردە دیلەکان و وتی . . من گوێبیستی ئەو قسانەی ئێوە بوم . . ئەوە ناخی دڵی هەمووتانە .

هەموان بەیەك دەنگ وتیان . . . بەڵێ . بێ گومان . . ئەفسەرەکە وتی . . ئەی بۆ هەر لە سەرەتاوە ئەمەتان نەدەزانی تا ئەوەی جەنگ ڕونەدات ...ئێستا کە دیلن و لەبەردەستی ئێمەدان ناچارن لەم جۆرە قسانە بکەن .

یەکێك لە دیلەکان هاتەپێشەوە کە لەتاو سەرما هەڵدەلەرزی بە ئەفسەرەکەی وت . .تۆ عاشق بوویت ؟!

ئەفسەرەکە سەرێکی باداو وتی . . بێ گومان . . . دیلەکە زەردەخەنەیەك گرتی و وتی . . کەوایە حەقیش بدە بە ئێمە ئەگەر عاشق بین . ئەفسەرەکە ئحمێکی بۆ کردوو وتی . . تێ ناگەم تۆ دەتەوێت چی بە من بڵێیت.

دیلەکە دەستی کرد بە گریان و بە قوڕگی نوساوەوە ووتی . . . هەمووومان ئاشقین بە خاك . . بەڵام ڕێمان پێ نادرێ هەوای ئازادی تیا هەڵمژین و بەرگری لێ بکەین.

هەموان ئاشقین بە مرۆڤ بونمان . . کەچی یەکتری نابوت دەکەین . . هەموان ئاشقین بە ژیان کەچی تابوت دەکەینە دیاری بۆ یەکتری لەجیاتی بەختەوەریمان .

هەموان ئاشقین بە زەردەخەنە کەچی یەکتری دەکەینە گریان . . هەموان بێزارین لە جەنگ . . کەچی ئاشقین بە شەڕ کردن . . هەموان ئاشقین بەوەی کە بە ئازادی یەکتری ببینین . کەچی ژوانەکانمان لە

کاتی دیلبونمانە . . بۆیە  کاکی ئەفسەر تۆ عاشق نیت . . گەر عاشق بویتایە ئەمانەت بە باشی دەزانی.

ئەفسەرەکە چەترەکەی لابرد . . تەواوی جەستەی وەك دیلەکان تەڕبوو . . فرمێسك لە چاوی دەهاتە خوارەوە . سەیرێکی تەواوی دالأنەکەی کرد. بە توڕەییەوە وتی . . ئەم دیلانە نابیٚ لەم شوێنەدا بن . . هەموویان بگوازنەوە شوێنێکی شیاو . . تەواوی دیلەکانیان گواستەوە ، تەنها کەسێك لەنێو ئەو دالأنەدا مایەوە سەربازێکی لاو بوو . . . کە لەتاو سەرما. گیانی لە دەست دا . بۆیە پرسەیەکی شکۆداریان بۆ ئەنجام داو دواجار هەموو دیلەکانیان ئازاد کردو بەڵێنیان بەیەکدی دا بەرەی جەنگی لای باشور هەمیشە ئارام بێت .

************************************

## ( گەنجی نەبەرد )

دوژمن . . تەواوی شارۆچکەکەی داگیر کردبوو . . تەواوی خەڵکی ئەو شارۆچکەیە یان کوژرابوون . . یاخود چووبوونە دەرێ . . ئەوەش مابوەوە لە ژن و پیاو و منداڵ . هەموویان بە دیل گرت.

ئەفسەری دوژمن بە دووربین سەیری ناوچەکەی دەکرد بینی دوو سەرباز کوڕێکی گەنجیان بەدەستەوەیەو بەرەو لای ئەم ڕاپێچی دەکەن . . گەنجەکەیان هێنایە بەردەم ئەفسەرەکە.

ئەفسەرەکە دوربینەکەی لابردو بە پۆزەوە بە گەنجەکەی وت . . . ها کوڕی لاو چۆنە ڕات نەکردووە . . دیارە چاونەترسی؟!

لاوەکە . . بە متمانەوە وتی . . خاکی منە بۆ ڕابکەم . . . ئەوە تۆیت دەبێت لە خاکەکەمدا هەڵبێیت.

سەربازەکان . . میلیان هێنایەوە . . وتیان گەورەم بیکوژین . . . زمانی زۆر درێژە . . تا هێنامان . چەند قسەی ناشرینی بە ئێمەش ووت.

ئەفسەرەکە وتی نا . . . دیارە ئەم گەنجە زۆر لە خۆبایی و چاونەترسە . ڕوی کردە لاوەکەو وتی . . دەزانی ئێستە تۆ دیلی لای ئێمەی . ئارەزووی ئێمەیە بژیت . . .یاخود بمریت.

گەنجەکە وتی . . ڕۆژێك هەر دەبێت بمرین. بەڵام سەربەرزانە . . . من پێم وایە تۆ دیلیت نەك من ، چونکە تۆ دیلی سەروخۆتیت چیت فەرمان پێ بکەن وەك کۆیلە جێ بەجێ ی دەکەیت .

ئەفسەرەکە سەری سوڕما . . . کە ئەم لاوە بەو جۆرەیە وتی . . ڕات چیە. من کە ئێستا زێدی تۆم داگیر کردوە.

لاوەکە وتی . . ڕام وایە . . ئێوە قێزەونن . . داگیرکەرن . هەربۆیە هەر شتێك بن مرۆڤ نین

دڵنیابە ئەگەر دەسەڵاتیشم هەبێت پێیە گڵاوەکانتان دەسڕمەوە لەسەر ئەم خاك و خۆڵە.

ئەفسەرەکە وتی . .ئەی هەر لە سەرەتاوە بۆ دەستت نەدایە چەك . . شەڕ بکەیت لەگەڵماندا؟ تا پارێزگاری لە شارۆچکەکە بکەیت ؟

گەنجەکە وتی . . ئاخر وامزانی مرۆڤایەتی هەیە و هەمووان دەبێت بۆ یەك ئامانج بژین. ئەویش پێکەوەژیان. وتم . . لەوانەیە هەموو شتێك بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن چارەسەری هەبێت. ئێمە نەمان ویستووەو نامانەوێت خوێنی کەس بڕژێت . تەواوی خەڵکی ئەم شارە ئارامن و نەفرەت لە جەنگ دەکەن بەڵام دیارە ئێوە جگە لە ئاژەڵ چیدی کە نین .

سەربازێك بە ئەفسەرەکەی وت . . گەورەم ئەوە ناهێنێ گوێ ی لێ بگری . با وەك سەگ بیتۆپێنم ئەو یاری بە عەقڵمان دەکات .

ئەفسەرەکە لەسەربازەکە توڕەبوو . . .بە بیستنی قسەکانی ئەو گەنجە کەوتە سەر ئەژنۆ و بیری دەکردەوە  سەرنجێکی شارۆچکەکەی دا کە جگە لە چەڕە دوکەڵ هیچی کەی نەدەبینی . . ڕوی کردە سەربازەکان و  بە هێمنیەکەوە وتی . . کێشەکە ئەوەیە ئێمەی مرۆڤەکان بیرکردنەوەمان جیاوازە . . . ئەگەر هەموان وەك ئەم گەنجە بیرمان کردایەتەوە هەرگیز ئەم شتانە ڕویان نەئەدا. . .دەستی خستە سەر شانی لاوەکەو پێی وت . .  کوڕی لاو . . تۆ ئازادیت دەتوانی بڕۆیت. . . کارمان بەتۆ نیە . . ئەمڕۆ وانەیەکی باشی منت دا .

گەنجەکە وتی . . ناڕۆم . . تا ئێوەش شارەکەم چۆڵ نەکەن . . .چونکە بە بینینتان وا هەست دەکەم هەر دیل بم .

ئەفسەرەکە فەرمانی دەرکرد شارۆچکەکە چۆڵ بکەن . . لە دورەوە سەیرێکی شارۆچکەکەی کردو وتی : هەموان دەبینە دیلی پارە . . . دیلی ڕەش بینی . . ناموس . . یەکتر قبوڵ نەکردن . . .بەڵام نابینە دیلی پێکەوە ژیان . . . دەنگی چەند تەقەیەك بیسترا . . . ئەفسەرەکە بە خێرایی ئاوڕی دایەوە بینی تەقەکان لە بەرەیەکی ترەوە کراونەتە ئامانج بۆ ئەو گەنجە . ئەفسەرەکە بە خێرایی چووە سەر لاشەی گەنجەکەو چاوی پڕ بوو لە فرمێسك . بەڕێزەوە سڵاوێکی بۆ لاشەی ساردەوەبووەی گەنجەکە کردوو فەرمانی بە سەربازەکان کرد کە ڕێزێکی تەواو لەم لاشەیە بگیرێت و بە شکۆوە بنێژرێت.

- بیرکردنـەوە . . مەودایـەکی فراوانـی هەیـە بـۆ ناسـینی خـود . . ئـەوە نیـازی ئێمەیـە . . ئـەو مەودایـەمان تەسـك کردۆتـەوەو بـیر ناکەینەوە. . هەر بۆیە نە خۆمان باش دەناسین و نە ئامادەشین یەکتر بناسینەوە.

- گـەر بمانـەوێت . . لـەم ژیانـەدا هـەموو شـتێك بـە ئـارامی گـوزەر دەکـات . . ئـاخر ئـەوە ئێمـەین . . دەبینـە ئاسـتەنگ لەبـەردەم ئارامیەکانـدا . . کەچـی هەمیشـە گلـەیی دەکـەین . . کـە بۆچـی ژیان ئارام بەخش نیە .

ئازاد پێنجوێنی

# زەمەن دەگەڕێتەوە

لە گزنگی بەیانیەکی خۆرهەتاودا ، پیاوێکی فرمێسکاوی لەنێو باخی نێو حەوشەکەیاندا، تەنیا و تەنیا لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو. بەدیارگوڵە هەمە جۆرەکانی ناو باخچەکەی ، لەچاوەکانیدا بینم تروسکاییەك هەستی پێ نەدەکرا.

لەدڵیدا جگەلە حەسەرەت و ناڵە ، خۆشیەك ، شادیەك، نەمابوو بۆژیانی ، لە رۆحیدا سەرابێکی سوتماك کە گڕی لە ویژدان بەردەدا، ئەوم بینی، تێڕامانی بۆ گوڵەکان بوو، فرمێکسی تنۆك تنۆك دەڕژایە نێو باخەکەو، ئاوێتە دەبوونە نێو دروونی گوڵەکان . لەو حەوشەدا ژیان وەستابوو، هەناسەیەکی ئارام بوونی نەبوو، جوانیەك هەستی پێ نەدەکرا، چەند قەلەرەشێکی نەگریسیش بەسەر ئەم پیاوەوە ، جار ناجارێك دەیان قیژاند. کە بووبووە هۆی ئالۆزبوونی هزرو ئەندێشەی . گوڵە هەمە جۆرەکانیش لق و پۆپیان داچەماندبووە بەسەر یەکتردا و، هەموویان پرسەیان دەگێرا بۆ زەمەن. خۆ ئەگەر فرمێسکی هیوای ئەم پیاوە نەبوایە ئەوا هەرزوو ئەم باخچەیە دەبووە خەرابات. ئەم پیاوە پڕ لە حەسرەت و ناسۆرە، کاك( عومەر ) بوو، ئەو باوکی شەهید کارزان بوو، ئەو سێبەرو سایەی دنیای داهێنانی نۆتەکان و ئاوازە غەمگینەکانی کوڕەکەی بوو، کە گەنجینەیەکی

پــڕ لــە هیــوا خــۆی خســتبووە سەرپشــت بــۆ خەونــەکانی کاکــە کــارزان وهاوڕێکـانی ... ئـاخر ئـەوان ، داهێنـەر ، لێـزان، بۆدنیـای موسـیقا خوڵقـاو، خەونێکی ئاڵتونی ، جیاواز بۆ ژیانیـان ، لـە چاوانیانەوە هـەردەم ئاسۆیەك بەدی دەکرا، بۆ تێڕامانی چرۆی پیرۆزییەکان .

بەڵام لەناکاو هەموو شتێك گۆڕدرا، هیواکان لـەناوبران، داهێنانـەکان لــە گــۆڕنران، خەونــەکان ســەربڕان، ئاینــدە گەڕێندرایــە دواوە، زەمــەن وەستێنرا، هەموو شتێك وەك ژیلەمۆی لێهاتوو، ئاسمانیان تەنی.

بـەڵێ، ئـەم پیـاوە هەمیشـە لـە خـەمێکی گـەورە و قوڵـدا بـێ مرۆتانـە، هەناسەی بۆ ژیان دەدا، بەهەنسکەوە سەری هەڵبڕی بـۆ ئاسمـان و بـەکاوەخۆ بە رۆحی "شەهید کارزان"ی ووت :" کارزان گیان ، رۆڵەکەم، تۆلـە کوێیـت؟ بۆن و بەرامی گوڵە نێرگز و رێحانەیە، رۆژە ڕێیـەك دەڕوات، بـەڵام بـی تـۆ، بۆنی هیـچ کـام لەوانـە ناکـەم، دەزانیـت نەهەسـت بـەبوونی بـاران و نەهـەتا ونەسایە دەکەم..

مـن لـەنێو ئـەم حەوشـەی ئـەم ماڵـە پرلەپرسـەیەمدا بـەردەوام بـۆنی تـۆ دەکـەم، هەسـت بـەتۆ دەکـەم، تـۆ هـەتاو، تـۆ بـاران و، تۆژیـان بوویـت، مـن نابیستم وەکو جاران کە بەپەنجە ئالتونیەکانت ، ئاوازی ژیانت بـە کەمانجـە خنجیلانەکـەت، بـۆ دەهۆنیمـەوە، مـن لێـرە تـەنها دەنگـی بایـەقوش و قەلەرەشـەکان نـەبێت، کەتـەواو بڕسـتیان لـێ بڕیـوم، هـیچ ئـاوازێکی دیکـە نایەتە بەر گوێم.

ئاخ.... ئەوساتانەی کە تۆ بویت بەسەر حەوشەی ئەمماڵەوە، چەندەها باڵندەی جوان سەردانیان دەکردم، گوڵەکانی نێو باخچەکە سەمایان دەکرد، بەلاّم کە ئێستا تۆ نیت ، هیچ شتێك لەم گەردوونە ، بۆمن ووجودی نەماوە، تەنها و تەنها ئاوازەکانت و کەمانچە بێ نازەکەت نەبێت.

کەمانێك، کە بەژێیە تۆزگرتوو غەمگیەنەکانی چەندەین ساڵە ئاوازەکانی بەر گوێم دەکەون ئاسوودەم دەکەن، کەمانچەکەت بێ دەرەتانە ، لە گۆشەیەکی ماڵەکە هەنسك دەدات، بۆدیدەنیت.

ئەم پیاوە ، سەری دانەواند، چاوی بڕیە، گوڵەکان، کۆمەڵێك پەپولەی رەنگاو رەنگی بینی، بەخێرایی ، فرمێسکەکانی سڕی و جوان سەرنجی دا، بۆی دەرکەوت ئەمانە پەپولەی راستەقینەن، بەڵکو خەیاڵ نین... کەمێك ئارام بوویەوەو ، لەبەر خۆیەوە ووتی :" بەراستی، سەیرە، لە دوای بەجێهێشتنی رۆحی کارە گیان، تا ئەم ساتەش پەپولەکان نەهاتوون بۆ ئێرە، ئاخر ئەوان لەگەڵ رۆحی ئەودا، کۆچیان کرد، پێی سەیری بوو، بەئەستەم هەستاو چووە نێو باخچەکە،بینی گوڵەکانیش بە دەم چرۆکردنەوە سەما دەکەن، نمە ، نمە باران دەباری، زەردەخەنەیەك بەروویدا دەرکەوت، دەنگی ئاوازی کەمان، کە ئاوازێکی دڵخۆشکەریان بەدیدەکرد، بەر گوێی کەوت، چەند باڵندەیەکی رەنگی سپی بەسەر حەوشەی ماڵەکەوە باڵە فڕییان بوو، بۆ ئاوازی نەمری دەیانخوێند.

" عومەر" هەناسەیەکی هەڵکێشاو ، ووتی:" بۆ لەپڕ هەمووشتێ گۆڕا، تۆبڵێی زەمەن نەگەرابێتەوە، ئاخ ، بریا وا دەبوو!... یەکێك لە پەپوولەکان بەئەسپایی پێی ووت :" ئەچین بۆ شوێنێك وەرە لەگەڵمان.. تکایە وەرە.. ئەوێ شوێنێکە تەنها ئەوانەی بە رۆح ئازار دەچێژن و بەدوای پەپولە باڵ شکاوەکان دەگەڕێن، تەنها و تەنها ئەوان بۆیان هەیە، بچنە دیدەنی ئەم شوێنە.

لەچاوترکانێکدا نەپەپولوکان و نەباڵندەو، نەباوکی کاکە "کارزان"ی جوانەمەرگ دیار نەمان، تەواوی حەوشەکە،بەدیارنەمانی ئەوان، فرمێسك رێژ بوو، بەنمەی باران و، ئاورنگی سەر گەڵاو گوڵی حەوشەکە، کە سەرتاپای زەوییەکە بوو ، رەنگێکی خۆڵەمێشی دەنواند....

ئەم باوکە پڕ لە حەسەرەتە، کاتێك چاوی کردەوە، لەنێو شارێکی پەپولەدا خۆی بیینەوە، هەستی کرد لێرە ، هەموو شتێك جیاوازە، رۆئیای بۆ دیدەنی ئەم شارە، ئارامییەکی تەواوی دا بە دەروونی.... جگەلە ئاوازێکی نامۆ و غەلبە غەلبی هێمنانەی پەپولەکان و سەمای درەختەکان ، هەستی بەهیچ تر نەدەکرد... زۆر خۆشحاڵ بوو، زەردەخەنەیەك بەروویدا دەرکەوت، هەنگاوێك چووە پێشتر، کاتژمێریکی گەورەی بینی لەوەدەچوو کاتژمێرەکەی "بینجامین بۆتۆ" بێت.

دەنگێك پێی ووت:" عومەر، چاوەڕێی چیت ؟ ! خێرا ئەم میلی کاتژمێرە بگەڕێنەرە دواوە ، ... ئەویش وایکرد... هەرئەوەندی زانی .. زەمەن

گەڕایەوە، بەهاوڕێییەتی پەپولەکان بەدەروازیەکدا تیپەڕی .. چی ببینێت ... چاوی بەکاکـە "کـارزان " و"فرمـان " و هاوڕێکـانی کـەوت ! !، لـە خۆشـحالیدا گەشـایەوەو، بەتاسـەوە ، باوەشـی کـرد بەهەموویانـدا، ئـەوان سەرقاڵی پرۆڤەکردن بوون بۆ کەرنەڤالێکی مۆسیقا بۆ جوانییەکانی ژیـان و زەردەخەنـەی نەورەسـەکان " کـارزان" سـەیرێکی بـاوکی کـردوو وتـی: بابـە گیان، پێت خۆشە لەگەڵ هاوڕێکانم، سەمفۆنیایەکی تەمەنت بۆ ساز بـدەین، باوکی بەهێواشی ووتی :" بێگومان ، کارە گیان، من عـەودالْم بـۆت، دەی مـن گوێـدەگرم... "کـارزان" دەسـتی "فرمـان" ی گرتـوو چـووە نـاو هاوڕێکـانی، ئاوازێکیان سازکرد، بە رۆحی پاکیان، بەلاّم چ ئاوازێك ، کـە سـەرتاپا هـەموو ئـەو شـارەی هێنایـە سـەما، پەپولـەکانیش بەچـواردەوری بـاوکی دا، دەیـان جریواند و باڵندەکانیش نەغمـەی پـڕ گـەروویان لێـوان لێـو بـوو لـە هـۆزان. عومـەریش ئاوێتـەی نێـو سـتاڤ ئـەو کەرنەڤاڵـە بـوو، بـەریتمی سـەرنج راکێشی ئەو ئاوازە ، ئەم چەند وشـەیەی کـردە گۆرانییـەکی ئەبـەدی و ، بـە خەلاّت دای بەهەموویان..

ووتی :" دڵی پڕ لەماندوو و حەسـرەتم هـاوارو ڕۆ ڕۆیـەتی ... لەوکاتـەوەی نەمدیون و بۆ چرکەیەکیش نەم دواندوون .. ئەم کەرناڤاڵـە بـەردەوام بـوو، "کارزان " و هاوڕێیەکانی چووبوونە دنیـای خـەونو ئاواتـەکانیان، بـەردەوام بـوون، لـە ژەنـینی مۆسـیقا، " عومـەر" یـش بـە نیگـای چاوە مانـدووەکانی وێنەی راستەقینەی ئەوانی دەگرت وبۆی دەکردنە، تابلۆی نەمری.

دەنگی میلی کاتژمێرەکە، هەموو شاری پڕکرد، لەپڕ هەمووشتێ گۆڕا، رەشەبایەکی شووم هەڵیکرد، تروساییەك بەدی نەدەکرا، تا ئەوەی دەنگێکی بێزارکەر هاواری دەکرد" ... بەروار .. بەروار ... ئەمرۆ ، (٤/١٧ )ە ، تکایە ئالەتەکان وردوخاش بکەن، رۆحەکان هەنجن هەنجن بکەن، پەپولەکان بەپێیەکانتان پان بکەنەوە، ئای خودایە. چ کارەساێك بوو، میلی کاتژمێرەکە هاتەوە شوێنی خۆی ، زەمەن وەکو خۆی لێهاتەوە، نەباڵندەیەك، نەپەپولەیەك ، نەبارانێك ، وجودی نەما، تەنانەت، گوڵەکانی نێو حەوشەکەش رەنگیان پێوە نەمابوو، رەش داگیرسابوون. هەموو شتێك ، بەدۆخێکی خراپدا تێدەپەڕی، تا لەدوا ساتدا، "کاك عومەر" بەوە بەخەبەر هاتەوە، کە دایکە جەرگ سوتاو، بەش مەینتیەکەی " کاك کارزان" لەخەوەکەی رای پەراندوو، بەئەسپایی پێی ووت:"

- عومەر گیان هەستە، ئەی نازانی بەیانی ( ٤/١٧)ە ، یادی کارە گیان و هاوڕێکانێتی ...

کاك عومەریش هەناسەیەکی هەڵکێشاو ، دەستی دایەکەمانەکەو، لەنێو دەرگای حەوشەکەوە، بەهەڵەداوان رۆیشتوو، بەتەواوی لەچاوان وون بوو....

⋆ لە فیلمی بینجامین بۆتەوە هاتووە، کە کە کارکتەری نێو فیلمەکە کاژمێرێکی گەورە دروست دەکات ، میلەکەی بەپێچەوانەوە دادەنێت. بۆ ئەوەزەمەن بگەڕێنێتەوە ، چونکە کورەکەی لەجەنگدا کوژراوە ، دوبارە دەیەوێت بەبینینی شاد بێتەوە.

## سوپاس بۆ . . . .

- شێخ مەحمودی شێخ کاوەی حەفید .
- بەڕێز ( بابەکر دڕەیی )
- عبدالقادر شکاك .
- ئامانج حمە سعید هەڵە بجەیی .
- ڕزگار شێخ علی ( رۆژگار ) .
- ڕەوەند پێنجوێنی . ( هونەرمەندی لاو )
- حمە علی عمر کاکی .
- مامۆستا عومەر ( باوکی شەهید کارزان و فەرمان ) .
- محەمەد کەیفەر .
- کەمال ئەحمەد غەریب . ( دەرهێنەر )
- حەسەن جەباری .
- مەریوان مەسعود . ( رۆژنامەنووس )
- جەلال شەمەیی ( پ.م ) دێرین .
- سامانعوسمان . ( شێوەکار و نواندنکار ) کە ئەرکی بەرگی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ .
- هونەرمەند ( ئاکۆ شارۆشی ) .
- مامۆستا ( ئەنوەر برزو ) .

## شەهیدانی ڕێگای ئاوازەکانی ژیان




شەهید کارزان




شەهید فەرمان



شەهید رێبوار



شەهید ئازاد



(( مرۆڤێکی ناوازە . . باوکێکی دەگمەن ))

– مامۆستا عومەر – (باوکی شەهید کارزان و فەرمان )



- وێنەی نووسەر لەگەڵ مامۆستا عومەر -



ئیسماعیل تاڵەبانی شاعیر　　　ئازاد پێنجوێنی

## کێن ئەوانەی بەرەو وێستگەی نەمری نارۆن .

ئەوانەن . . کە شەیدای باهۆزو ڕەشەبان . .

بە بارینی باران قەڵس دەبن . .

پشتیان کردۆتە ئارامی

تاڵی دەچێژن بۆ ڕابردوو

بن بەست دەبن بۆ ئایندە . .

گوڵەکان پان دەکەنەوە شەیدای دڕك و داڵن . . . عەشقیان کۆنکرێت کردوە .

پێشبڕکێ ی بەفیڕۆدانی کات دەکەن و هەمیشە لە خەوێکی سامناکی قوڵدان . . عەقڵ و ویژدانیان نەبوەتە دەروازەی ڕاستیەکان . . ئەمانە ئەوانەن کە لەمێژە کۆچی دواییان کردووە. . تەنها بە جەستە دەژین . . کەوایە هەرگیز بۆ ژیان دەست نادەن . . . لە ئاست بینینی ڕێگاکانی وێستگەی نەمریدا نابینان.

# کێن ئەوانەی بەرەو وێستگەی نەمری دەڕۆن

ئەوانەن . . کە بە شیرینیەوە دەڕواننە ژیان.

هاوڕێ ی شنەباو تنۆکی بارانن.

هەنگاویان بۆ رابردوو . . . تیّ ڕامانە بۆ داهاتوو.

کات بە فیڕۆ نادەن و لە خەونەکانیشیاندا ووشیارن .

دڕك لە گوڵەکان جیادەکەنەوەو . . چاویان لەسەر ئارامیەکانە .

مێژوو نانوسنەوە . . بەڵکو دروستی دەکەن . . ڕاستیەکان وەك خۆی وێنا دەکەن.

عەشقیان کردۆتە سمبول بۆ ناسینی خود . . ئەوانەن کاتێك چاو لێك دەنێن دوای خۆیان بەرهەمێکیان جێهێشتووە بۆ مرۆڤایەتی . . ئەوان نامرن و . . . هەر دەژین . . هەر کاتێکیش ویستمان لەسەر بێت دەتوانین بە ئارامی لەنێو وێستگەی نەمری بەدیداریان شادبین.

**ئازاد پێنجوێنی**

# نووسەر لە چەند دێڕێکدا



- ناوی تەواو : ئازاد أکرم علی (ناسراو بە ئازاد پێنجوێنی ) .
- لەساڵی ١٩٨٥ ەوە بێ دابڕان لە کاری شانۆ و فلیم سازیدا وەك ئەکتەرو دەرهێنەرو سیناریۆ نوس کارم کردووە.
- یەکەم بەرهەمم کتێبی ( ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن ) (٢٠١٧) کەوتە بەر دیدەی خوێنەران .
- بەرهەمی داهاتووم زنجیرەی دووەمی (ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن).

کەسێك باوکی باڵنـدەی بۆ دەکرێت... ئەویش ئازادیان دەکات .
کەسێکی تر باوکی باڵندەی بۆ دەگرێت ... ئەویش دەیانفرۆشێتەوە.
کەسێك ئاواتەخوازە .. چنگی پڕبێت لە گەنم و باڵندەیەك بێتە سەر
دەستی و لە گەنمەکە بخوات .
کەسێکی تر .. تامەزرۆیە .. هەرچۆنێکبێت ئەو باڵندەیە بگرێت و
ملی هەڵکێشێ و ... بیخوات !
کەسێك شەیدای بارانە .
کەسێکی تر .. شەیدای باهۆزو رەشەبایە !
کەسێك خوازیاری ژیانێکی دۆزەخە بۆ هەموان..بەس خۆی لە بەهەشت بێ!
کەسێکی تر .. ئاواتەخوازە بۆ کۆمەڵگەکەی بژی نەك بۆ خۆی .

خۆتان دادوەربن ...کام لەم مرۆڤانە بەرەو وێستگەی نەمری دەڕۆن ؟

Station of immortality

Azad Penjweni